١٠

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی



ڕێبوار حەمەتۆفیق

١٠ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

ڕێبوار حەمەتۆفیق

ناوی کتێب: ١٠ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
گێڕانەوەی: ڕێبوار حەمەتۆفیق
دیزاین: هەرێم عوسمان
وێنەکانی بەرگ: هونەرمەند (ڕێبوار خالید تاهیر)
شوێنی چاپ: تاران
تیراژ: ٥٠٠
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢١

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی (١٥٥٨)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێ دراوە.

ناوەرۆک:

پێشەکی:

ئەو (١٠) لێکۆڵینەوەیەی لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٦ بۆ ٢٠٢٠) نووسراون و بەپێی مێژوو ڕیزبەند کراون. چۆن لە پێشتردا هاتوون، بە هەمان شێوە ئامادە کراونەتەوە، تەنها لە ڕووی ڕێزمانی و ڕێنووسەوە دەستکارییان کراوە. تایبەتن بە بەرهەمی شاعیران (نالی، سالم، کوردی، موفتی پێنجوێنی، تایەر بەگی جاف، قانع، گۆران، مەلا پەرێشان) و ڕۆمانی (تاریکستانی لم)ی (سەلاح عومەر) و دەقی فۆلکلۆریی (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی). زۆربەیان بەپێی ڕێبازی زانستی نووسراون، هەندێکیشیان میتۆدی هاوبەش و جیاوازیان لەگەڵدا بەکار هێنراوە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی لە دیدار و ڤێستیڤاڵدا پێشکەش کرابن، یان لە گۆڤاردا بڵاوکرابێتنەوە، لە شوێنی خۆیاندا ئاماژە بە کات و شوێن و بۆنەیان کراوە. دەتوانرا بە پێی سەرچاوە و زانیاری زۆرتر جارێکی تر دایان بڕێژمەوە، بەڵام ئەم کارەم بە ناهەقی زانیوە و لەگەڵ ئەزموونی خۆم و مێژووی نووسینیاندا بە ڕاستگۆیی ماومەتەوە. نەک لە هیچیان پەشیمان نیم، بەڵکو شانازیشان پێوە دەکەم و هەر یەکەیان گوڵێکن لە باخچەی نووسین و ژیانم. خۆزگەم وایە بە چاوی ڕۆژگاری نووسینیانەوە ڕەخنەیان لێ بگیرێت و ئەگەریش شایستە بوون، لە بەکارهێنانیاندا وەک سەرچاوە و ژێدەر ئاماژەیان بۆ بکرێت.

ڕێبوار حەمەتۆفیق

سلێمانی/ ٢٠٢١

(قانع) و فەرهەنگی ئایندەبینی[١]

کایەکانی ژیاننامەی فەرهەنگی قانع[٢]

به سـەرنجدان له دۆخـی (فەرهەنگـی، کـۆمەڵایەتی، ڕامیـاری و ئاینی... هد)ی کۆتایی سەدەی نۆزده و سی ساڵی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم، گەورەتـرین گۆڕانکـاریی کـایه جۆراوجۆرەکانمـان بەرچـاو دەکەوێـت. جـگه لەوەی ڕووداوەکـانی دوو جەنگـی یەکەم و دووەمـی جیهانی کاریگەرییان لەسـەر بوارەکـانی ژیـان بـەجێ هێشـت، گـۆڕانی چینــایەتی و ســەرهەڵدانی بیــری سۆشیالیســتی و بــزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی له گرنگترین ئـەو گۆڕانکارییانـه بـوون که کەم تا زۆر له لایەک کاریگەریی فەرهەنگییان لەناو نەتەوەکاندا پەیدا کرد، له لایەکی تریشەوە، بیری تاک و سەربەستی له نـاوخۆدا بـه جۆرێـک هێنایه جۆش که جارێکی تـر خوێنـدنەوە بـۆ جیهـانبینی ئـەم کایانـه بکرێت.

ئاڵوگۆڕەکانی ئەم ماوەیه به جۆرێک خێـرا و کتـوپڕ ڕوویـان دەدا که بیـری مـرۆڤ بـه لای خۆکـۆکردنەوەدا بـەرێت. له بـواری شـیعردا، مەبەستی نوێ هاته کایەوە، بیری شاعیر لەوە دەرچوو تەنها بۆ تیری ئەبرۆ، زوڵفی عەنبەر، باڵای شمشادی و لاولاو بێت. بیره چیتر کەوته گۆڕانی هەندێک تێگەیشتنی نوێ دەربارەی مەبەستی ئاینی و وەسفی دووبـارەکراو، تـاڕادەیەکی وا گەشـەی کـرد و لـه ژیـانی نـوێ نزیـک بووەوە که بتوانیین دوو قۆناغ بۆ ژیاننامەی شاعیر دیاری بکەین.

قۆناغی یەکەم:

ئەم قۆناغە، بۆ بنەماڵەی شاعیر و شاعیربوونی هەریەک لە باپیر و دایکی دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی (١٩١٢ – ١٩١٣)ەوە دەست پێ دەکات. کاتێک قانع دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە و لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە ئاوێتەی حەز و خولیای ئەدەبی دەبێت. هەروەک خۆی دەڵێت (لە تەمەنی پازدە ساڵیمەوە هەروا کەم کەم دەستم کرد بە هۆنینەوەی ئەم هۆنراوانە.)[٣] دیارە لە پشت ئەم سەرەتایەشەوە تروسکایی خوێندەوارییەک دەبینرێت کە دەستی شاعیری گرتووە و خستویەتییە سەر وتنی شیعر کە خوێندەواری ناو حوجرەکانە. قانع لەم خوێندەوارییەوە دەستی پێ کردووە و دەقی ئەدەبی نووسیوە. بەرهەمە سەرەتاییەکانی شاعیر دەرهاویشتەی بیر و ڕۆشنبیریی ئاینییە و سەر بەو نەرێت و ڕێبازەیە کە لە ڕوانگەی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە لاسایی پێشینی خۆیان دەکەنەوە و وەک ئەوان ئاراستە و قاڵبی زمان و بیری خۆیان داڕشتووە. ئاشکراشە کە شیعر لەو سەردەمەدا لە دوو لایەنەوە جێگەی گرنگیدان بووە، یەکەم: لە لایەنی دیاریکردنی توانا و لێهاتویی فەقێ و مەلاکان، دووەمیش: لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە کە پلەیەکی بەرزی هەبووە و بناغە و دامەزرێنەری کەسێتیی سەرکەوتووی نیشان داوە.

سەرەتای شاعیربوونی ئەم سەردەمەی قانع، وەکو هەر خوێندەوارێکی تری هاوسەردەمی خۆی، هەڵگری خوێندەوارییەکی ئاینی بووە و هەروەکو ئەوان (بە پێی نەرێتی فەقێیەتی ئەو ڕۆژگارە لە سوختەییەوە دەستی پێ کردووە. بەر لەوەی بە تەواوی فێری

خوێندنەوە و نووسین ببێت، جاروبار شیعری سەرزەنشتی داناوە و هەر ئەمەش بووە بە بنچینەی شاعیرێتی دواڕۆژی... شیعر لەو کاتەدا شەوچەرەی کۆڕی شەوانە و کەرەستەی ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر بووە، بۆیە ئەمیش یەکێک بووە لە سەوداسەری بازاڕی شیعر)[٤] ئەگەر ئاوڕ لەو بەرهەمە سەرەتاییانەی شاعیر بدەینەوە، بە ئاشکرا ئەم ڕاستییەمان بۆ بەدی دەکرێت، وەک لە هۆنراوەکانی (درودی پێغەمبەر، وەسفی وەهاب، خواپەرستی، سورەتی والليل و... هد)دا دیارن. هەروەها لەم هۆنراوانەشدا کۆمەڵێک وشەی وا دەبینرێن کە دەرهاویشتەی ئاگاییەکی ئیسلامییانەی ئەو کاتەی شاعیرە، وەک وشەکانی (وهاب، کونجی محراب، لوقمان، حەزرەتی خەیرولبەشەر، میعراج، نوح، کاف و نوون و... هد) دیارە گەنجینەی ئەم ڕۆشنبیرییەی شاعیریش بۆ خوێندن و خوێندنەوەی ناو حوجرە و ئەو ڕۆشنبیرییە دەگەڕێتەوە کە لەوێوە وەری گرتووە. لەبەر ئەوەی (قانع زیاتر لە دوازدە ساڵ لە مزگەوت خوێندویەتی و شارەزایی ئەو زانستانە بووە کە لە مزگەوتدا خوێنراون)[٥] و بریتی بوون لە: عەقیدە، سەرف، نەحو، بەلاغە و چەند بابەتێکی تر. لەم گۆشەنیگایەشەوە پێگەی ڕۆشنبیریی ئاینیی شاعیر لە دوو لایەنەوە خۆی دەخاتە ڕوو:

یەکەم: دووبارەکردنەوەی ڕوخسار و ناوەرۆکی شاعیرانی پێشتر، دیارە (مەبەستی ئاینی)یش یەکێکە لەو مەبەستانەی کە لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی و میللیی لاسایی کراوەتەوە.

دووەم: پەیوەندی بەو ڕۆشنبیرییەوە هەیە کە شاعیر لە هەناوی خوێندنی حوجرە و گفتوگۆ و تێڕامانی خۆیەوە پێی گەیشتووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە (د. تاهیر) لە نامەی دوکتۆراکەیدا یەکێک لەو هۆکارانەی کە وای لە قانع کردووە هۆنراوەی ئاینی بنووسێت بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی و گرێدانەوەی هەستی ئاینی بە هەستی نەتەوەییەوە گەڕاندووەتەوە، ئەوەی ڕاستی بێت پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی هۆکاری وتنی هۆنراوەی نەتەوەییە لای شاعیر نەک ئاینی. خۆ ئەگەر مەبەستی لە جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی بێت لە ڕێگەی هەستی ئاینییەوە، ئەمەشیان هەر وا نییە، چونکە بە ئاوڕدانەوە بۆ ئەو هۆنراوانەی قانع نووسیونی، بوونی ئەم کاریگەرییە بەرچاو ناکەوێت و ئەوە نابینیین کە مەبەستە ئاینییەکە بزوێنەری هەستە نەتەوەییەکە بێت، هەر وەک چۆن لە چامەکەی (نالی) بۆ (سالم)دا دەیبینیین، یان لای هەندێک شاعیری تر بە ئاشکرا هەستی پێ دەکەین. بە کورتی دەتوانیین بڵێین: ڕۆشنبیریی ئەم قۆناغەی شاعیر، ڕۆشنبیرییەکی ئاینیی و لاسایکەرەوانەیە و وەک پێشینانی خۆی سەرنج دەدات. چ لە ڕووی ڕوخسار و چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە هیچ وێنەیەکی وای تێدا نابینین کە پێش خۆی تێپەڕاندبێت. کەواتە زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین بەشێکی زۆری بەرهەمە سەرەتاییەکانی شاعیر، کە لە دیوانی یەکەم و دووەمیدا (گوڵاڵەی مەریوان) و (باخچەی کوردستان)دا هاتوون، بەرئەنجامی ئەم ڕۆشنبیرییەیە. با سەرنج لەم چەند نموونەیە بدەین:

لە (درودی پێغەمبەر) دا دەڵێت:

پاش بەجێهانینی سوپاسی خوا
بێنە سەر باسی حەزرەتی لولا
ناوی یاسین و ئەحمەد و مەحمود
داکی ئامینە بابی عبدالله

لە (سورەتی واللیل)یشدا دەڵێت:

سورەتی وەلەیلە باسی زوڵفی شاهەنشا ئەکا
ساد جلوەی چاوی کاڵی حەزرەتی والا ئەکا
دەستی من دامێنی تۆ یا حەزرەتی خەیرولبەشەر
من سەگی ئەومە کە مەیلی سورەتی تاها ئەکا

لە (یارمەتی لە خوا)شدا دەڵێت:

لە بسمیلا تەڵەب کە عززی عوقبا
لە بسمیلا تەڵەب کە ئیشی دونیا
لەناوی وەحدەت و یونس لە زک حوت
بە ئاسانی نەجاتی بوو لە دەریا

چەندین نموونەی تریشمان هەن کە تایبەتن بە سۆزی قانع لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمەکەیدا. بۆ نموونە لە چەند جێگەیەکدا تێهەڵکێشی شیعری قانع لەگەڵ (حافیزی شیرازی)دا دەبینیین، وەک دەڵێت:

شفا و لاڵەم وەهایە، ڕۆژی میعاد

(ز خوبی روی خوبت خوبتر باد)

هەروەها ئەم لاسایی و دووبارەکردنەوەیەی مەبەستەکانی تریشی گرتووەتەوە کە لەو سەردەمەدا باو بوون، وەک کاتێک لە وەسفی (کچ)دا ڕەنگدانەوەی (نالی) دەبینرێت:

کوڕ بەبێ شک هەوری تاڵە، هەر وەکو پەروینە کچ

کوڕ وەکو خاشاک و خارە، سۆسەن و نەسرینە کچ

بۆ نەخۆشی و دەردی ئاشق، دوکتەری شافی کچە

کوڕ وەکو هەنگی دڕندە و شانەیی هەنگوینە کچ

هەر ئەم کاریگەرییەشە قۆناغی یەکەمی ڕۆشنبیریی شاعیر دەبەستێتەوە بە قۆناغی دووەمەوە و ڕۆشنبیریی قانع بە بەردەوامی لە شیعرەکانیدا دەهێڵێتەوە، کە دواتر لە لەسەری دەدوێین. واتە: لەگەڵ کارتێکردنی شیعری شاعیرانی تر لەسەر بیر و هۆشی قانع، جارێکی تر هەوێنی ڕۆشنبیرییەکی نوێ سەرهەڵدەدات، بەڵام بۆ جۆرێکی تر و بە مەبەستێکی تر.

قۆناغی دووەم:

پاش نزیکەی چارەکە سەدەیەک بەسەر ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و کایە جۆراوجۆرەکان، ئیتر سەرەتای قۆناغێکی نوێ دێتە ئاراوە، بە جۆرێک کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بنچینەیی ڕوو دەدەن و

وا دەکەن ئاراستەی بیری مرۆڤایەتی پێ بنێتە قۆناغێکی ترەوە. لەو ئالۆگۆڕانەش (هەڵگیرساندنی هەر دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، پەیدابوونی کۆدەنگی نوێ بەرانبەر دەرەبەگایەتی، پەیدابوونی بابەت و مەبەستی تر بۆ وتنی هۆنراوە، لەدایکبوونی هەندێ بڕوا لە هەناوی کۆمەڵدا و بوێریی چەند شاعیر و نووسەرێک بۆ دەربڕینی ئەم بڕوایانە و... هد) وایان کرد کە شیعریش پێ بنێتە قۆناغێک کە لەگەڵ ئەم بیرە نوێیە و ئەو ئالۆگۆڕانەدا خۆی بگونجێنێت. ئەوەبوو (لە نیوەی دووەمی بیستەکاندا، کۆمەڵێک دەنگی شیعری دەرکەوتن کە هەمان بواری هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و تۆوکردنی گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوەییان بڵاو دەکردەوە، وەک: بێکەس، قانع، ئەسیری و... هد)[٦]

ئەگەرچی قانع لە نووسینی هۆنراوەی کوردیدا داهێنەری بیری نەتەوەیی نییە، بەڵام لە قاڵبی تایبەتمەندیی خۆیدا پاڵپێوەنەر و مامۆستایەکی بواری دەربڕین و چۆنێتیی بەڕێکردنی ئەم ئاراستەیە. چونکە شاعیر نەهاتووە هەر مەبەستە شیعرییەکانی شاعیرانی پێش خۆیی و سەردەمەکەی دووبارە بکاتەوە، بەڵکو ڕێچکەیەکی گرتووە کە بۆ سەردەمەکەی شتێکی نوێ بووە. ئەو لە کاتێکدا لاسایی دەکردەوە کە بە شێوە گشتییەکەی (پلەی فەرهەنگ و تێگەیشتنی خەڵک لە ڕادەیەکدا نەبوو بتوانێت بەرەنگاری ئەم نەزمە بێت و تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە، بەڵام شیعری قانع ئەم بەحرە مەند و ئارامەی شڵەقاند و شەپۆلی ڕق و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی خستە ڕێ.)[٧]

ئەگەر ئاوڕێـک لە شـاعیرانی پـێش قـانع بـدەینەوە، چەنـدین ئەستێرەی درەوشاوەی ئەدەبی کوردیی دەبینین، بەڵام قانع نەهاتووە وەک هونەرەکـانی بـواری شـیعر (تێهەڵکـێش، پێنجخشـتەکی... هـد) کـەڵکیان لـێ وەربگرێـت، بـەڵکو هـاتووە پەیوەنـدی لەگەڵ چەنـد شاعیرێکدا بەستووە کە هەم بە شاعیری نەتەوەیی ناسراون و هەمیش وەک ئەو بابەتەی کە قانع هونەرەکەی تێدا بەکار هێناوە، نەتەوەیین. ئەمەش بەڵـــــگەی ئەوەیە کە لەم قۆنـــــاغەدا کـــــاریگەریی و لاساییکردنەوەی شاعیر بە شیعری شاعیرانی پێش خۆی، پێی ناوەتە شێوە و جۆرێکی تـرەوە، هەروەکـو (بورهـان قـانع) دەڵێـت (زۆربەی شـیعری ئەو شـاعیرانەی کـردووە بە پێنجخشـتەکی کە پەیوەنـدیی فیکریـی و ئایـدۆلۆژی لەگەڵیانـدا هـەبـووە.)[٨] دیـارە مەبەسـتی لـە (موفتی پێنجوێنی، بێکەس و ئەحمەد موختار بەگی جـاف)ـە. ئەمە جگە لە ناوهێنانی کۆمەڵێکی زۆر لە خەباتکاران و شۆڕشگێڕانی وەک (قازی محەمەد، شێخ مەحموودی نەمر... هد) لە شیعرەکانیدا.

دە سـاڵی چلەکـانی سـەدەی بیسـتەم بە سـەردەمی ڕۆشـنبیریی چالاک و پڕ بەرهەمی ناوەرۆک بەهێـز و پـتەوی قـانع دادەنرێـت، ئەو کاتانەی کە شاعیر ڕێچکەی تایبەت بەخۆیی پەیدا کردووە و هـەر لەم مـــاوەیەدا شـــەقڵی ڕێبـــازی سۆشیالیســـتانە و شۆڕشـــگێڕانە بە بەرهەمەکـانیەوە دیـارە. لەم سـەردەمەدا، قـانع تەنهـا بە وەسـفی نەتەوەیـیەوە نەوەسـتاوە، بـەڵکو ئاسـۆی بیـری پەلـی بـۆ ئایـندەش هاویشتووە. (خەباتێکی فەرهەنگیی درێژخایەنی دەست پـێ کـردووە، بـۆ ئەوەی کـۆمەڵانی خەڵـک بەرەو هۆشـیاری و ئاگـادارییەکی زیـاتر

ئاراستە بكرێت، تا بۆ خۆیان بتوانن چارەسەری دەرد و ئازاری كۆمەڵی خۆیان بكەن.)[٩] قانع لە هەناوی ئەم ڕۆشنبیرییەوە ئایندەبینیی خۆی بەرانبەر بە (خوێندن، ئافرەت، سیاسەت، مۆسیقا... هد) نیشان داوە و خاوەنی بیرێكی ڕۆشنبیرانە و نوێخوازانەیە، چونكە ئەو وەک ڕۆشنبیرێک (گەشبینە بەرانبەر دوارۆژ و هونەرەكەی لە خزمەتی جەماوەردا دادەنێت و شێوەی هونەریی شیعرەكانی لەگەڵ ئاستی هۆشیاریی جەماوەردا دەگونجێنێت و دەیكاتە هۆیەكی پەروەردەیی بەرەو گەشەپێكردن و بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی.)[١٠] قانع ڕۆشنبیرە، چونكە وەک شاعیرێک (توانیویەتی خەیاڵەكانی لەسەر بناغەیەكی پتەو دابڕێژێت كە خاوەنی تیۆر و فەلسەفەیەكی زانستی بێت و بتوانێت لەبەر ڕووناكیی واقیعی سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییدا پێشبینی ئایندە بكات.)[١١] لەم بارەیەوە چەند نموونەیەكی شیعری هەن، وەک لە پێنجخشتەكی لەسەر شیعری (موفتی پێنجوێنی)دا دەڵێت:

ئەی كوردە دەبا بەس بێ ئیتر باری ڕەزالەت
حاسل كە لە ئەم عومری خەساراتە نەدامەت
گوێت شل مەكە تۆ، بۆ وتەی پوچ و سەفاهەت
(ئەی سەربەسەر، تاكەی لە سەرت ماوە جەهالەت
چاو هەڵبڕە نەختێ، بەسە ڕەفتاری قەباحەت)

لە پێنجخشتەکی تردا لەسەر شیعری (بێکەس) دەڵێت:

مژدە بێ وا چاوی کردۆ کۆمەڵی لاوانی تۆ
سەیری مێژوو کە و بخوێنە، دەفتەر و دیوانی تۆ
بێنە بەرچاوت ئەساسی دەبدەبەی بابانی تۆ
(نەگبەتی لا چوو، سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ
کەوکەبی بەخت و فریشتەت بەرزە ئەدرەوشێتەوە)

بۆ ئارامگای (شێخ مەحموودی نەمر) دەڵێت:

کەس نەڵێ ئەم بێشە چۆڵەو، ئەم زەعیمە مردووە
قارەمانی بێچووە شێری کوردستانە، نووستووە
پێت بلێم چی کردووە بۆ خزمەتی کوردی هەژار
لاپەڕەی مێژووی بە خوێنی ئاڵی خۆی نەخشاندووە

بۆ (قەڵەم و زانین)یش دەڵێت:

قەڵەم قوربانی نوکت بم، دەبێژە فەسحەت و گوفتار
وەکو حاتەم دەبشکێنە خەزینەی جەوهەری ئەسرار
لە بەحری عیلمی وەحدەتدا، نەدەی لافی هونەرمەندی
نە جێگەی ئەقڵە بۆ بیر و نە ڕێگەی نوتقە بۆ گوفتار

هەر لەم لایەنەوە بەرهەمی تریشی هەیە، وەک (دەعوەتی قانع و وەڵامی سێ پرسیار، قانع و هەڵپەڕکێ، قانع و مۆسیقا، قانع و سینەما،... هد)[١٢]

دەتوانیین بە پێی سیاقی کایە جۆربەجۆرەکان، ڕۆشنبیریی قانع لە سێ ئاراستەی جیاوازدا ببینینەوە، ئەوانیش (ڕۆشنبیری ئاینی و تەقلیدی، ڕۆشنبیری هەڵبژێراو و تەقلیدی و ڕۆشنبیری کارا)ن و تەمەنی ئەم سێ جۆرەش بە پێی ڕیزبەندیی بەرهەمەکانی لە لایەک و سیاقی کایەکانیش لە لایەکی ترەوە ڕێکخراون، بەجۆرێک کە بە ڕۆشنبیریی ئاینی تەقلیدی دەست پێ دەکات و سات بە سات کاڵتر دەبێتەوە تا دواساتەکانی تەمەنیشی بەردەوام دەبێت، کە زیاتر لە مەبەستە شیعریی (ئاینی، دڵداری و هەجو)دا دیارە، یان هەندێک جار وەک بیرەوەری و موجامەلە (نەک وەک پاڵنەر) لە مەبەستەکانی تریشدا بەکار هێنراوە. هەرچی ڕۆشنبیریی هەڵبژێراو و تەقلیدیش هەیە، زۆرتر پەیوەندی بە هۆنراوە نەتەوەییەکانەوە هەیە و لە کاتێکدا وتراون کە شاعیر لە خوێندنی حوجرە و ئاینی دابڕاوە. ڕۆشنبیریی کاراش لە سالانی چلەکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێ دەکات و ئەو بەرهەمە شیعرییانە دەگرێتەوە کە زۆرتر بۆ مەبەستی سیاسیین، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئایندەبینی قانع بۆ بابەتەکان لە هەناوی ئەو ڕۆشنبیرییەوەیە کە لە بیستساڵی کۆتایی تەمەنیەوەیە و لە جۆری ڕۆشنبیری کارادایە، هەر لەم ڕۆشنبیرییەشەوە بیری سۆسیالیستی تێکەڵ بە بەرهەمەکانی کردووە. قانع ڕۆشنبیرێکی ئایندەبینە، ڕۆشنبیرە بە هەموو ئەو واتایانەی کە ڕۆشنبیر هەیەتی و (مرۆڤێکە هەموو بوونی خۆی بە هەستێکی ڕەخنەگرانەوە بارمتە دەکات و ئامادە نییە فورمولە ئاسانەکان و

بیروباوەڕە پەککەوتووەکان قبووڵ بکات و سازش بۆ وتە و کار و کردەوەی هێزە تەقلیدییەکان بکات.)[١٣]

لە نێوان (وەسێت)و (ئایندەبینی)دا:

وەسێت جگە لەوەی لە ئەنجامی دۆخێکی دەروونی نزیک مەرگ یان دوای مەرگ لەدایک دەبێت، ڕەگی خۆشی لەناو گرفتێکی دەروونی وادایە کە هەمیشە هەست بکات ئایندە بەو جۆرە نییە کە ئەم پێشبي دەکات. ئەو کەسەی وەسێت دەکات، خۆی لە کاتی مردندا دەبینیتەوە. چونکە وەسێت هێندەی پێی لەناو ئایندەدایە لەناو ئێستادا نییە. ئەمە بەو واتایەی لەو کاتەدا وەسێت خۆی ئاشکرا دەکات کە لە ئایندە بە گومانە و لە ترسی ئەوەدایە بەو جۆرە نەبێت کە ئەم بیری لێ دەکاتەوە، یان لایەنی کەم ئایندە بچوکتر و کەمتر لە ئێستا خۆی بنوێنێت. بۆیە دەتوانیین بڵێین وەسێتکەر ئایندەبینێکی بە گومانە، کەسێکە دەیەوێت بەشدار بێت لە کاتی دوای مەرگی خۆیدا. ئەو دەیەوێت ڕێکخەری ئایندە بێت بەو توانایەی کە لە ئێستادا هەیەتی. وەسێتکەر کەسێکی نوورانی و دادپەروەرە، لە هەمان کاتدا داگیرکەر و مافخۆری کات و شوێنێکی تریشە (ئەو کات و شوێنەی کە ئەم مافی تێیدا نییە.) لێرەوە پێویستمان بەو جیاکردنەوە واتاییەیە کە چەمکی وەسێت هەیەتی و لەسەر سێ پایەی سەرەکی وەستاوە، ئەوانیش (وەسێتکەر، وەسێت بۆکراو و بابەتی وەسێت)ن. بەبێ بوونی هەر یەک لەم پایانە، ناوەرۆکی وەسێت چییەتی خۆی لە دەست دەدات.

ئەرکی وەسیێت لە هەموو سەردەمێکدا بەستنەوەی ئێستایە بە ئایندە و بە پێچەوانەشەوە. ئەمەش لە پێناو ڕێکخستنی ئەو سێ پایەدایە بە یەکەوە، بەڵام سەبارەت بە بابەتی وەسیێت، لە کاتێکەوە بۆ دەمێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە گۆڕاندایە. هەر ئەم بابەتەشە واتای وەسێت لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر دەگۆڕێت و نەرێنی و ئەرێنی وەسێت دیاری دەکات.

هێنانی وشەی وەسیێت لە بیری قانعدا بۆ ئەو ڕۆشنبیرییە دەگەڕێتەوە کە بە ڕۆشنبیریی ئاینی ناومان برد و لە ئاینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە،[١٤] بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە لە فیقهی ئیسلامی و شەریعەی ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە بە گەڕانەوە بۆ پێناسە جۆراوجۆرەکانی ئەم لایەنە لە لایەک و ناوەرۆکی بابەتییانەی مەبەستە شیعرەکانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چەمکی (وەسیێت) بە واتایەکی خوازەیی بەکار هێناوە و بەو شێوەیە نییە کە لە هەناوی شەریعەتەوە هەڵهێنجرابێت کە بریتییە لە (ما اوجبه الموصی فی ماله – بعد موته تبرعا)[١٥] یان وەک هەندێکی تر دەڵێن (تملیک مضاف الی مابعد الموت علی سبیل التبرع عینا کان او منفعه)[١٦] بە سەرنجدان لەم پێناسانە و چەندان پێناسەی تر، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وەسێت گواستنەوەی مافێکە لە وەسێتکەر (الموصی)ەوە بۆ وەسیێت بۆکراو (الموصی له) ئەو مافەش بە (محل الوصی)ە دەبێت کە لە هەموو کاتێکدا یان شت (مال) یان کەڵک و قازانج (منفعه). (محل الوصیه)یە هەر

کامیان بێت هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە (قانع) بەو واتایە بەکاری نەهێناوە.

وەسێت لە شیعرەکانی قانعدا پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە. بەجۆرێکە کە لای هیچ شاعیرێکی تری ناو ئەدەبیاتی کوردی نایبینینەوە. قانع هاتووە لە چوارچێوەی حەوت شیعردا ناونیشان و ناواخنی بۆ تەرخان کردووە. (وەسێت بۆ خەنجەر، وەسێتی دایک بۆ کچ، وەسێتنامە، وەسێت بەپێی ڕۆژگار، وەسێت بۆ کوتەک، وەسێت بۆ وریا و وەسێت)دا[(١٧)]

وەسێت و ئایندەبینی دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون، بەجۆرێک ناکرێت لە یەکیان داببڕین. وەسێت، دەرئەنجامی پێشبینیکردنی ئایندەیە و ئایندەش لەناو وەسێتدا وێنا کراوە. ئەو کاتەی قانع وەسێت بە شیعر دەردەبڕێت، بە واتای ئەوەیە شاعیر دەیەوێت بەو شێوەیە وێنای ئاینده بکات کە خۆی ئارەزووی دەکات، یان گومانی لێ دەکات کە نەیەتە دی. بۆیە دەیەوێت جۆرە ڕێکخستنێک لە نێوان ئێستا و ئایندەدا دروست بکات. وەسێت، بینینی ئایندەیە بەو ئەندازەیەی کە ئامۆژگاری لە ئەمڕۆ و ئێستادا هەیەتی. بە واتایەکی تر، وەسێت، ئامادەیی ئامۆژگارییە لە سبەینێ و داهاتوودا. هەر ئەمەش جۆرە پێکەوەگرێدانێکی ڕێزمانییانەی دەمی (ڕابردوو) و (ڕانەبردوو)ی بەیەکەوە هەیە. ئەو بابەتانەشی کە دەبنە ناوەرۆک و مەبەستی وەسێت، هەمان ئەو بابەتانەن کە بۆ ئایندەن.

وەسێت لای قانع، بۆ یەک بابەت و یەک کەسایەتی و یەک ڕەگەز و ئاراستە نییە، بەڵکو ناوەرۆک و مەبەستی گۆڕاوی هەیە و

ئەو شیعرانەی شاعیر تایبەت بە وەسێت وتوونی، لەیەک کات و سەردەمدا نەیوتووە و باری هەمەلایەنەی ئەو هۆنراوەیە بۆ (خەنجەر)ی وتووە لە زۆر لایەنەوە لەوەی بۆ (کوتەک و وریا)ی وتووە، جیاوازە. ئەگەر خاڵی هاوبەشی نێوان وەسێت و ئایندەبینی لەوەدا بێت کە لە ڕووی بابەتەوە بابەتەکانیان لەیەک دەچن، ئەوا لە ڕووی کاتەوە جیاوازن، چونکە وەسێت دۆخێکی ئێستاییە و ئاراستەی خۆی بۆ ئەو ئەنجامەیە کە لە داهاتوودا هەیە.

وێنەکانی ئایندەبینی لە وەسێتدا، بە پێی ئەو بابەتانە دەردەکەون کە وەسێتەکەی لەسەر بنیات نراوە، بۆ نموونە لە هۆنراوەی (وەسێت بۆ خەنجەر)دا ئایندە (نەتەوەیی، ئابووری و ڕۆشنبیریی)ـانەیە و پێکەوە دەبنە ئایندەیەکی فەرهەنگی بۆ ئەو (حەیاتە جاویدانە)ی کە قانع وشەکانی (نەتەوە، کاسبی، سەنعەت، گفتوگۆ، زەحمەت و هونەرمەندی) وەک (ئیسپات) بۆ هێناوەتەوە. واتە: وێنەی ئایندە لای قانع ئەو کاتە هەمیشەیی و جاویدانەیە کە (خەنجەر)ی کوڕی بەو پێیەی شاعیر وێنەی ئایندەی لە بەرانبەردا بۆ کێشاوە، بجوڵێتەوە، ئەوانیش (لە کاسبیدا وەک شێخ، لە سەنعەتدا وەک غەربی، لە گفتوگۆدا شاری، لە زەحمەتدا وەک کوڕی لادێیی...) (لە نەتەوەییبوونیشیدا هێندە ڕاستگۆ تا بەخشینی گیانی خۆی و شەهیدبوونی)

گەرەکتە وارسی من بی، حەیاتی جاویدانت بێ

حەیاتی جاویدی ڕۆڵە، بە چامی بۆت بکەم ئیسپات

لەڕێی خامی وەتەن کوژرای، شەهیدی فی سبیللای

شەهیدیش زیندووە دایم، بە نەسسی زاهیری ئایات
لە کەسبی کاسبی شێخ بە، لە سنعەتدا وەکو غەربی
بە گفتوگۆ کوڕی شاری، بەزەحمەت وەک کوڕی دێهات

لە هۆنراوەی (وەسێتنامە)دا، ئەگەر چی وەکو بابەت ناونیشانی گەورەتر و گشتگیرتری بۆ دانراوە، بەڵام جگە لەوەی ئەگەر سەرنجی زمانی وەسێتەکە بدەین دەبینین ڕووی لە تاکە و داخوازییەکە بۆ کەسی دووەمی کۆیە، سەرلەبەری ناوەرۆکەکەی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی و لایەنی خوێندن و خوێندەوارییە، وەک لە دەستەواژەکانی (نۆکەری هەرگیز نەکەی، ڕاپەڕە، سەربەستانە بە، بڵێ یا نیشتمان، بخوێنە، بەکوشت دە... هد)دا دیارە و چەند لایەنێکی تری وەک (ڕوو لە قازانجی عوومی و پشت لە خاوەن پارە کە، لافی فەیلەسوفی لێ نەدەی). وەک دەبینیین زمانی وەسێت بە جۆری کرداری داخوازی بۆ ئایندە وتراوە، هەر وەکو لە هەموو وەسێتەکانی تریشدا بە هەمان شێوەیە، بەڵام بە پێی ناونیشانی وەسێتەکە دەبوو گشتگیرتر و هەمەلایەنتر بوایە و بەرانبەر هەر دوو ڕەگەزەکە بکرایەتەوە. هەر لەم لایەنەشەوە زمانی وەسێتی خۆی لە هۆنراوەی (وەسێتی دایک بۆ کچ) لە قانعی نێرەوە بووە بە دایک (مێ) با ناوەرۆکی پەروەردەیەکی دایکانەش بێت بۆ جگەرگۆشەکەی، چونکە بە گوێزانەوەی ڕەگەزی وەسێتی قسەکەر، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. هەروەها لە هۆنراوەی (وەسێت بۆ کوتەک)دا، جگە لە لایەنی نەتەوەیی، هیچی تر بۆ ئایندەی کوتەک باس ناکات.

وەسێتە ڕۆڵە، لە گوێی بگرە وەکو حەلقەیی زێڕ
بۆ بڵندی وەتەنت، ڕۆح بە کەف و هەردی بی
گەر گەیشتی بە معاش و بووی بە مەئمووری یەکێ
نەفرۆشی وەتەنت، هەر بە هیوای مەردی بی

بەڵام لە هەر سێ وەسێتەکەی تریدا (وەسێت بەپێی ڕۆژگار، وەسێت بۆ وریا و وەسێت)دا، بابەتی وەسێت دیسانەوە دەگاتە دوا پلەی ئایندەبینی و سەرجەم لایەنەکانی فەرهەنگی دەگرێتەوە. لە (وەسێت بە پێی ڕۆژگار)دا دەڵێت:

ئەی ڕۆڵە نەبی تالبی ئینسانیی و ویژدان
زینهار نەکەی مەیل و هەوای خوێندن و عیرفان

❊❊❊

بیرێ بکەرۆ بۆ ڕەوش و عیلمی (...ی)
دانیشە لەسەر کورسی، بخۆ بادەیی شادی

❊❊❊

بۆ مەسڵەحەتی خۆت لەگەڵ (جەمعی مەرام) بە
گەهـ پیاوی (شەڕ) و گاهێ بە خەمخۆری (سەلام) بە

لێرەدا دەربڕینەکانی (نەبی تالیبی ئینسانی، نەکەی مەیلی خوێندن و عیرفان، خۆت کەڕ کە، خۆت دانێ بە سەرسەری، دانیشە لەسەر کورسی، بخۆ بادەیی شادی، جرتێ بکەنە، نەفام بە، دوژمن بە هونەر، دۆستی نەزانیین و عەوام بە، پیاوی شەڕ بە... هد)

مەبەست لێیان ناوەڕۆکی ڕاستەقینەیی کردنیان نییە، بەڵکو مەبەست لە نەکردنیانە و ئەوەی وای کردووە مرۆڤ بەو شێوەیە لە ئایندە بڕوانێت ڕۆژگارەکەیەتی، هەروەک لە ناونیشانی هۆنراوەکەدا هاتووە (وەسێت بە پێی ڕۆژگار) هەر لە سەرەتای هۆنراوەکەوە لەوە تێدەگەین کە ئەو ئایندەیەی لە تێڕامانی شاعیردایە، لەگەڵ فەرهەنگیی زانیین و پاکی و مرۆڤایەتیدا نییە بۆیە لە (وەسێت بۆ وریا)دا دەڵێت:

وریا سەد ئامان دایم وریا بە

بۆ هەموو کەسێ چەشنی برا بە

هەروەها دەستەواژەکانی (نە شێخ نە سۆفی نە مامۆستا بە، ئارەق بڕێژە، ڕوو لە هیوا بە، چاکی و پیاوەتی بەر مەدە لە دەس، بۆ گەل و هۆزت دەروون سوتاو بە، نە بەرتیل خۆر نەدووعا نووس نە نۆکەری ئاغا نە شێتی کچان نە شەیدای لووس بە، ڕوو بکەرە خوا...) ئەمانە و دەیان دەستەواژە و بابەتی تر بەڵگەی ئەو ئایندەبینییە هەمەلایەنەن کە شاعیر بۆ وریای کوڕی هەیبووە.
لە (وەسێت)دا دەڵێت:

ڕۆڵە من ئەمرم لە پێشا هۆشی ئیمانت ببێ

بیری هۆز و نیشتمان و ژینی کوردانت ببێ

ڕۆڵەکەم، هێندە بخوێنە ڕووی شارانت ببێ

هەوڵی تەنها خۆت نەدەی، هەر هەوڵی یارانت ببێ

ئەمە و چەندین لایەنی تری ئایندەبینی تێدایە، وەک ئەوەی دەڵێت:

ڕێگەیەکت پێ نیشاندەم تا بژیت بۆ خۆت جوان
پرچی شۆڕی لێ دروست کە و ڕیشی گرژ و لوول و پان
هەروەکو خۆت خەڵقی کەر کە و بیبە بۆ لای شێخەکان
نیوی بۆ تۆ نیوی بۆ شێخ، ڕەنجی سۆفی هیچ نەزان

هەروەها دەربڕینەکانی (بۆ کورد چۆن خۆت دەدەی بە کوشت، پارە پەیدا کە بزانە دینی چی)یش دیسانەوە توانجن بۆ کەسانی نەفس نزم و کەسانێک کە تەنها بە زارەکی خۆیان بە کورد لە قەڵەم دەدەن.

لە هەموو ئەمانەوە تێدەگەین کە:

یەکەم: وەسێت ئایندەبینییەکی ئێستاییانەیە، ئایندەبینییەک کە لەسەر گومانی شاعیر بنیات نراوە و سەبارەت بەو وێناکردنانەن کە دەرهاویشتەی بارودۆخی سەردەمی وەسێتەکەن.

دووەم: ئایندەبینی قانع لە وەسێتدا، باڵی بۆ سەرجەم لایەنەکان کێشاوە. واتە: فەرهەنگیی ئایندەبینی قانع لە وەسێتدا، فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە لە هەموو وەسێتەکاندا (لە هەر حەوت وەسێتەکەدا) یەک بارودۆخ و کەش و هەوای گوتار هەبن و دەلالەت بن بۆ یەک بابەت.

سێیەم: لە هەندێک جێگەدا ئایندە بە شێوەی پێچەوانە خراوەتە ڕوو، ئەمەش لەوەوە نەهاتووە کە قانع بەرانبەر بە ئایندە ڕەشبین بێت، بەڵکو ئەم بەکارهێنانە دەگەڕێتەوە بۆ توانجی شاعیر لە بابەت و سەردەمەکەی.

چوارەم: ئەوەی خاڵی جیاکەرەوەی نێوان جۆری ئایندەبینی بێت بە شێوە گشتییەکەی ئەوەیە کە لە وەسێتدا ئایندە بەو جۆرە دەخرێتە ڕوو کە بیر لە شێوەی گومانکردندایە، بەڵام لە ئایندەبینیدا بە شێوە گشتییەکەی لە شێوەی یەقین و پلەی جێگیردایە.

وێنەکانی ئایندە:

یەکەم: ئایندەبینی و سۆشیالیزم:

یەکێک لەو مەبەستە شیعرییانەی هەر لە کۆنەوە لە شیعری کوردیدا پڕ بەرهەم بووە و شاعیران شیعریان بۆ هۆنیوەتەوە، بریتی بووە لە مەبەستە شیعریی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، بەڵام ئەوەی هەیە بریتییە لەوەی ئەم مەبەستە بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتووە و لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر لە گۆڕاندایە. تەنانەت لە خودی بەرهەمی شاعیرێکی دیاریکراویشدا، شێوەی جۆراوجۆری هەیە، بۆ نموونە لای (قانع) بە سێ شێوە دەرکەوتووە:

١- قانع هەروەکو شاعیرانی پێش خۆیی و سەردەمەکەی، وێنە و وەسفی نیشتمان و دانانی وێکچوواندنی ڕەوانبێژیانە و... هد دووبارە کردووەتەوە. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (سودی وڵاتم)دا وێنەی وڵات لەو میوە و سەوزە و بەرهەمانە دەرناچێت کە لە وڵاتدا بوونیان هەیە. هەروەها لە هۆنراوەکانی (شێوەنی نیشتمان) و (ستایشی مەریوان) و (چی لە خاکدایە)دا و لە چەندین هۆنراوەی تریشیدا، ئەم

لایەنە دووبارە و وەسفە سادە و ساکارانەی نیشتمان و نەتەوەی نیشان داوەتەوە.

٢- شاعیر تەنها بە دووبارەکردنەوە و وەسفکردنی نیشتمانەوە ناوەستێت، بەڵکو دەیەوێت جۆرە پێویستییەکی وا بخاتە ڕوو کە هەنگاو بێت بەرە و ئاسۆیەکی گەش تر، بۆ نموونە لە هۆنراوەی (خوێندن)دا (عیلم) بە جۆرە هۆکارێکی وا ناو دەبات کە پێویستی بێت و ئەوەی کە نەیبێت وەکو ئەوە وایە کە هەڵگری کەرەستەی سواڵکردن بێت، کاتێک دەڵێت:

وەرە بنواڕە لە کورددا ئەوە واعیلمی نییە
حاملی کولەکە و زەرگ و دەف و مەشاکە

هەروەها لە (نەورۆز نامە)دا ڕوو دەکاتە (لاوی کورد) و دەڵێت:

چاوی نووستن هەڵبڕە و بنواڕە دەشت و کۆهسار
خۆت و گاجوتت بەجارێ بچنە مێرگ و مێرغوزار

٣- موتووربەکردنی هەستی نەتەوایەتی سادە و ساکار لەگەڵ گەڕان بەشوێن ڕێگەی ڕزگاریدا لە لایەک و لەلایەکی ترەوە سەفەری شاعیر بۆ مهاباد، بوونەتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بۆ هەڵوێستی نەتەوەیی شاعیر. هەروەک (محەمەدی مەلا کەریم) دەڵێت (سەفەری مەهابادی بۆ ناو کۆمەڵە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی قانعدا دەستی پێ کرد. لەوێ بە چاوی خۆی گەلێ شتی تازەی بینی، هەرچەند سەرەنجامی ئەو تەجرەبە کۆرپەیە ناهومێدییەکی کاتی و برینێکی هەرگیز

سارێژنەبووی لە دەروونیدا دروست کرد، بەڵام ئاسۆیەکی فراوانیشی بۆ کردەوە.)[١٨] نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئەم سەردەمە هاوکاتی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی و پەرەسەندنی سۆشیالیزم بوو لە جیهاندا. واتە (لە سەرەتای چلەکانەوە بە تایبەتی لە ڕۆژگاری دووەمین شەڕی جیهانیدا ڕێبازی سۆشیالیستی وەکو دیاردەیەکی سیاسی زیندوو لەناو شیعرەکانی شاعیردا دەرکەوت و سەری هەڵدا.)[١٩]

باوەڕی شاعیر بە سۆشیالیزم وەک ئایندەبینییەکی حەتمی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرهەمە شیعرییانەی کە لەناو (پاشمەرگەی قانع)دا هاتوون. قانع لەم بەرهەمەدا توانی تێپەڕێنێت و چارەنووسی سۆشیالیستانە بەجۆرێکی وا بەیەکەوە گرێ بدات و بیخاتە ڕوو کە هیچ شاعیرێکی کورد لەو سەردەمەدا نەیکردبێت. بە پێچەوانەی دکتۆر تاهیرەوە کە دەڵێت (شاعیر وەک زۆر لە شاعیران و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بە شێوەکەی خۆی سۆشیالیزمی بە ڕێگەی ڕزگاربوو زانیوە، چونکە بە تاکەڕێگەی داناوە کە بە هۆیەوە چەوساوەکانی نەتەوەکەی ڕزگار بێت لە دەستی ئاغا و دەرەبەگ و ئیمپریالیزم)[٢٠] چونکە شاعیرێکی وەک قانع نەک هەر زۆر نەبووە لەو سەردەمەدا، بەڵکو نموونەشی دەگمەن بووە. (شیعری قانع شیعری دواڕۆژ و دەرەنجامی حەسانەوە و کار و کۆششی گەلە، شیعری ئیشتراکییەت و نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ڕەنجی مرۆڤ و بایەخی کارکردن و باسکوەشاندن و ئارەقڕشتنە.)[٢١] قانع بەجۆرێک سەیری سۆشیالیزم دەکات کە تاکە ڕێگەی ڕزگاری بێت و بەو جۆرە بێتە دی

کە هەر دوو چینــی جوتیــار و کرێکــاران بــۆی بــبن بە داینەمــۆی بەدیهێنانەکەی، هەر وەک مـحەمەدی مەلا کەریـم دەڵێـت (لە ئاسـۆی دوورەوە ئەو تیشـکە بەدی دەکـات کە تـازە دەرکەوتــووە و ڕێگــەی ڕزگــاری بــۆ کــۆمەڵانی فراوانــی جوتیــار و کرێکــار دەربڕیــوە و گەیشتووەتە تێگەیشتی ئەو ڕاسـتییەی کە یەکێتیـی ئەم دوو چیـنە - جوتیــار و کرێکــاران- ســەرکەوتنیان و لەنــاوبردنی هەمــوو جــۆرە خوێنمژینێک دابین دەکـات و بـانگی ڕۆڵەکـانی جوتیـاران و کرێکـاران دەکات تا یەک بگرن و ئەم ڕێگەیە بگرنە بەر.)[٢٢] ئەوەتا دەڵێت:

با هەموو جوتیار و پاڵەو ڕەنجبەران

یەک گرن تا دەبنە هێز و پشتیوان

لە دواتریشدا دەڵێت:

کۆمەڵی سۆشیالیزم بنیات بنێن

تاوەکو ببنە نموونە بۆ جیهان

ئایندەی پێشکەوتن و دادپەروەری لای قانع هێنانەدی سۆشـیالیزمە و تەنهـا لەو ڕێـگەیەوە ئاسـۆی ئاسـوودەیی بـۆ کـۆمەڵانی خەڵـک بەدی دەکات و داوا لە هێزی داینەمۆی بەدیهێنەر دەکـات بـۆ ئەو مەبەسـتە کار بکەن:

وەرن کاریگەرانم هەر وەکو شێر

دەری بێنن خەزێنەی لۆرتی شاران

بە میزانی عەدالەت بەش بەشی کەن

چ فەرقێکی نەبێ سالار و گاوان

بەڵام عەدالەتی سۆشیالیزم بەو جۆرە نییە کە قانع تێی گەیشتووە، چونکە بە بڕوای شاعیر ئەو کاتەی سۆشیالیزم دەچەسپێت کە بەرهەم لەسەر بنەمای یەکسانی دابەش بکرێت و لە چەند جێگەیەکدا ئەمەی دووبارە کردووەتەوە و ئەوەی وەلاوە ناوە، یان لێی تێنەگەیشتووە کە ئەم عەدالەتە لەسەر بنەمای کار دێتە دی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە قانع ئاگای لە لایەنەکانی تری سۆشیالیزم نەبووە، بۆ نموونە ئەوەی کە سۆشیالیزم بیرێکی نێونەتەوەییە و دەشێت ئەم بیرە هەموو جیهان بگرێتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەم مەبەستە کردەوەی شێرانەیە
چەکی شۆڕشگێڕی من نووسین و بیروباوەڕە
ڕاپەڕینە، هەڵمەتی پڕ نەعرەتەی کوردانەیە

سەرەنجامیش سۆشیالیزم و نەتەوە بەیەکەوە گرێ دەدات و دەڵێت:

هەوڵ بدەن بۆ ئاوەدانی و مەعریفەت
تاکو بێنە ڕیزی پێشکەوتوی جیهان
ئەو دەمەش ڕۆڵەی (پرۆلیتاریا)ی کورد
دەبنە ڕابەر بۆ وڵاتی کوردستان

ئایندەی هاتنەدی سۆشیالیزمیش بە حەتمی دەزانێت و پێی وایە ئەمڕۆ یان سبەی هەر دێتە دی (لەبەر ئەوە دڵنیایی خۆی دەردەبڕێت کەوا ئەگەر خۆیشی ئەم سەرکەوتنە بە چاوی خۆی

نەبینێت، نەوەی داهاتوو هەر دەیبینێت و کوردستانێکی سۆسیالیست دادەمەزرێت) و دەڵێت:

ئەگەر بۆ خۆت نەبوو (قانع) مەترسە

نەوەت سەربەست ئەژی بێ زەجر و لێدان

دووەم: ئایندەبینی و بابەتی خوێندن و بیرکردنەوە:

ئەگەر ئاوڕێک لە چۆنێتیی باوەڕی باوی سەردەمی قانع لەسەر خوێندن و بابەتەکانی بیرکردنەوە بدەینەوە، لەوە تێدەگەین کە لە لایەکەوە چەند کەم بوون خوێندەوارانی ئەو سەردەمە و لە لایەکی تریشەوە ئەو باوەڕەی کە لەگەڵ جۆرەکانی خوێندندا هاتبێتەوە کەمینە بووە! خۆ ئەگەر کەسێک بهاتایە لەو باوەڕە باوە لای بدایە، بە لادان لە باوەڕی ئاینی و نەریتی باپیران تاوان باریان دەکرد، بەڵام قانع هاوشێوەی شاعیرانی وەک: پیرەمێرد و بێکەس و ئەحمەد موختار بەگی جاف، لەم بیرکردنەوە باوەی کۆمەڵ یاخی بووە و لە چەند جێگەیەکدا باسی خوێندن و زانست و زانیاری کردووە و بە هۆی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی ناوی دەبات. نەزانینی بە نەخۆشی دەزانێت و پێی وابووە کە گەلی کورد بە خوێندن پێش دەکەوێت و تێگەیشتن دێتە ئەنجام. وای داناوە کە ڕەوتی مەکتەب ئایندەی پڕ لە هیوایە بۆ گەلی کورد و دەڵێت:

ڕۆڵەکەم خوێندن بخوێنە مەکتەبە دەرمانی کورد

تێگەیشتن مەرهەمە بۆ زامی بێسامانی کورد

لاپەڕەی مێژوو ئەزانێ چۆن بوون شێرانی کورد
باسی بابا ئەردەڵان و زەندی و بابانی کورد

لە جێیەکی تردا، ڕوو لە لاوانی وڵات دەکات و لە زمانی ئەوانەوە، ئایندەبینی و سبەینێی ئەوان وا ئاراستە دەکات کە بخوێنن و کۆشش بکەن:

ئێمە کە ئەمڕۆ لاوی وڵاتین
سبەینێ پیاوی جێگەی ئاواتین

❋ ❋ ❋

ئێمە سەعی ئەکەین بۆ سەرکەوتنمان
زۆر چاک ئەخوێنین بۆ پێشکەوتنمان

لە هۆنراوەیەکی تردا، خوێندن و زانست بەوە دەناسێنێت کە جگە لەوەی پشتیوانن بۆ ئایندەیەکی باشتر، وێنەی ئەوەش دەخاتە بەرچاو کە لە سایە و هێزی خوێندنەوەدایە ئەجنەبی چوونەتە سەر ئەستێرە و دەڵێت:

بە سیحری تێ مەگەن عیلمی زەمانە
بخوێنن، چونکە خوێندن پشتیوانە
نەجاحی ئەجنەبی وا ئەچنە کەوکەب
بە هێزی خوێندنە، چاکی بزانە

قانع خوێندن بە هۆی ڕزگاری دەزانێت و پێی وایە خوێندەوار هاوشانی چین و توێژەكانی تر یەكگرتوون بۆ هێنانەدی ڕزگاری:

كۆمەڵانی كوردەواری ئەمڕۆ یەكیان گرتووە
كاسب و جوتیار و پاڵە، پیشەساز و خوێندەوار

لە چەند شوێنێكیشدا وشەی هاوواتا، یان نەرێی بۆ باسكردنی خوێندن داناوە، وەك وشەكانی (عیلم، نەزانین، جەهل، قەڵەم، فیكر، زانست... هد)

بڕوانە لە ئەحواڵی هەموو عیلم و شەریعەت
تێكۆشێ لە بۆ كەشفی هەموو بەحری حەقیقەت

❊ ❊ ❊

دیلی زیندانی نەزانین، مەستی بادەی ماتەمن
بانگ كەنە یەكتر هەمووتان، چونكە ئەمڕۆ بێخەمن

❊ ❊ ❊

چوار شتن ئەمڕۆ كە بوونە نەگبەتی كوردی هەژار
جەهل یەك، بێئەقڵی دوو، دڵ پیسی سێ، داوا چوار
قەڵەم قوربانی نوكت بم، دە بێژە فەسحەت و گوفتار
وەكو حاتەم دە بشكێنە خەزینەی جەوهەری ئەسرار

❊ ❊ ❊

لە باخی فیكری میللەت، تازە نێژرا دارەكەی ئومێد
ئەترسم ڕیشەكێشی كەن، برا بێكارەكانی شەرع

بەڵام لە هەندێک شوێنیشدا بە چاوێکی ڕەشبینییەوە سەیری ئایندەی خوێندن و زانست دەکات. بە پێی سەرنجی بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمەکە، بابەتەکەی ئاوەژوو کردووەتەوە و وەک ڕەخنە لەو بارودۆخە، بە چاوی کەمەوە سەیری کردووە، وەک لەم دێڕە شیعرانەدا دەردەکەوێت:

لە مڵکی زیرەکی کەی داری ئومێد

ڕوا و بەخشی بە خاوەن مڵک سێبەر

❊ ❊ ❊

سێ شتن ئەمڕۆ لە دنیا بێوەجاخ و جێگەدار

شاعیران یەک، عالمان دوو، نیشتمانی کوردەوار

هەروەها بە پێچەوانەی وەسێتەکانی (وەسێت نامە) و(وەسێت)ـەوە، لە (وەسێت بەپێی ڕۆژگار)دا دەڵێت:

ئەی ڕۆڵە نەبی تالبی ئینسانی و ویژدان

زینهار، نەکەی مەیل و هەوای خوێندن و عیرفان

هاودەنگی (بێکەس) لە پێنجخشتەکییەکیشدا دەڵێت:

هەرگیزاوهەرگیز خەیاڵی ژینی سەربەستی مەکەن

تف لە عیلم و زانیاری، بێن و زوڕنا لێ بدەن

کاتێ هاتن جرتی زل زل جاربەجار جووتە بخەن

(گەرچی ئێستا وتومە، تێبگەن زوو پێبگەن

بەو قسانەم ئێوە قەت بڕوا مەکەن، سەگ بووم وەڕیم)

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سەیرکردنی قانع بۆ خوێندن و ئایندەبینی لەم لایەنەوە پڕ هیوا و گەشبینانەیە و ئەوەتا گەیشتن بە مراد و ئەنجامی پڕ هیوای خوێندنن بە هەنگ و دروستکردنی شانە دەچوێنێت و دەڵێت:

ئەی دەسەی خوێنەوار و پاشکەوتوو

کۆبنۆ، یەکگرن، وەکو هەنگ

شان ئەکەن، شار ئەکەن، ئەگەن بە مراد

لە هۆنراوەی (قەلاچۆی دوژمن)دا ئەرکی هێنانەدی ئایندەیەکی باشتری وڵات تەنها بە هەوڵی کرێکار و جوتیار دانانێت، بەڵکو چینی ڕۆشنبیریش بەشداری پێ دەکات و دەڵێت:

هەڵگرن پاچ و بێڵ و قەڵەم

هەر لە ڕۆشنبیر هەتا شوان و سەپان

هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە

دابڕێژن کۆشکی یەکسانی ژیان

ئەم ئایندەبینییە هەر بۆ ڕزگاری وڵات نییە، بەڵکو بۆ لایەنەکانی تریشە، ئەوەتا دەڵێت:

فەلەک! عیلم و نیزامە، تێ نەگەی لێی، چاوت نای بینێ

بخوێنە، تاوەکو ئەسراری گەردوون بێتە ژێر دەستت

سێیەم: ئایندەبینی و چەند بابەتێکی تر:

١- نەتەوە: قانع لە چەند شوێنێکدا ئایندەی نەتەوەکەی وەها نیشان داوە کە ئەگەر بێت و لەسەر ئەو ڕەوتەی ئێستای بڕوات، چارەسەر نییە و ڕزگاری نابێت، بۆیە وتویەتی:

لە بێگانەپەرستی دوور کەون، خزمینە هاوارە

چ خەندەی دوژمنت هەرگیز، دەوای دەردی وەتەن ناکا

تەنانەت لە هەندێک جێگەدا، ئەم ڕێڕەو و نیشاندانەی بۆ کەسانی نەتەوەکەی وای لە شاعیر کردووە کە لە جوڵانەوەی خەڵکی بێئومێد بێت و بڵێت:

(قانعا) تاکەی بە شێتی بۆ وەتەن تەگبیر ئەکەی؟

بێ نەتیجە بۆچی بۆ مردوو، وەها تەقریر ئەکەی

٢- ئابووری: سەیرکردنی شاعیر بۆ لایەنی ئابوریشی هەر لەلایەنی نەتەوەییەکەیەوە بووە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێت (کەلوپەلی بێگانە لەدەرەوە مەهێنن) بۆ ئەو مەبەستەیە کە (پیشەسازی وڵات لە ئایندەدا بەهێز بێت و پێشبکەوێت).

مەنعی بکەن کەلوپەلی بێگانە بۆ وڵات

تا پیشەسازی وڵاتت بەهێز بێت و دەرکەوێ

هانی کوڕی کورد دەدات بۆ کارکردن دەڵێت:

ئەی خاکی وەتەن! چەنکە وەها خەستەکراوی!
گەر شینت نەکەم، ڕووڕەشی دیوانی جەزا خۆم..

هەروەها دەڵێت:

دانەوێڵەی ئەم وڵاتە، قەت بە فیڕۆ دەر مەکەن
تاجی شانازی دروست کەن بۆ سەپانی شارەزوور

قانع، لە هۆنراوەیەکیدا، لایەنی ئابوری و خوێندن و نەتەوە بەیەکەوە گرێ دەداتەوە و دەیانکاتە مەڵبەندی ژیانێکی پێشکەوتوو، لە کاتێکدا ئاراستەی زانیین بەرەو پیشەسازی ئاراستە دەکات و داوا لە خەڵک دەکات کە واز لە خیلافی ئارەزوو بهێنن، چونکە لای شاعیر پێشکەوتنی ڕاستەقینە لەوەدا نییە کە بە پێی خیلافی ئارەزوو بڕۆین بەڕێوە و دەڵێت:

با تەوژمی فیکر و زانین و هونەر
یەک بخەین بۆ پیشەسازی نیشتمان
نەک لە پێناوی خیلافی ئارەزوو
ببنە بورکانێک لە مەڵبەندی ژیان

٣- یاسا و دەستوور: جگە لەوەی قانع یاسا و دەستووری سۆشیالیزم بە یاسایەکی گشتگیرتر و مرۆڤانەتر دەزانێت، هاتنەدییەکەشی بە شتێکی حەتمی زانیوە و داوا دەکات کە یاسا دەبێت سود و کەڵکی بۆ هەموو هەبێت و دەڵێت:

با ڕژێم دانێین، لەبەر سوودی هەموو
ئاشکرا بێ سوودی بۆ پیر و جوان

٤- ئاسایش: لە خەیاڵدانی شاعیردا وەک خۆزگە باسی لێوە کراوە، دەڵێت:

چ خۆشە (قانعا) بێخۆف و ئەندیش
بڵێیت: زاڵم لە کوێیە، من زەواڵم

٥- ئافرەت: بە ئاوڕدانەوە بۆ سەردەمی قانع و بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی بۆمان دەردەکەوێت کە ژیانی هەمەلایەنەی ئافرەت، ژیانێکی پەراوێزخراو بووە و تروسکایی ئومێدیش تەنها لە شیعری چەند شاعیرێکدا نەبێت نەبینراوەتەوە. قانع لە شیعری (سکاڵای نەسرین لای قانع)دا لە زمانی نەسرینەوە قسە دەکات و بەخۆی دەڵێت (بیستوومە، جار جار ناوی ئافرەت دەبەیت، بەڵام بە تەواوی هاوار نییە، بۆچی؟) لەم پرسیارەوە، قانع بەرانبەر ئەو پرسیارە دەوەستێتەوە کە ئایا بۆچی بەشی ئافرەت لەچاو کوڕدا هەر لە دوواوە بووە و هەرگیز لە (چوونە سینەما، هەڵبژاردن، وەکیل دانان، خوێندن... هتد)دا، یەکسان نیین؟ لە وەڵامیشدا شاعیر ئاسۆی ئایندەی دەکەوێتە بەرچاو کاتێک دەڵێت: چیتر کورد چاوی لە خەو هەڵهێناوە و بەجۆرێکی تر سەیری ئافرەت و ڕۆڵ و گرنگی لەناو کۆمەڵ دەکات و دەڵێت:

پێتان ئەخوێنن، زۆر بە ئارەزوو
بە مەیلی خۆتان، ئەتاندەن بەشو
لە ماڵ و میرات بەشتان دائەنرێ
لە گەڵ کوڕانا فەرقتان ناخرێ

لە باسی (ژن مارەبڕین)دا و لەو کاتەی کە کچ بە زۆر دەدرێت بە شوو و مامۆستا (مەلا)ش بە زۆر و لە پێناو پارەیەکی کەمدا کارەکە ڕایی دهکەن! قانع جگە لەوەی سەرزەنشتی کارێکی لەم جۆرە دەکات، خەڵکیش لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەوەی ئەمان دەیکەن هەڵەیە و قسەی شەرع نییە و ئیزنی خوای لەسەر نییە، هەر لەم باوەڕەشەوە پێی وایە بەند و داوی شیعر وتن شتێکی پێ دەکرێت و دەتوانێت خەڵکی بەئاگا بهێنێتەوە، دەڵێت:

میللەت (قانعی) خوشکی نەماوە
خەمی تۆ ئەخوا، ئەم بەندو داوە

لە جێگەیەکی تردا، سەرکەوتنی گەل بە یەکسانی نێوان کوڕ و کچەوە دەبەستێتەوە:

کچ، ئەگەر وەک کوڕ نەکا سینگی بە قەڵغانی گوللە
زەحمەتە تەنیا بەکوڕ، ئیشی گەلت بۆ سەرکەوێت

پەیوەندی دەمەکانی کردار بە ئایندەبینییەوە:

یەکەم: لە کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوودا:

جیاواز لە ڕەهەندە زمانەوانییەکانی پێناسەی کردار کە وەک (کات، جوڵە) خراونەتە ڕوو، بەکارهێنانی واتاکە لێرەدا زۆرتر بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییەیە کە هەر دوو کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو لەگەڵ ئایندەدا ڕێک دەخات. ئەگەرنا ئاشکرایە کە کرداری ڕابردووی دوور و نزیک پەیوەندی بە کاتی داهاتووەوە نییە کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان لێی ئایندەیە و دیاریشە کە ڕانەبردوو وەک کات لە زمانەوانیدا هەر دوو کاتی ئێستا و داهاتووش دەگرێتەوە.

قانع، لە چەند هۆنراوەیەکدا کرداری ڕابردووی هاوشانی کرداری ڕانەبردوو بەکار هێناوە، ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە بووە تا دوو وێنەی کاتی وا بخاتە ڕوو کە جیاوازییەکان بە ئاشکرا بکەوێتە بەرچاو و لەوێوە واتای پێشکەوتن و ئاسۆی ڕانەبردووی لەگەڵدا بگونجێنێت، هەروەکو (کۆندۆرسە) لە واتای پێشبینی و (پێشکەوتن)دا دەڵێت (ئەگەر مرۆڤ تاڕادەیەک بە دڵنیایی تەواوەوە بتوانێت پێشبینیی ئەو دیاردانە بکات کە یاساکانیان دەناسێت، یان ئەگەر نەشیانناسێت لەسەر بنەمای ئەزموونی ڕابردووی پێشوتری، دەتوانێت بە دڵنیاییەوە پێشبینی ڕاستییەکانی ئایندە بکات.)[٢٣] کەواتە سەیرکردنی ڕابردوو تەنها وەک ڕابردووی ڕووت (مجرد) نییە، بەڵکو بۆ ئەوەشە ڕانەبردوو بە هەردوو واتای (ئێستا و داهاتوو)ەوە بەدەست بهێنرێت. بۆ نموونە ساڵی ١٩٣٩ کاتێک پرسیارێکی مێژوویی لە (محەمەد ئەمین زەکی

بەگ) دەکات دەربارەی تیمسالی (نارام سین) تەنها بۆ وەرگرتنی زانیارییەک نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کوردستانیبوونی مێژووەکە لە سبەینێدا بەرهەم بهێنێت و ئەم ڕاستییە بکاتە هەوێنی تێگەیشتنی نەوەکانی ئایندەوە، کە لە کردارەکانی (نازانین)ی ڕابردوو (ە– ە– ە– کە)ی ڕانەبردوودا دەردەکەوێت.

هەیکەلی گەورە لەدەربەند گەورە

نازانین شەرحی حاڵی چ دەورە

ئایا ئەم پیاوە کوردستانییە

یاخود عیسەوی یا عیبرانییە

مەمنوونی لوتفین بۆمان مەعلووم کەیت

ئەم گرێ زلە لەدڵمان لابەیت

لە جێگەیەکی تردا، کرداری ڕابردووی سادەی (کرد) لە وشەی (مەحۆ کرد)دا و کرداری ڕابردووی سادەی (سەند) لە وشەی (دینی سەند)دا وەک دوو ڕووداوی ڕابردوو و دوو وێنەی ڕەحمەتی خودا دەخاتە بەرچاو و لە سایەی ئەم ڕەحمەتەشەدا نە لە ئێستا و نە لە ئایندەدا تەیروتیور و مرۆڤ و جن بێخواردن نامێننەوە و (ئاسمان و هەور و خاک و با)ش لە ئەمری خودا دەرناچن، ئەمەشی لە کردارەکانی (تێر هەن — دەرناچن)ی ڕانەبردوودا بەرجەستە کردووە کاتێک دەڵێت:

ئەوەندە ڕەحمەتی زۆرە، گوناحی وەحشی مەحۆو کرد

ئەوەندە خاوەنی قەهرە، کە دینی سەند لە بەرسیسا

لە سفرەی نیعمەتی تێرن، تیور و جنیی و ئینسان

لە خەتی ئەمری دەرناچن، سەما و هەور وخاک و با

هەروەها (کرد)ی ڕابردووی سادەی لەگەڵ کرداری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا (ە) بەکار هێناوە و دەڵێت:

سەد فڕوفێڵیان کرد بەبەهانە

بۆ دواخستنی ئەم کوردستانە

خەڕات و جۆلا و سەپان و حاجی

وەحدەتمان نەبێ، کارمان گرانە

بەشێوەیەکی گشتی ئەم وێنەیە لەو دێڕە هۆنراوانەدا هەن کە دەکەونە کۆتاییەوە و ناوی قانعیش هاتووە. بۆ نموونە پاش ئەوەی بە هەردوو کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو بەراوردی نێوان دواکەتن و پێشکەوتن دەکات، بە وێنەکانی (جەلبی ڕووح، کەشفی مانگ و ڕۆژ، تەیارەی فۆرد و نەفاسە... هد) بۆ پێشکەوتن و وێنەکانی (شانە، تەزبیحی گڵین، کەشفی دۆڵەی نان و سوار بوونی کەر... هد) بۆ دواکەوتن، بەم دێڕە کۆتایی پێ دەهێنێت:

(قانعا) بێسوودە، یا شێخ دوژمنی پێشکەوتنە

هۆش و بیر و یەکێتی، دەردی وڵات دەرمان ئەکا

هەروەها دەڵێت:

بەبێ سود و نەتیجە (قانعا) وەک نەی ئەناڵێنێ

لە گوڵ هەرگیز نەبینراوە، وەفا بۆ بلبلی شەیدا

* * *

(قانعی) چون کەوتە فیکری دولبەری کوشتی بە خەم
کوشتەیی یارە لە گۆڕا، دەردی دڵ ئینشا ئەکا

❋ ❋ ❋

(قانعا) بەسیە موحەقەق بە دوو سەد وەک من و تۆ
تەرک ناکەن بە یەکێ بەزم و مەقامی دەب دەب

❋ ❋ ❋

(قانعا) خۆ تۆ لای خۆی تەرکی نووسینت ئەکرد
وابزانم پێت ئەنووسێ، ناتەواوی کاری کورد

دووەم: لە کرداری داخوازیدا:

لەم شێوەیەدا، ئایندەبینی بەجۆرێک خراوەتە بەرچاو کە داخوازی بێت لە کەسەکان بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەی کە لای شاعیر خۆی مەبەستە. چونکە کارکردن بەو داخوازییەی قانع هەیەتی دەبێتە هۆی پێشکەوتن و ئایندە بەو شێوەیە دەبێت کە لە داخوازییەکەدا پەی پێ براوە. بۆ نموونە بانگکردنی شاعیر بە شێوەی داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ (ئێوە) بۆ ئەوەیە تا گرێبەستێک ببەسرێت بۆ ئەوەی ئایندە چیتر بەو جۆرە نەبێت کە لە ڕابردوودا بۆ دوژمن بووە و دەڵێت:

وەرنەوە ئەی نیشتمانی با هەموو عەهدێ بکەین
بۆ زنای دوژمن بەجارێ بێینە مەیدانی غەزەب

هەروەها دەڵێت:

سبەینێ ڕۆژی میزانە، دیارە قاتلم کێیە!

لە ناڵی کەوشی تێفکرن، کە دوێنێ پێی بە دڵما نا

سەرنجی قانع بۆ ئایندە سەرنجێکی فرۆمیانەیە (ئەگەر ئەم بەکارهێنانە لەجێی خۆیدا بێت) چونکە ئەریک فرۆم لە کتێبی (شۆڕشی ئومێد)دا ئەوە دەخاتە ڕوو کە (ئومێد چاوەڕوانکردنی ئایندە نییە، بەو واتایەی چاوەڕوانکردنی ڕووداوێک بێت کە سبەینێ، یان ساڵێکی تر، یان سەردەمێکی تر دێتە دی) چونکە فرۆم پێی وایە لە پشت ئەم جۆرە ئومێدەوە (بتپەرستی ئایندە و مێژوو و باوان ڕاوەستاوە، بتپەرستییەک کە لە شۆڕشی فەرەنسی و خەڵکانی وەک ڕوبسپیرەوە درووست بووە، کە ئایندەی وەک بتێک دەپەرست.) بە بڕوای فرۆم، ئومێدەواری واتە (هەموو کاتێک ئامادەبوون بۆ ئەو شتەی کە لەدایک نەبووە.) (ئومێدەواری حاڵەتێک و چۆنایەتییەکی بوونە، ئامادەگی دەروونییە، ئامادەگی کۆبووەوە و هێشتا مەسرەف نەکراو بۆ کارایی) بەم پێیەش (کاتێک ئومێد لەناو دەچێت کە ژیان بە زەبر، یان کردەگی لەناو دەچێت.) فرۆم ئومێدەواری بە یەکێک لە هەرە پێویستییە زیندووەکانی مرۆڤ دەزانێت و پێی وایە ئومێد یان نائومێدی دەرەنجامی ئومێدەواری یان نائومێدیی ئەو کۆمەڵ یان ئەو چینەیە کە مرۆڤ تێیدا گەورە بووە. (کەسێک کە لە ڕێی ئەزموونی خۆیەوە ئومێدەوار دەبێت کاتێک دەبینێت کۆمەڵ یان چینەکەی ئومێدی خۆی لەدەست داوە، بۆیە ئەویش نائومێد دەبێت.)[٢٤]

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە ساڵی ٢٠٠٦ لە (دیداری قانع) لە سلێمانی پێشکەش کراوە.

(٢) دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٥٧

(٣) باخچەی کوردستان، قانع، چاپخانەی معارف، ١٩٥٣، ل٦

(٤) دیوانی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل٥

(٥) نامەی دکتۆرا، د. تاهیر محمد علی، ٢٠٠٣، ل١٧٢

(٦) نامەی ماستەر، شەقڵی نوێخواز لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا، محمد ئەمین محمد، ٢٠٠٤، ل٧٢

(٧) زایەڵەی زرێبار، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەحمەدی نەزیری، ٢٠٠٣، وتاری موهەندس فاروقی کەیخەسرەوی، ل٤١

(٨) دیوانی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، ١٩٧٩، ل١٦

(٩) زایەڵەی زرێبار، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەحمەدی نەزیری، ل٤١

(١٠) شیعر و فەلسەفە، وەرگێڕانی: فواد مەجید میسری، پێشەکییەکەی فواد قەرەداغی، چاپخانەی علاء، ١٩٧٨، ل١٢

(١١) هەمان سەرچاوە، ل٨

(١٢) زایەڵەی زرێبار، ل٩٩، ١٥١، ٣٦١، ٣١٨

(١٣) بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، کۆمەڵێ وتار، وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، وتاری: وێنەکانی ڕۆشنبیر، نووسینی: ئیدوارد سەعید، ل١٠٨-١٠٩

(١٤) بۆ نموونە لە سورەتی بەقەرە، ئایەتی ١٨٠، هەروەها لە سورەتی نساء، ئایەتی ١٢دا ناوی هاتووە هەروەها لە فەرموودەشدا ئاماژەی بۆ کراوە.

(١٥) الوصیة في الفقة الاسلامي و قانون الاحوال الشخصیة العراقي والمصري، د. محمد احمد الکزني، دەنگی زانا، ژمارە ٤٢، ل٦٠، کە ئەمیش لە (العنایة في هامش فتح القدیر)ەوە وەری گرتووە.

(١٦) هەمان سەرچاوە، ل٦٠ کە ئەمیش لە (شرح فتح القدیر)ەوە وەری گرتووە.

(١٧) دیوانی قانع، ل٦٢، ١٣٠، ١٤٤، ١٦٠، ٢٣٤، ٣٢٤، ٣٧٠

(١٨) هەندێ لای ئەودیوەکەی بیری (قانع)، محەمەدی مەلا کەریم، ١٧٢، چاپخانەی دار جاحظ، ل٣٣

(١٩) دیوانی قانع، ل١٠

(٢٠) نامەی دکتۆرا، د. تاهیر محمد علی، ل١٣

(٢١) یادی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، وتاری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، ١٩٧٨، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد، ل٨٧-٨٨

(٢٢) هەندێ لای ئەودیوەکەی بیری (قانع)، ل١٠

(٢٣) دەستنووسی وەرگێڕانی (لیبرالیزم) عوسمان حەسەن شاکر، ٢٠٠٥

(٢٤) بەناوی ژیانەوە، ئەریک فرۆم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، بنکەی گەلاوێژ، ١٩٩٨، ل١٤-١٥

چەمکی شێتی لە ڕۆمانی (تاریکستانی لم)دا[1]

زاراوەی شێتی:

زاراوەی شـێتی لە فەرهەنگـی بـاوی کـۆمەڵی کوردیـدا، هەڵگـری واتای لەدەستدانیی ئەقڵ و ژیـرییە، لە ئاسـتێکی زۆر بەرتەسکیشـدا، بۆ ئەو کاتانـە بـەکاردێت کە ئەقـڵ دەگـاتە چڵەپـۆپە و لە پێنـاو ئەو ڕێڕەوەی کە گرتویەتییەبەر دێوانە دەبێت. دەقـی ئـەدەبی و داسـتانی فۆلکلـۆریی زۆرمـان لەبەردەسـتدایە کـە ئاوێنــەی ئـەم تێگەیشـتنەن. کاتێک شەم ناگات بە خۆزگەی وەلی، دواجار وەلـی دەبێتـە دێـوانەی شەم. فەرهاد دێوانەی شیرین و... هد

بەپێچەوانەی دۆخی دێوانەییەوە، دۆخی شێتی دۆخێکی وەستاو و بێبەرهەمە. فەرهاد بۆ خۆی نییـە کە گەشـتبێتە دواپلـە (ئۆرگـازم)ی خۆشی و ئاسـودەیی، بەڵکـو وزەبەخشـە بـۆ نەرێتـی قوربانیـدان، بـۆ ئەشقی ڕاستەقینە و دیاریکردنی مۆدێلێکی خۆبەخش بە پێی ویسـتی خـۆی. لەم ڕۆمانەشـدا لەبەر ئەوەی کە هــەر دوو لایەنــی (شـێتی و دێوانــەیی) لەیەکتـری جیـا نەکـراونەتەوە، بە ناچـاری زاراوەی شـێتی بەکار دەبەین، ئەگەرنا ئەوەی لە واتاکانی ئەم ڕۆمانەدایە دیوانەبوونە نەک شێتی.

ژیاننامەی ئەدەبیی سەلاح عومەر:

سەرەتای کاری ئەدەبی سەلاح عومەر بۆ سی ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەو کاتانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا شیعری بڵاوکردووەتەوە. ئەوەی کە نووسەری پێ ناسراوە، بواری چیرۆک نووسینە، ئەو خۆی دەڵێت (کە زانیم لە بواری شیعردا سەرکەوتن بەدەست ناهێنم و بۆ چیرۆکنووسین خولقاوم، ئیتر وازم لە شیعر نووسین هێنا و دەستم بە کاری چیرۆک نووسین کرد، ئەگەرچی لە پاڵ ئەم لایەنەدا لە بوارەکانی تریشدا وەکو بواری نووسینی دەقی شانۆیی، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا پەیوەندیم هەیە.)[٢] بەڕاستیش هەر وایە، ئەو توانیویەتی لە نووسینی چیرۆک و ڕۆماندا هەڵکەوتووتر بێت، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە نییە وەک خۆی دەڵێت (وەک زەروورەتێکی مێژوویی و شارستانی کورد پێویستی بە ڕۆمان هەیە، تا هەموو هەڵچون و داچونێکی ناخی پەنگخواردوی لە خۆ بگرێت، ڕۆمان دنیایەکی سیحراوییە، نووسەر لە ڕێی ڕۆمانەوە دەتوانێت ناخی بشکێنێت)[٣] بەڵکو هۆکارێکی ترە کە لێرەدا لێی نادوێین، تەنها ئەوەندە نەبێت کە جیهانبینییەکەی لە ڕێی تێکەڵەیەکی شیعر و چیرۆکەوەیە و پێم وایە ئەم تێکەڵییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو لە هەردوو بوارەکەدا شارەزا بووە.

سەلاح عومەر لە زۆربەی کارەکانیدا و بەتایبەتی لەم نووسینەیدا بەشێواز و ڕەوتێکی ڕەخنەگرانە دەیەوێت لە کێشە و گرفتەکان بدوێت. هەوڵی داوە لەو کێشانە بدوێت کە زۆرتر کۆمەڵیان تێدا ون

بووە. دەیەوێت بە ناو جەستەی قارەمان و کەسایەتییەکاندا ڕۆ بچێتە خوارەوە و قسە لەسەر دەروونیان بکات، لەو دیاردانە بدوێت کە تا ئێستاش وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە.

ناوەرۆکی ڕۆمانی (تاریکستانی لم):

تاریکستانی لم، ڕۆمانێکی سەلاح عومەرە و لە چاپخانەی ڕۆشنبیر، لە هەولێر، ساڵی (١٩٩٧) بە چاپ گەیەنراوە. نووسینی دەقەکە بۆ ساڵانی (١٩٩١) دەگەڕێتەوە. ڕووداو و ناوەرۆکەکەی باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات و لەگەڵ چەمکەکانی (شێتی و دەسەڵات)دا گرێی داوەتەوە. سەرتاپای ڕۆمانەکە باس لە گەڕانەوەی ڕۆحێک دەکات کە لە تاریکستانی لمەوە (مەبەست ئەو جێگەیەیە کە جەستەکانی ئەنفالی تێدا شارراوەتەوە.) بەڕێ کەوتووە و پاش چەندین ساڵ دەیەوێت بۆ شوێن و جێگەی پێشووتری بگەڕێتەوە. قارەمانی ڕۆمانەکە پیاوێکی پیری ڕیش و سمێڵ درێژی شەکەتە کە لە تەمەنی لاوێتییەوە لە شار دەستگیریان کردووە و بەرە و (تاریکستانی لم) ڕاپێچیان کردووە. لە دایک و خوشکەکانی دابڕاوە و دەیەوێت لە ڕێگەی بیرەوەرییەکانییەوە جارێکی تر ماڵی باوکی (یوسفی قەساب) بدۆزێتەوە.

کاتێک بە ڕۆح لە (تاریکستانی لم) دەگەڕێتەوە و ئەشق و خۆشەویستی شارەکەی لە هەگبەدایە، منداڵ و گەنجی شار بە شێتی دادەنێن و گاڵتەیان بە شێوەی قسەکردن و زمانەکەی دێت، گوێی لێ ناگرن و بەردبارانی دەکەن! بەڵام پیرەمێرد دەیەوێت پێیان بڵێت کە

ئەم ڕێبوارێکە و لە سەفەرێکی دووردوردرێژ لە (تاریکستانی لم)ـەوە بۆ لای ئـەوان گەڕاوەتەوە! پێویسـتە ڕێـزی بگـرن، چـونکە کەسـێکی گەورەیە و لەخۆبردووە، لە پێناوی کارێکی مرۆڤانەدا نیـوەی تەمەنـی خـۆی کـردووەتە قوربـانی... بەڵام لە ئەنجامـدا بە درِنـدە و نـامۆ و شـێتی دەدەنە قەڵەم، بـۆیە ئەمـیش ناچـارە کـە بڕیـار بـدات چیتـر نەیاندوێنێت و قسەیان لەگەڵدا نەکات.

بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، بۆ ماوەیەک خاوەن چایخـانەیەک بە نـاوی (مـام ئـۆمەر)ەوە دەبێـتە هـاوڕێی، زۆری پـێ ناچێـت لەویـش دادەبڕێت... لە بەشی (١٥)یەمی ڕۆمانەکەدا، (دڵپاک) دەبێتە هاوڕاز و نیازی. گوێ بۆ یەکتر دەگرن، لە یەکتر جیـا نـابنەوە، بەسـەرهاتی ژیانیان زۆر لەیەکەوە نزیکە و هەردووکیان تەنیا ماونەتەوە و هەڵگری بابەتی هاوچەشنن.

(پیرەمێـرد) دایـک و خوشـکەکانی بە تـۆمەتی ڕەوشتپیسـی کوژراون و خۆشـی ڕەوانەی (تاریکسـتانی لـم) کـراوە. (دڵپـاک) هەر دوو کوڕەکەی (ئیسـماعیل و یوسـف)ی لەدەسـت چـووە و بە هەمـان شێوەی پیرەمێرد ڕەوانەی (تاریکستانی لـم) کـراوە و ئێسـتا ئەمـیش بە شـێت ناسـراوە! بە کـورتی، هـەردووکیان هۆکـاری دووبـارە لەدایکبـوونەوەی ژیـان و گەڕانەوەی واتایـان بۆژیانـەوەی مردووەکـان هەیـە، ئەگـەرچی خـەڵک و کـۆمەڵ لێیـان تـێ ناگـەن و ڕێگـری لە قسەکردنیان دەکەن و (دەسەڵات)یش هاوکارە بـۆ ئـەم تێگەیشـتنەی خەڵک و دەیەوێت دڵپاک و پیرەمێـرد بـە ئامـانج نەگـەن. دەیانـەوێت (دڵپـاک) لە جەرگسـووتاویدا بکـوژنەوە و (پیرەمێـرد)یش لە

تاریکستانی شاردا لەگەڵ پێڵاودا دۆنادۆن بکات، پـێڵاو بکـاتە هەمـوو شتێک، خەون، مرۆڤ، ژیـان... هـد. پیرەمێـرد وای لـێ دێـت دنیـای هەموو لێ دەبێتە پێڵاو، لە پێڵاودا دەخواتەوە و دەخەوێت.

ئەم ڕۆمـانە هەوڵـدانە بـۆ دەرخسـتنی واتـا شـارراوەکان، وەکـو (شێتی، دەسەڵات، تێنەگەیشتن و بیر نەکردنەوە... هـد)، دەیەوێـت ئەم واتایانە جارێکی تر ڕاستکاتەوە کە لە ڕێڕەوی خۆیان بـزر بـوون. دەیەوێت بۆچونێکی تر بە ناسینی کەسایەتی شـێت بـدات کە خەڵـک هەر بە واتای لە دەستدانی ئەقڵ ناسـیویانە، دەیەوێـت خوێنـەر لـەوە تێبگەیەنێت کە ئاخۆ بـۆچی کـۆمەڵ وا بیـر دەکەنەوە؟ بـۆچی واتـای نـەرێنی دراوەتە پـاڵ (شـێت) و وەک چەمکێکـی ڕەهـا کـۆمەڵ بـۆ ڕەتکردنەوەی شتەکان بەکاری دەهێنێت؟

شێتی لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا هەبـووە و هەیـە، شـێتی لە زۆر ڕەهەندی دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دواتـر لەنـاو لایـەنی تریشدا بەکار دێت و بوونی هەیە. لە هەر جێگەیەکدا هەبووبێت، یەک واتـا و پێناسـەی نـەبووە. بـەڵکو لە فەرهەنـگە جیاوازەکانـدا، بە زۆر واتا و پێناسە لێک دراوەتەوە، بەڵام ئەوەی لە هەموویان بڵاوتـر بێـت ئەو پێناسەیە کە لە بۆچوونی (دیکـارت)[٤]ەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کاتێـک شـێتی یەکسـان دەکات بە بوونێـک کە لە دەرەوەی ئەقڵـە و پێناسـەیەکی ڕەهـای دەداتـێ و لە هەر بیرکـردنەوە و تێگەیشـتنێک دووری دەخـاتەوە، واتە: هێڵێکـی ڕاسـت و چەپ بەسـەر شـێتیدا دەهێنێـت و لە گۆڕەپـانی زانیـاریی شـیاو دەری دەهێنێـت، وەک لە عەرەبیـدا بە (الخبـل) هـاتووە، بە واتـای (نەمـانی توانـا

هۆشـەکییەکان)[٥] بەڵام ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئەمە خـۆی جـۆرێکە لە شێتی! زمانی کوردی لە ناوهێنانی جۆرەکـانی (شـێتی)دا زۆر هەژارە و تـاکو ئێسـتا نەیتوانیـوە پـۆلێنی ئەم زاراوەیە بکـات، هەروەک لە زمانەکانی تری میللەتانی پێشـکەوتوودا کـراوە، بـۆ نموونـە لە زمـانی (ئینگلیزیدا)[٦] چەندین جۆر و لێکدانەوەی هەیە.

ئەوەی ئەم زاراوەیەی دەوڵەمەنـد کـرد و خسـتییە نـاو گفتوگـۆ فەلسـەفی و فیکرییەکانــەوە، لێکۆڵینــەوە بەناوبـانگەکەی (میشـێل فۆکۆ)یـە لەسـەر شـێتی. فۆکـۆ چەمکـی شـێتی جـارێکی تـر لە پێناسەیەکی تردا دارشتەوە. ئەم، جارێکی تر شێتی گەڕاندەوە بۆ ناو مێژوو و سەرنجەکانی لە ئەقڵەوە گرێ دایەوە و وتی (ئـێمە نـاتوانین هەمیشە بە ئەقڵ و ژمارەکاریی و وردەکـار بـژین، شـێتی بمانەوێـت و نەمانەوێت لەناوماندایە و بەناخماندا هاتوچۆ دەکات.)[٧] بە واتـایەکی تر، شێت هەر ئەوە نییە کە خەڵکی دەیناسـن، بەڵکـو زۆرجـار شـێت هەڵگری پەیامێکە کە دەکرێت لەجیاتی بەردبارانکردن و ناتۆرەلێـدان، بە گوڵ پێشوازییان لێ بکرێت و گوێیان بۆ ڕادێرین.

فۆکۆ، ڕاستەوخۆ زاراوەی شێتی بەستەوە بە کارکردنی دەسەڵاتەوە، واتە: شێتی وەک واتا لەو پەیوەندییەدا دۆزییەوە کە دەسەڵات لەسەر کەسەکانی داناوە، ئەگەرچی ئەم سەرنجدانەی فۆکۆ هەمیشەیی نییە، بەڵام ڕێگە لەوە ناگرێت، کە ئەم پەیوەندییە لە نێوان سیستەمی دەسەڵات و خەڵکدا بوونی نەبێت. ئەوەی کۆمەڵی کوردی وا لێ کردووە هەر بە واتای (ناهۆشیاری و لە ئەقڵبەدەر) لە شێت و شێتی بگات، ئەو ترس و سزایەیە کە دەسەڵات بەرانبەری

دایناوە، ئەمە جگە لەوەی دەسەڵات خۆشی بەرهەمهێنەری خودی جۆرێکە لە شێتییە.

هەوڵ و وتەکانی ناو ڕۆمانی (تاریکستانی لم) بۆ ئەوەیە تا ئەم جۆرە لە شێتی بخاتە بەردەم لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە. دەیەوێت لەو ڕێیەوە گفتوگۆی کۆمەڵایەتیمان هەبێت و بتوانین پەی بە نهێنییەکانی پشتەوەی بەرین و بیدۆزینەوە، هەروەک چۆن نووسەرەکەی دەڵێت (لەوێوە هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی وا بدەین بۆ وروژاندنی ئەقڵی خوێنەر و بیکەین بە مەیدانی زۆرانبازی بیری فەلسەفی.)[٨]

ئەوەی نووسەر دەیەوێت بیکات دروستکردنی پاڵەوانێکە کە بە هەموو واتاکان هەوڵ دەدات ڕاستییەکان بۆ جێی خۆیان بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هاتووە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی جەستەیەک لەو جەستانەمان بۆ دێنێت کە لە کارەساتی ئەنفالدا شەهید بووە، ئەویش پیرەمێردێکە کە وەک ئاوێنەیەک تێیدا هەموو تاوان و خراپەکاریی و کارەساتەکانی دەسەڵاتی لەسەری دەبینرێت.

کاتی گێڕانەوە لەو ئێوارەیەوە دەست پێ دەکات کە پیرەمێرد بە سیمایەکی چڵکن و جل و بەرگێکی دڕاو و بە پێی خاوسی لە گۆڕەپانی شاردا دەردەکەوێت (**ئەو گۆڕەپانەی پاش ساڵانێکی دوور و درێژ بۆ یەکەمین جار قاچی نایەوە سەری**)[٩] لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا و بۆ دەربڕینی هەست و نەستە خەفەبووەکانی بەرانبەر شارەکەی، دەکەوێتە خۆڵپژاندن بەسەر و گوێلاکی خۆیدا و خۆی لە تۆز و خۆڵ وەر دەدات، بە دەنگی بەرز دەست دەکات بە گێڕانەوەی

بەسەرهاتەکانی (دەتگوت سەردولکە بەسەر مردودا هەڵدەڵێت، دەنگی هەنسکدان و نوزاندنەوەیەکی پڕ کەسەر لە قورگیدا تێکەڵ بە ئەوین و عیشقێکی هەمیشەیی بووە.)[١٠]

ئەم ئارەزووە شێتانەیەی کە پیرەمێرد دەیکات و کەسێکی ئاسایی نایکات، وا دەکەن خەڵکی بە شێتی بزانن. لێرەوە پیرەمێرد خۆی لەبەردەم دیوارێکی ئەستوور لە گومان و سەرسوورِمان خۆی دەبینێتەوە. لە نێوان خۆی و خەڵکدا، هەڵسوکەوتی وەک منداڵ وایە و **(جلوبەرگ و قژی درێژ و ناڕێکی بەژن و باڵای ئەوەی لای خەڵکەکە چەسپاندن، کە ئەمیش یەکێکە لەو شێتانەی ڕۆژانە ڕوو لە شارەکەیان دەکەن.)**[١١] هەر کات پیرەمێرد بیەوێت بدوێت و باس لە ئەنفال و ڕابوردوی خۆی بکات، بەرانبەر بە شێت و کۆرفام و کەم ئەقڵی دەزانن! بۆیە پەیامەکەی ناگاتە ئەنجام و ناچار واز لە کۆمەڵ دەهێنێت و گفتوگۆکان لە خەڵکەوە بۆ (دڵپاک)ی هاوڕازی دەگوێزێتەوە کە ئەویش لە سەرنجی کۆمەڵ و خەڵکەکەدا لە شێتێکی تر زیاتر نییە!

پیرەمێرد و دڵپاک دەبنە هاوڕێ و هاودەمی دەرد و خەمی یەکتری، بەڵام دیسان تێگەیشتنی کۆمەڵ لە بەردەم نزیک بوونەوەیاندا دەبێتەوە لەمپەر، تا لە ئاکامدا دڵپاک جەستەی بە مەرگ دەسپێرێت و پیرەمێردیش لەناو تاریکستانی شاردا لە پێڵاودا ون دەبێت و **(شەوان شووشە ئارەق و پێڵاو پێکەوە دەچوونە ئامێزی یەکتریی و خەونی خۆشیان دەبینی)**[١٢]

چەند هۆکارێک وا لە کۆمەڵ دەکەن پیرەمێر بە شێت و نەفام بزانن، یەکێک لەوانە (ترس)ـە. ئەو ترسەی کە دەسەڵات لە جەستەی کەسەکاندا چاندوویەتی، یان بیرنەکردنەوە و هەوڵنەدان بۆ تێگەیشتن لەو هەقیقەتەی کە ناوی ئەنفالە. ئەم هۆکارە و هۆکاری تری وەک کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوەی خەڵک، چونکە دەسەڵات لە دیاریکرنی چۆنێتی و چەندێتی شێتیدا، کاریگەری هەیە، بە جۆرێک کە کەم تا زۆر بەرهەمهێنەری جۆری شێتییە، چونکە بۆ لەدایکبوون و سەرەتای شێتی، مێژوویەک هەیە، جێگەیەک هەیە، هەروەها هۆکاریش هەیە کە لە دەسەڵاتێکەوە تا دەسەڵاتێکی تر لە گۆڕاندایە. ئەگەرچی شێتی لە ناوەرۆکدا لە لەدەستدانی ئەقڵدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام جۆری شێتی لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر دەگۆڕێت، بەواتایەکی تر، شێتی وەک دەرئەنجام لە هەر جێگە و ڕێگەیەکدا بێت هەر بریتییە لە شێتی، بەڵام هۆکاری شێتییەکە لە گۆڕاندایە.

کۆمەڵی کوردەواری لە سنووری دیاریکردنی ئەم پۆلێنکارییەدا دەکەوێتە دەست دەسەڵاتێک کە بە درێژایی بوونی نەک هەر ویستوویەتی شێتی بەرهەم بهێنێت، بەڵکو ناسنامەی کەسێتی و نەتەوەییشی لێ زەوت کردووە، لە بەرانبەر خۆشماندا وای پەروەردە کردووین کە پێکەنینمان بە کەلتور و ئەقڵی مێژوو و ئایندەی خۆمان بێت. دەسەڵاتی بەعس، دەسەڵاتێکە کە هیچ پێوانەیەک نەک هەر بۆ ڕای بەرانبەر دانانێت، بەڵکو هیچ بەهایەکیش بۆ گەل و نەتەوە ناهێڵێتەوە و هەمیشە بڕوای بە ژێردەستی و سەرکوتکردن هەیە.

دەسەڵاتی بەعس دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرە، خاوەنی بیرکردنەوەی ڕەقوتەقی خۆیەتی و قبووڵی هیچ گفتوگۆیەک ناکات. ئەو کەسانەی کە ئەم سیاسەتەیان لەسەر پیادە دەکرێت، لە ژێر زەبروزەنگی ئەو سیستەمەدا هەمیشە دەپلیشێنەوە.[١٣] بۆیە ئەم دەسەڵاتە تاوانی جۆرێک لە بڵاوترین جۆری شێتی لە ئەستۆدایە و گەورەترین هۆکاری شێتبوونی گەنجێکە لە ڕۆمانەکەدا کە لە جەستەی (پیرەمێرد)ێکدا لە ناسنامەکەی دەگەین کاتێک دەڵێت (**کاتی خۆی لەم شارە دەژیام و خەڵکی ئەو گوندانەی سەرەوە بووم، لەنیوە شەوێکدا کۆمەڵێک دەمامکدار هاتن و بردمیانە تاریکستانی لم و لە ئاوایی دووریان خستمەو.**)[١٤] لێرەوە ڕووبەڕووی مێژوویەک ڕامان دەگرێت کە کارەساتی ئەو دەسەڵاتەمان بەبیر دەهێنێتەوە کە (ئەنفال و جینۆساید و... هد)ی لە ئەستۆدایە.

(تاریکستانی لم) یا (تاریکستانی باشوور) مەنفای ئەو جەستانەمان نیشان دەدات کە لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا زیندەبەچاڵ کران. نووسەر دەیەوێت جەستەیەک لەو جەستانە بهێنێت و ئەو ڕووداوانەمان بۆ بگێڕێتەوە کە خۆی تێیدا کوژراوە، مەبەست لەو(پیرەمێرد)ەیە کە (**بۆتە جەستەیەکی مردوو... تەنیا بە ڕوو زیندوو ماوە، بە ڕوح دەڕوات و بە ڕوح دەبزوێت...**)[١٥]

ویستی دەسەڵات بەوەندەوە ناوەستێت کە کارەساتەکانی دروست کردووە، بەڵکو هەمیشە دەیەوێت تواناکانی لەبەرچاوی خەڵکدا وێنەیەکی لەبەرچاو بێت بۆ ئەوانەی کە گیانی یاخیبوونیان تێدایە و دەیانەوێت دەسەڵات بگۆڕن، تاوەک لە ڕێی ئەو وێنەیەوە (ترس) لە

ئـارادا بێـت و لەبەردەم هەر هەڵوێسـتێکدا ئەگـەرێکی ئامـادە بێـت. لێرەوەیە دەسەڵات لە هەموو شوێن و شێوەکانیدا دەردەکەوێت.

دەسەڵاتی بەعس تەنیا لە ڕێگەی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیەوە بەسەر لەدایکبوونی کارەساتەکاندا ئامادە نەبووە، بەڵکو پەنای بردووەتە بەر ترسناکترین جۆری دەسەڵات کە (فۆکۆ) بە (دەسەڵاتی بایۆلۆژی) ناوی دەبات و لە هەموو جێگە و شوێنێکدایە (بەعس ئەم دەسەڵاتەی لە سیحراویترین شێوەدا کە تەلەڤزیۆن بوو بەکار دەهێنا و ئەمەش وای لێ دەکرد، لە هەموو شوێن و ماڵێکدا هەبێت.)[١٦] بۆیە ترس بەشێوەیەکی ئەفسوناوی دەگوێزرێتەوە بۆ گیانی کەسەکان و دەسەڵات لە بوونی ترسدا هەموو جێگەکان داگیر دەکات (**هەرباسی ترس بوو.... ترس وەکو گەلەگورگێک بێت ئاوا گەمارۆی گەڕەک و ناو شار و جادەکانی شاری داوە، چاوی بە هەر کەسێک دەکەوێت تۆقیوە. وای لێ هاتووە کە لە سێبەری خۆشیان بتۆقن.**)[١٧] تەنانەت ئەم ترسە دەگوێزرێتەوە بۆ گیانی ئەمیش و بە هەمان شێوە ترس گیانی ئەمیش دەگرێتەوە و دەڵێت (**ئەمڕۆ بەیانی ترس هاتە وێزەی منیش، وەک تارمایی هاتە دوام و خۆی نیشان دام خەریک بوو بخنکێت.**)[١٨] وەک تۆڕێک ئەنجامی داوە، شێتی وەک دوایین قۆناغی تەقینەوە لە شێوەیەکی بەرفراواندا هاتووەتە کایەوە و تا ئێستاش پاشماوەکانی لە کوچە و کۆڵان و شەقامەکاندا دەبینرێت.

پیرەمێرد یەکێکە لەو جەستانە، بەڵام وەک شـێتێک کـە هەمیشـە خۆیەتی و دەسەڵات ناتوانێت بیگۆڕێت (**کە من مـن بـم، هـیچ شـتێ ناتوانێ بمگۆڕێ، هیچ کەسێ ناتوانێ بمکـاتە یەکێکـی دی و...**)[١٩]

واتە: نموونەی گیانێکە کە دەیەوێت واتا و سەرچاوەکان بدۆزێتەوە، دەیەوێت لە مێژووی کارەساتەکان خۆش نەبین و واتایەکی تریش بە (شێتی) بدرێت. پیرەمێردی شێت، دەیەوێت بگەڕێین بە دوای ئەو هۆکارانەدا کە بوونەتە هۆی شێتی و بەلا. چونکە دەسەلات بە شێوەیەک خۆی لە جەستەی تاکەکاندا چاندووە کە هەوڵی پیرەمێرد نەتوانێت ئاشکرای بکات، بۆیە ڕەنجی بە ئاکام ناگات و ناتوانێت واتاکانی لای خۆی بە کۆمەڵ بگەیەنێت، یاخود ناتوانێت گۆڕانکاری بەسەر واتاکانی کۆمەڵ لە ناسینەوەی ناوەرۆکی شێتدا بهێنێت. دەسەلات جگە لە چاندنی ترس لە جەستەی تاکەکاندا، هۆکارە بۆ ئەوەی وشەی شێت بدرێتە پاڵ پیرەمێرد و تێگەیشتن لە نێوان (پیرەمێرد و خەڵک)دا نەیەتە کایەوە، تا لە بەشی (١٥)یەمینی ڕۆمانەکەدا (پیرەمێرد) گفتوگۆکان دەگوێزرێتەوە بۆ هاوڕازێکی خۆی کە (دڵپاک)ی قوربانییەکی تری دەستی بەعسە.

دەسەلاتی بەعس پرۆژە فیکریی و سیاسییەکانی لە بەرنامەدانانی (ئەنفال و کارەساتەکان) لەو جێگەوە دەستی پێ کرد کە بە چاوگی مەترسییەکانی دەزانی، کە مەبەست لێی گوندەکانە، هەموو پەیوەندییە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی لە هەناوی شاردا تواندەوە، دیارە ئەمەش لە ڕێگەی کۆچکردنی لادێنشینەکانەوەیە بۆ شار. پیرەمێرد دەڵێت **(گوندەکەمان تێکچوو، هاتینە شار و لێرە گیرساینەوە، ئەو کات من منداڵ بووم و بیرم نایێ چ ساڵێ بوو لە گوند هەڵکەندراین و هەر هێندەم لەبیرە لە ڕۆژێکی پایزدا باوکم ئێمەی بەرە و شار هێنا.)**[٢٠] دەسەلاتی بەعس بۆ نیشاندانی وێنەی

کارەساتەکان ڕێگەی لەو گوندنشینانە نەگرت کە بەردەستی نەکەوتبوون لە لادێکاندا و لە شارەکاندا ئازادی کردن، تا وەک وێنەیەک بۆ هەڕەشەکردن لە شارنشینەکان دایان بنێت. بە تێکچوون و کاولکردنی لادێکان، شاریش لەبەردەم هەمان وێنەدا خۆی بینییەوە. بە کاولکردنی لادێکان باوکێکی وەک یوسفی قەساب (مەبەست لە باوکی پیرەمێردە) لە لادێدا خاوەنی بەهاکانی خۆی بووە، بەڵام لە شاردا دەکەوێتە بەردەمی تارمایی دەسەڵاتێک کە شێتی بۆ نەوەکانی بڕەخسێنێت، لە لایەکی ترەوە (**دڵپاک، کە دەمێ ساڵ بوو هاتبووە ناو شار**)[٢١] وێنەیەکی لەپێشتری پیرەمێردە بۆ هەوڵە یاخیبووەکانی (شارنشین) بەرانبەر بە دەسەڵاتی بەعس.

بەعس ژیانی کۆمەڵایەتی شاریشی وەک گوندەکانی کوردستان ئاڵۆسکاند و هەموو پەیوەندییەکانی پچڕاند، چونکە (گواستنەوەی سزا لە سزای ئاشکراوە بۆ نهێنی، لە سزای جەستەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆی سیستەمی سایکۆلۆژی و ڕۆحی ئینسان.... لە سزای تاکەکانەوە بۆ سزای گشتی گۆڕراوە، هەموو ئەم پرۆسانە هاوکاتی لەدایکبوونی تاکە کەسن.)[٢٢] بەم شێوەیەش شێتی بەسەر لادێ و شاردا دابەش کرا و هەرکامیان بەشدار بوون لە سڕینەوەی ناسنامەی ئەوی تریاندا. ئەگەر لادێکان ئەو جێگایانەبن (شێتی) تێدا بەرهەم هێنرابێت، ئەوا شارەکان بە دیوی دووەمدا نائەقڵانییەک بەرهەم دەهێنێت کە ناتوانن لەوە بگەن ئایا ئەو پێکەنینانەیان لەکوێوە هێناوە کاتێک بە شێتێک پێدەکەنن؟ کاتێک شار ئاگای لەو پەیوەندییانەی خۆی نامێنێت کە لەگەڵ لادێکاندا هەیبووە و ئێستا

لەلایەن دەسـەڵاتی بەعسـەوە پەسـتێنراوە و لەوپەڕی بێئاگـایی و شێتبوونی گشتی خۆیدایەتی! **(ئەو شێتەی لەناو جادە لێی ڕاکشاوە، بیر لە شێتی ئەو خەڵکە دەکاتەوە کە خۆیان بە ئاقڵ دەزانـن.)**[٢٣] خەڵکـی شـار تـا گـوێ بـۆ خۆیـان و پرسـیارەکان نەگـرن، بەردەوام (کـائینێکن نـوقمن لە پەیوەنـدییەکانی خـۆی لەگەڵ دەسـەڵاتدا)[٢٤] چـونکە دەسـەڵات واتاکـانی لە (شێت)ـەوە بـۆ نەزان و ناهۆشـمەند گواستووەتەوە، هەر بۆیە خەڵکی شار ناتوانن لە واتـای ڕاسـتەقینەی (شێت) بگەن.

شێتی لە نێوان (ئەفسانە و ئەشق)دا:

کاتێک دەمانەوێت لە (ئەفسانە) بدوێین و پەیوەندی ئەم چەمکە لەگەڵ (شـێتی و ئەشـق)دا بە جـۆرێکی وەهـا بخەیـنە ڕوو کە لەگەڵ ڕووداوەکـانی نـاو ڕۆمـانەکەدا بێـتەوە، سـەرەتا دەبێـت تێگەیشـتنی (ئەفسـانە) لـە لامـان بەو جـۆرە نەبێـت کە لە تێڕوانینێکـی خەیـاڵی ڕەهادابێت، چونکە ئەفسانە بەو واتایـە نیـیە کە لە دنیـا دابڕاوبێـت و بچێتە ناو نەبوو یان گریمانـە نـەکراوەوە. مەبەسـتمان لێـی تـەواو بـە پێچەوانەی ئەم تێگەیشتنەیە. (ئەفلاتوون) لە کۆمارەکەیدا کەڵکی لە (ئەفسـانە) وەرگـرت و پاڵـەوانەکـانی دەوڵـەتەکەی لەسـەر بینـا کـرد، چونکە ئەو پێی وابوو کەسانێکی پێویست و واقیعی لـە دەوروبەردا و لـەم شـێوەیە بوونیـان نییـە. واتـە (ئەفسـانەی ئەفلاتـون بـۆ دروستکردنی تاکەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوون)[٢٥] نەک شێوەیەک بێـت لە کەسـایەتی ئەفسـانەیی ڕووت (مجـرد) کە هەرگیـز وێـنەی

ڕاستەقینەی لەبەردەمدا نەبێت. سەلاح عومەر بە هەمان شێوە، کەسایەتی پیرەمێردی هێناوە، بەڵام ئەم کارەکتەرە لە بوونێکی ڕاستەقینەی مێژوو خۆیەوە وەری گرتووە. ئەم هاتووە جارێکی تر هەمان کارەکتەری لە ژیاندا بەرهەم هێناوەتەوە. پێویستی دروستکردنی ئەم جۆرە کەسایەتیە لەوەوە نییە کە لە دەوروبەردا نییە، بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەیە کە دەوروبەر لێی تێبگەن. پیرەمێرد لە ڕووی کاتەوە، لە دوو سەردەمی جیاوازدا دەژی و جیاوازی دابڕانی ئەم دوو کاتە لە یەکتری و وای کردووە کە خەڵک ئەم جۆرە کەسایەتیە وەک خۆی نەبینن.

هەروەک (فرۆید) باوەڕی وایە کە (ئەفسانە هەڵچوونی نەستە)[٢٦] پیرەمێرد لە ڕێگەی نەستی خۆیەوە دەیەوێت ئەو پەیامەی پێیەتی بیگەیەنێتە خەڵک، خەڵکیش لەبەردەم وەرگرتنی ئەم پەیامەدا و لە ئەنجامی (دەسەڵاتی بایۆلۆجی)ی بەعسەوە ناتوانن تێگەیشتنیان وەکو پێویست بۆ هەبێت.

(پیرەمێرد + ئەفسانە + شێتی) وەک دەلالەتێک دێن و ئەو ڕاستییانەمان بیر دەخەنەوە کە بیرمان چوونەتەوە یان لەبیریان بردوینەتەوە، دەلالەتێکی زمانی (دەلالەتی سایکۆلۆژییانە کە پەیوەندییەکی بە ژیانی ڕابردوومانەوە هەیە، وەک چۆن لە دەقێکی ئەدەبیدا کۆمەڵێک ڕەمز و ئیشارەت هەن کە نیشانەن بۆ چەند شتێک.)[٢٧] بەم جۆرەش دەلالەتی زمانی پیرەمێرد لەگەڵ (ئەفسانە و شێت)دا یەک دەگرنەوە و ئاماژە بۆ ڕۆژگاری کارەساتی ئەنفال دەکەن.

ئەفسانەی کەسێتی پیرەمێرد ژیرترین کەسایەتییە کە دەیەوێت ئامۆژگاریی دوای مردنی خۆی بکات و وەک شایەتێکی ئەو ڕۆژگارە بەرانبەرمان بدوێت، هەروەک (شتراوس) لە پێناسەی ئەفسانەدا دەڵێت (پێویستە ئەفسانە وەک چیرۆکی بێسەروبن تەماشا نەکەین، چونکە ئەفسانە لەگەڵ ئەقڵماندا دەژی.)(٢٨)

پیرەمێرد هەڵگری جۆرێک لە گوتاری مێژوویی و ئایندەییە. مێژوو بەو واتایەی کە پیرەمێرد تێیدا منداڵ بووە و خۆی جەستەیەکی ڕاستەقینەی ئەو کاتەیە و ئایندەش بەو واتایەی کە ڕۆحی لە شێوەی ئەفسانە گەڕاوەتەوە و دەیەوێت ئەو ڕۆژگارەمان بە نەمری لەگەڵدا ئاوێتە بکات.

(ئەشق) یەکێکە لەو مافانەی کە سروشتی هەرکەسێکدا هاوبەشە و پیرەمێردیش لە مێژوویی خۆیدا لەگەڵیدا ژیاوە، کاتێکیش لە گەڕانەوەیدا بۆ شار دەکەوێتە یادکردنەوە و گەڕان بەدوای کۆڵان و هەموو ئەو دۆخە سروشتییانەی کەتێیدا ژیاوە ئەشق ئامادەی خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەم یادگاریی و بیرەوەرییە لای پیرەمێرد گەورەتر دەکات و دەیبزوێنێت، بوونی (دڵپاک)ـە.

دڵپاک لە چەندین ڕوانگەوە لەگەڵ پیرەمێرددا لەیەک دەچن (**دوو جەستەی غەداڵی کراو، بە تەمەن، شێت،....** هد) بەڵام ئەوەی کە زیاتر ئەم دوو جەستەیە بەیەکەوە گرێ دەدات ئەفسانەیە. پیرەمێرد و دڵپاک دوو مرۆڤی دوای کارەساتن، دوو کەسێتی ئەفسانەیی، پیرەمێرد (**دەنووکی خستە سەر جامەکە و کەوتە لێستنەوەی.... بەڵام دواجار کە مەخلوقەکەی بینی، دەنگی مرۆڤی ئاسایی بوو،**

کەچی شێوە و ڕوخساری هی کۆترێ بوو.)[٢٩] دڵپاکیش **(هەر لە ئەزەلەوە بوونەوەرێکی پتەو و تونـدوتۆڵە و لە سەفەرە دوورە ئەفسانەییەکان گەڕاوەتەوە)**[٣٠] ئەگەر هۆکارێکی ئەو نزیکایەتییەی نێوان دڵپاک و پیرەمێرد لەوەوە هاتبێت کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ئەفسانەوە سەرچاوەیان گرتبێت، ئەوا تێگەیشتنیان لە زمانی یەکتری (زمانی شێت) یەکێکی ترە لە ئاگاداربوون لە دیالۆگی نێوانیان، ئەوەشی کە ئەم دیالۆگە بەڕێوە دەبات و دەیبزوێنێت، ئەشقی نێوانیانە، ئەو پەیوەندیەیە کە هەر دوولا لە خۆزگەیاندایە.

شێتی وەک ناوەندێک لە نێوان ئەفسانە و ئەشقدا کار دەکات و لە ڕێگەی زمانی خۆیەوە (زمانی شێت) پەیوەندی (ئەشق) دادەمەزرێت (ئەفسانە) کاری لەوەدایە کە پیرەمێردی گەڕاندووەتەوە بۆ سەر زەوی و لە ڕێگەی (شێتی و زمانی شێتی)ـیەوە پەیوەندی لەگەڵ دڵپاکدا دامەزراندووە، پەیوەندییەک کە دەیەوێت مافەکانی تێدا بتوێتەوە و جارێکی تر دنیایەکی نوێ دروست بکەنەوە، وەک بیانەوێت بڵێن ئەو مێژووە لە ئێمە نییە و لە خۆیانی دابڕن، بەڵام ئەم خەونە ئەفسانەییەیان نایەتە دی و وەک خۆیان بزر دەبێت، چونکە تەمەنیان لە مێژوویەکی واقیعیدا بەسەر بردووە و ئەم واتایە بۆ پیرەمێرد لە یادگارییەک بەولاوە هیچی تر ناگەیەنێت. وەک وترا ئەمان لە واقیعدا دوو جەستەی دابڕاوی دوو کاتی جیاوازن، کاتێک کە بە دەیان ساڵە پیرەمێردی بەجێ هێشتوە و دڵپاکیش لە گەرمەی لەدەستدانیدا (کە دوای مردنی کوڕەکانێتی) ئەشقی مرد و بە مردنی ئەشقیش خۆی مرد.

شێتی وەک ناساندنی نێوان دوو کاتی جیاواز دەیەوێت دنیایەک لە نێوان (مێژوو) و (ئاینده)دا لە ڕێگەی ئەشقەوە دابمەزرێنێت، بەڵام چونکە کات و زەوی بۆ ئەمان شتێکی لەدەستچووە، ئەم پرۆژەیە بۆ کاتی (ئێستا) بەجێ دەهێڵێت و لەگەڵ پەیامەکەی خۆیدا (واتە پەیامی شێت بوونی پیرەمێرد) کە دەیەوێت مێژوو لەیاد نەکەین و دنیایەکی نوێتر و بەئەزموونتر لە خۆشەویستدا دابمەزرێنێت، خۆشەویستییەک کە شێتی پێکی نەهێنابێت و هۆکارێک نەبووبێت بۆ ناچاربوونی ئەشق بە یەکتری، وەک لای (پیرەمێردی دڵپاک) دەردەکەوێت. ئەگەرچی (پیرەمێرد) وەک **(گوێ بۆ مۆسیقایەکی زۆر ئاشنا بە ڕۆحی بگرێ، وا دەکەوتە جیهانێکی لەگەڵ فریشتە و پەریزادان ڕاز و نیازی دەگۆڕییەوە.)**[٣١] و (دڵپاک)یش **(ئاسودی باڵی بەسەردا کێشا، ئەو بوو بە چەپەرێک بۆ پارێزگاریکردن لە بوون و مانەوەی)**[٣٢] بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵ لەو پەیامە ناگات کە (پیرەمێرد+ ئەفسانە+ شێت+ ئەشق) هەڵگریەتی و دەیەوێت بەشێک لە خۆمانمان بیر بخاتەوە، شێتی ڕاستەقینەیی دێتە کایەوە کە ئەوانەن لە مێژووی خۆیان تێناگەن. ئەوانەی کە لە خۆیان تێناگەن و نایانەوێت ئەشق لە دەرەوەی پەیوەندیکردنی شێتییەوە سەرچاوە بگرێت، بۆیە دەکەونە دژایەتیکردن و لەناوبردنی کەسایەتی و مرۆڤایەتی خۆیان، هەروەک (باسکال) دەڵێت (مرۆڤەکان ئەوەندە شێتن کە خۆی شێتییە ئەگەر شێتەکان قبوڵ نەکەین.)[٣٣] بە واتایەکی تر ئەفسانەبوونی کەسێتی لە (تاریکستانی لم)دا لەوەوە هاتووە کە توانای گێڕانەوە و پەڕینەوەی شوێن و کات،

کە لای (پیرەمێرد) بەرفراوان بێت و لەتوانایدا هەبێت لە هەموو جێگەیەکدا بدوێت، ئەگەرنا ئەم واتایە (بەئەفسانەکردنی کەسێتی) لە ئێستادا بۆ ئێمە کارێکە کە تێیدا سودمەند نابین و هەمان چارەنووسی (پیرەمێرد و دڵپاک)مان دەبێت. بگرە ئەم واتایە دەیەوێت پێمان بڵێت گەر من (شێتی) ناوەند و هۆکاری پەیوەندیکردن بێت بە (ئەشق)ەوە ئەوا تۆ واتە: ئێمە خۆمان ناوەندی یەکترین و هەمیشە لە کاتی ئامادەبوونی خۆماندا ین و دەتوانین چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین.

به تێگەیشتن لە زمانی (شێت)[٣٤] گەیشتنمان بە هەموو چەمکەکانی تر فراوان دەبێت و لەوێوە دەتوانین واتا شاراوەکانی (ئەفسانە و ئەشق) بدۆزینەوە، هەروەکو فۆکۆ دەڵێت (زمان لەو جێگەیەدا بەکار دێت کە تەفسیرێک لە گۆڕێدا بێت، واتە مانا شاراوەکانی هەر گوتارێک ئاشکرا بکات.)[٣٥]

ئەوەی زمانی (شێت) دەیەوێت ئاشکرای بکات لە ڕۆمانەکەدا کارەساتی ئەنفالە و ئەوەی زمانی (ئاقڵ)ـەکان دەیەوێت ئاشکرای بکات (شێت) بوونی خۆیانە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (ئایندە) ژمارە (٧٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا بڵاوکراوەتەوە.

(٢) گۆڤاری کاروان، چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاح عومەر)دا، ئامادەکردنی: کاروان عەبدوڵڵا، ژمارە ١١٤، ١٩٩٧، ل٢٨

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٩

(٤) دیکارت (١٥٩٦ ١٦٥٠) یەکێکە لە و فەیلەسوفانەی کە چەمکی شێتی بە (دژە ئاقڵ) ناو دەهێنا و هەموو جۆرەکانی تری شێتی دەکاتە دەرەوەی ئەقڵ کاتێ کە دەڵێت: (**چۆن دەتوانم ئینکاری ئەوەبکەم کە ئەم جەستە هی منە... مەگەرشێت بم)**

(٥) قامووسی دەروونناسی، د. عبدالستار تاهیر شریف چاپخانەی علاء، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٨٤، ل٥٧

(٦) بۆنموونە لەزمانی ئینگلیزیدا (Insanity – dementia – mania – crazy – mythomonia - megaiomania) لەیەکتر جیاکراونەتەوە وەک لە (قامووسی دەرنناسی د. عبدالستار تاهیر شریف)دا لە لاپەڕەکانی (٥١ ٥٧، ٩٢، ١٣٢، ١٢٦، ١٣٥، ١٧٩) ڕوون کراوەتەوە.

(٧) گەلاوێژی نوێ، سالار یاسین (شێتی لەڕوانگەی میشێل فۆکۆ و شێتی لە لای کورد) ژمارە ٣، ١٩٩٧، ل١٧٠

(٨) گۆڤاری کاروان، ژمارە ١١٤، ل٢٩

(٩) ڕۆمانی تاریکستانی لم، سەلاح عومەر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٧، ل٣

(١٠) سەرچاوەی پێشو، ل٤

(١١) سەرچاوەی پێشو، ل٥

(١٢) تاریکستانی لم، ل١٦٧

(١٣) گۆڤاری گوتار، لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی (تەمەن لە ژوورە سپییەکاندا)، ڕێبوار حەمە ڕەحیم، ژمارە ٧–٨، ١٩٩٩، ل١١٧

(١٤) تاریکستانی لم، ل٨

(١٥) هەمان سەرچاوە، ل٣٢

(١٦) سیمینارێکی بەختیار عەلی (لە ئەنفالەوە بۆ کۆچ)، هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی، ١٩٩٨/١٠/٨

(١٧) تاریکستانی لم، ل٦٩

(١٨) هەمان سەرچاوە، ل٦٩

(١٩) هەمان سەرچاوە، ل٧٨

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل٦٣

(٢١) هەمان سەرچاوە، ل١٣٠

(٢٢) گۆڤاری دەروازە، فایلی فۆکۆ، ژمارەی ٢، ١٩٩٤، ل٨٢

(٢٣) تاریکستانی لم، ل٨١

(٢٤) سیمینارێکی مەریوانی وریا قانع، (ئەنفال ڕوداوێک لە دوامانەوە یان ئەگەرێک لە پێشمانەوە) هۆڵی هونەرە جوانەکان، ١٩٩٩/١/٢٨

(٢٥) السطورة، ك، ك، راثفين، ترجمة: جعفر صادق الخليلي، سلسلة زدني علما، طبعة الاولى، بيروت، عدد (١٠٢)، ١٩٨١، ص١٩

(٢٦) السطورة، ل٣٥

(٢٧) گۆڤاری کاروان، ژمارە (١١٤)، ل٣٢

(٢٨) پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی یکگرتوو، ڕەهەندی میتۆلۆژیا و ئەگەرەکان لە (مەرگی تاقانەی دووەمدای) بەختیار علی، علی زەڵمی ژمارە (١٨٢)، ساڵی ١٩٩٨.

(٢٩) تاریکستانی لم، سەلاح عومەر، ل٢٣

(٣٠) هەمان سەرچاوە، ل١٤٣

(٣١) هەمان سەرچاوە، ل١١٤

(٣٢) هەمان سەرچاوە، ل١٤٨

(٣٣) گۆڤاری سەردەم، زانین و دەسەڵات، بابەکی احمدی، وەرگێڕانی (ڕێبین هەردی)، چاپی دەزگای سەردەم ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٩، ل٢٩

(٣٤) زمانی (شێت) لێرەدا تایبەتە بە دۆخی (شێتی) ناو ڕۆمانەکە نەک هەموو شێتێک.

(٣٥) گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٢)، ل٢٩

خوێندنەوەیەک بۆ دوا سەفەری نالی[١]

پێشەکی:

تا ئێستا بەڵگە و سەلمێنەرێکی وەها لەبەردەستدا نییە کە تەواوی ژیان و بەسەرهاتی شاعیری کورد (نالی)مان بۆ ڕۆشن بکاتەوە. زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لەم بارەیەوە نووسراون، بەهەمان شێوەی زۆربەی ژیاننامەی شاعیرانی هاوسەردەمی نالی، نەک هەر جێگەی گومانن، بەڵکو بەشێکیان ڕاستییان ئاوەژوو کردووەتەوە و بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەو گومان و پرسیارانەی کە ڕووبەڕووی نووسینەوەی مێژووی ئەدەب و ژیاننامەی ئەم شاعیران. هەڵبژاردنی ئەم نێونیشانەش هەر لەم گۆشەنیگایەوەیە و بۆ دەرخستن و تێڕامان لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە لەبارەی دوا سەفەری نالی بۆ دەرەوەی هەواری خۆی (سلێمانی) تا ئێستا، نووسراون و وتراون.

ئەگەرچی لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ژیاننامەی نالی زۆرترین بەختی هەبووە و لە هەر شاعیرێکی تری هاوسەردەمی خۆی لێکۆڵینەوە و نامەی ئەکادیمی زۆرتری لەسەر نووسراوە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە تایبەتن بە پرسین لە هەندێک وێستگەی ژیاننامەی ئەم شاعیرە. سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی نالی، زنجیرەیەک بۆچوون هەیە و جگە لە (عەلائەدین سەجادی) کە پێی وایە لە ساڵی ١٧٩٧دا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٥٥دا کۆچی دوایی کردووە[٢] هەریەک لە (محەمەد

ئەمین زەکی بەگ)[٣] و (د. مارف خەزنەدار)[٤] و (د. کەمال فوئاد)[٥] پێیان وایە لە ساڵی ١٨٠٠دا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٥٦ کۆچی دوایی کردووە... بەم پێیە بێت، نالی ٥٦ یان ٥٨ ساڵ ژیاوە! بەڵام لە کاتی خۆیدا و هاوکاتی هەموو ئەم بۆچوونانە، (مەسعوود محەممەد) پێی وابوو ئەم نووسینانە (هۆی دڵنیاییان تێدا نییە و دەستەوەستانیین بەرانبەر ئەو ساڵە ناودەرکردووەی کە ١٧٩٧یە و بە ساڵی وەلەدبوونی نالی ناو براوە، هەروەک چۆن دەستەوەستانیین بەرانبەر ئەم ساڵە، دەستەوەستانیشین بەرانبەر ساڵێکی تری وەک ١٧٩٠ یان ١٨٠٥ یان هەرساڵێکی تری خزم بە مان. ئەوەی دەڵێ نالی لە ساڵی ١٧٩٧ هاتووەتە دنیا، هەر ئەوەندە بەڵگەی بەدەستەوەیە کە بە دەست یەکێکی ترەوەیە و دەڵێ لە ١٨٠٤ یان ١٧٩٥ یان ١٧٩٣ یان یەکێکی تری وەک ئەمان نالی بە وەلەد بووە. هیچ یەکێک لەم ساڵانە، بایی فلسێک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە.)[٦]

ئەوەبوو ساڵ تێپەڕی و دۆزینەوە و بەردەستکەوتنی دوو سەرچاوە، بۆ چوونەکەی مەسعوود محەممەدیان سەلماند و کتێبەکانی (نزهە الفکر)[٧] و (عثمانلی مؤلفلری)[٨] هەموو ئەو بۆچوونانەی هەڵوەشاندەوە کە بۆ ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی و سەردەمی ژیانی شاعیر دیاری کرابوون، ئەم دوو سەرچاوەیە ئەوەیان سەلماند کە تەمەنی شاعیر بۆ نزیکەی بیست ساڵ درێژترە لەو تەمەنەی کە پێشتر بۆی دیاری کرابوو.

پرسیاری گشتی لەم خوێندنەوەیەدا، ڕووبەڕووی بۆچوونێکی تـری بــاوە لەســەر ژیاننــامەی نــالی و ئەوەنــدەی کە پەیوەنــدی بە دوا سەفەری ئەم شاعیرەوە هەیە لە بەجێهێشتنی سـلێمانی و ڕوو کـردنە ئاوارەیی. تا ئێستا وەڵامـی بـاوی ئەم پرسـیارە، لەسـەر بۆچـوونێکی مەسعوود محەممەد وەستاوەتەوە و لێـرەدا هەوڵ بـۆ ڕەخنەگـرتن لەم بۆچوونە دەدرێت و لە ڕێی دووبـارە لێکـدانەوە بـۆ ئەو شـیعرانەی کە شاعیر لە مەککە و مەدینە نووسیونی، هەروەها ئەو شیعرانەی کە بـۆ ئەحــمەد پاشــا و مەســتوورەی نووســیوە و ئەو شیعرەشــی کە لە شامەوە بۆ سـالمی نـاردووە، خوێنـدنەوەیەکی نـوێ بـۆ دوا سـەفەری نالی و دوورکەوتنەوەکەی پێشکەش دەکرێت.

وەک لە شیعرەکانی شاعیرەوە دەردەکەوێت، نالی چەنـد جارێـک سەفەری کردووە و لە (سلێمانی) دوورکەوتووەتەوە و ڕووی لە: سنە، مەککە، مەدینە، شام، ئەستەنبوڵ کـردووە. هەر یەک لەم سـەفەرانە، بــۆ مەبەســتێکی دیــاریکراو کــراون و لە پشــت هەر ســەفەرێکەوە، جیهانبینی و خەون و ئاواتێـک هەبـووە و دەکرێـت هەر سـەفەرێک بە جیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و باری هەمەلایەنەی تێکست و ژیانی شاعیری لێوە بخوێندرێتەوە.

سەبارەت بە دوا سەفەری شاعیر و ئەو پرسیارانەی کە: ئایـا دوا سەفەری شاعیر، لە کام ساڵ و کام قۆناغی تەمەنیدا بووە؟ ئایا نالی خۆی ئەم سەفەرەی هەڵبژاردووە، یان بەسـەریدا سـەپێنراوە و ناچـار کراوە تا لە سلێمانی دوور بکەوێتەوە و هەڵبێت؟ ئایا هۆی چی بـووە دوای ئەم ســەفەرە، نەگەڕاوەتەوە وڵات و تــا دواســاتی تەمەنــی لە

غەریبیدا ماوەتەوە؟ ئایا ئەو بیروڕایانەی لەبارەی دوا سەفەری شاعیرەوە نووسراون و بەستراونەتەوە بە هۆکاری (ئاینی و نەتەوەیی)یەوە، تا چەند لەگەڵ ڕاستی مێژوویی و دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ و ناوەرۆکی شیعرەکانیدا دێنەوە؟ لێرە بەدواوە هەوڵ دەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

سەبارەت بەو ساڵەی کە نالی دوا سەفەری تێدا کردووە و لە سلێمانی دوور کەوتووەتەوە، چەند بۆ چوونێک هەن (عەلائەدین سەجادی) بەبێ بەڵگە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە، دەنووسێت (نالی لە ۱۸۳۰دا ئەچێ بۆ حەج و سولەیمانی بەجێ دێڵێت، حەج ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ شام و چەند ساڵێک لەو ناوەدا ڕایبواردووە، هەوای مەڵبەندی ئەکەوێتە سەر و لە ۱۸۳٤دا کاغەزە بەنێوبانگەکەی... ئەنووسێ بۆ سولەیمانی.)[۹] بەڵام ئەم بۆچوونە، زۆر بە سانایی لەبەردەم تۆماری مێژوو و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی میرنشینی بابان و ناوەرۆکی چامەکەی نالیدا خۆی ڕاناگرێت. لەبەر ئەوەشی کە ئەم بۆچوونە زۆری لەسەر نووسراوە، پێویست ناکات لێرەدا ڕەخنە و باری سەرنجەکان دووبارە بکرێنەوە[۱۰] و تەنها بەوەندە کۆتایی پێ دەهێنین کە باری پرسیار و ئاڵوگۆڕەکان لەو شیعرەدا، بۆ دوای دەسەڵاتدارێتی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە کە تا ساڵی ۱۸٤۷ بەسەر پێوە بووە. ئەمە جگە لەوەی کە تێکستی شیعرێکمان لەبەردەستدایە کە مانەوەی نالی لە سلێمانی و تا ساڵی ۱۸۳۸-۱۸۳۹ز پشتڕاست دەکاتەوە و ئەوە دەردەخات کە نالی تا کۆتایی سییەکانی سەدەی نۆزدە، هێشتا دوا سەفەری نەکردووە و سلێمانی

بەجێ نەهێشتووە، ئەمەش بە لێکدانەوەی دەستەواژەی (تەئریخی جەم)[11] لەو شیعرەدا دەردەکەوێت کە نالی پاش کۆچی دوایی سلێمان پاشای بابان و شوێنگرتنەوەی لەلایەن ئەحمەد پاشای کوڕیەوە، نووسیوێتی:

تا فەلەک دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو

❋ ❋ ❋

شاهی (جەم) جا (نالیا) (تەئریخی جەم) تەئریخییە

تا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جاە نەبوو[12]

دوابەدوای عەلائەدین سەجادی، بۆچوونێکی تر هەیە (کە تا ئێستا لە لایەن زۆر نووسەر و لێکۆڵەرەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە) ئەویش ئەو بۆچوونەیە کە بۆ یەکەمینجار لە لایەن مەسعوود محەممەدەوە خراوەتە ڕوو و دەنووسێت (بە پێی لێکدانەوەی من، کە داخوازی حاڵیش وا ڕادەگەیەنێت، نالی لە نێوان ١٢٥٤ کە مەرگی سلێمان پاشای تێدابووە و ساڵی ١٢٦١ کە حوکمی بابان بەسەر چووە، ڕۆیشتووە بۆ حەج. ئیتر بەر لەوە توانیبێتی بگەڕێتەوە، کارەساتی نەمانی حوکمی بابان ڕووی داوە. هەر بەم لێکدانەوەیە وا دەزانم چوونەکەی نالی بۆ حەج، دوای بەسەرچوونی حەجەکە، گورج دەگەڕایەوە بۆ سلێمانی. وا دیارە هەر لە سەروبەری خەریکبوون بە حەجەکەوە، قەدەر لە کارسازیی میراتی بابان بووەتەوە و ڕێی

گەڕانەوەی نالی بۆ سلێمانی بەستووە.) ئەم بۆ چوونە پێ لەسەر سێ خاڵ دادەگرێت کە ئەمانەن:

یەکەم: دوا سەفەری نالی لە نێوان ساڵانی (١٢٥٤-١٢٦١) بووە.

دووەم: هۆکاری دوا سەفەری نالی، حەجکردن بووە.

سێیەم: لە کاتی گەڕانەوەی لە حەج، بیستویەتی کە دەسەڵاتدارێتی بابان تێک چووە، ئیتر ئەمیش نەگەڕاوەتەوە.

مەبەستی مەسعوود محەمەد لە دیاریکردنی ساڵی ١٢٥٤ک (١٨٣٨-١٨٣٩ز)دا مەبەستی لەو شیعرەیە کە نالی بۆ جێگرتنەوەی سلێمان پاشا لە لایەن ئەحمەد پاشای کوڕیەوە نووسیوێتی. سەبارەت بە ساڵی ١٢٦١ک (١٨٤٥-١٨٤٦ز)یش مەبەستی لە کۆتاییهاتنە بە دەسەڵاتی بابانەکان. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لەم ساڵەی کە مەسعوود محەمەد دیاری کردووە، دەسەڵاتی بابانەکان بەسەر نەچووە چونکە (پاش ئەوەی کە ئەحمەد پاشا لە ساڵی ١٢٦٤ک لەگەڵ سوپای نەجیب پاشای والی بەغدادا بەیەکیاندا دا و لە ئەنجامدا ئەحمەد پاشا تووشی شکست هات، ڕەوانەی ئەستەمبووڵ کراوە.)(١٣) واتە نزیکەی دوو بۆ سێ ساڵ جیاوازی لە دیاریکردنی ئەم مێژووەدا هەیە.

ئەم بۆچوونەی مەسعوود محەمەد، بەهەمان شێوەی بۆچوونەکەی عەلائەدین سەجادی (حەجکردن و ئەو چامە شیعرییەی کە بۆ سالمی ناردووە) بە دوو هۆکار بۆ دیاریکردنی ساڵ و وادەی دوا سەفەری نالی دادەنێت، بەڵام چی بەدەستەوەیە تا ئەوە دیاری بکات نالی لەم کاتانەدا بۆ حەج چووە و لە گەڕانەوەشیدا لە شامەوە

ئەم چامەیەی نووسیوە!؟ مەسعوود محەممەد لە باوەڕی تەواوەوە دەنووسێت (نالی کە سلێمانی بەجێ هێشت، بۆ ئەو سەفەرە یەکجارەکییەی کە لێی نەگەڕایەوە بەرەو مەفتەن، لە ماوەی دوو ساڵاندا حەجی کرد و بە دوا حەجدا لە شام مایەوە و ئەوجارە چوو بۆ ئەستەمبوڵ و لێی بوو بە میوان.)[١٤] هەروەها (د. عەبدوڵڵا حەداد)یش بە پشتگیری بۆچوونەکەی (مەسعوود محەممەد) دەنووسێت (لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٨ نالی سلێمانی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ حەج و سەفەری حیجازی دوو ساڵی خایاندووە.)[١٥]

ئەم بۆچوونە باوە، لە بنەڕەتدا پشت بەوە دەبەستێت کە نالی دوو جار حەجی کردووە و لەو شیعرانەیدا کە لە سەفەری یەکەم حەجیدا نووسیونی (ئاخ و کەسەری پیربوونیان تێدا نییە، باسی غەریبی و دوورکەوتنەوە لە وڵات ناکەن و وەسفی درێژ و پڕ مەعنای بیابانی ڕێگەی حەجیان تیایە.)[١٦] ئێمە جگە لەوەی تەنها بەڵگەمان بۆ ئەو حەجکردنەی لەبەردەستدایە کە لە دواساتەکانی تەمەنیدا کردویەتی و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ، هیچ بەڵگەیەکی ترمان نییە تا ئەوە بسەلمێنن نالی پێش ئەم حەجکردنە، جارێکی تر حەجی کردبێت!؟ ئەوانەی باوەڕیان وایە کە نالی پێش تێکچوونی دەسەڵاتدارێتی میرنشینی بابان، سەفەری حەجی کردووە، تەنها بەڵگەیان ئەوەیە کە لە هەر دوو شیعری (ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا...) و (ئەی ساکینی ڕیازی مەدینە...)دا باسی پیربوون و غەریبی و دووردرێژی ڕێگەی نەکردووە؟! لێرەدا چەند نموونە و

بەراوردکارییەک لەگەڵ چەند شیعرێکی تری نالیدا دەخەینە ڕوو کە سەفەری حەجدا نووسیونی:

نالی لە شیعری (ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا)دا دەنووسێت:

بەقییەی عومری زایع گەر مورادت پێ تەدارەک بێ
حەیاتی مەککەت و مەوتی مەدینەت جەبری نوقسانە (١٧)

هەروەک چۆن لە شیعری (ئەی تازە جەوان...)دا نووسیوێتی:

ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادە کەوتووم
تاماوە حەیاتم (١٨)

هەروەها لە شیعری (ئەی ساکینی ڕیازی مەدینە...)دا دەنووسێت:

ڕۆژی جەزا ڕجا بکە بۆ "نالی" دەربەدەر
چون لەم جیهان گوناهی گەلێ زۆر و ئەکسەرە (١٩)

هەروەک چۆن لە شیعری (وەی کە ڕوو زەردی مەدینە...)دا هەمان ناڕەزایەتی دووبارە دەکاتەوە و نووسیوێتی:

وەی کە ڕوو زەردی مەدینە و ڕوو سیاهی مەککە خۆم!
دەرکراو و دەربەدەر یارەب دەخیلی عەفووی تۆم (٢٠)

ئەگەر ئەم نموونە شیعرییانە نەتوانن تینوێتی ئەو بۆچوونە بشکێنن کە پێیان وایە نەنووسینی (پیری و غەریبی) و نووسینی (باسی دووری ڕێگە) هۆکارە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نالی لە ماوەی

نێــوان (١٨٣٨-١٨٤٨) حەجــی کــردووە، ئەی چــۆن وەڵامــی ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە کـە ئایـا مـاوەی حەجکردنێـک، ئەگەر لە نێـوان (١٨٣٨-١٨٤٨) کرابێت و بینینی نالی لە شـام (١٨٥٣-١٨٥٤) کە ئەگەر لە ساڵی ١٨٤٧یشدا ئەو سەفەرە کرابێـت، چـۆن حەجکردنێـک نزیکەی شەش ساڵی پێ چووە؟! ئایـا نـالی لە کـاتی گەڕانەوەیـدا لە حەج، وەک مەســعوود محەمــەد نووســیوێتی (بیســتویەتی کە دەسەڵاتدارێتی بابان تێک چووە، ئیتر ئەمـیش نەگەڕاوەتەوە.) بـۆچی چووە بۆ ئەو شوێنەی کە بڕیاری تێکدانی میرنشینە خۆشەویستەکەی نــالی لێــوە دەرچــووە کە ئەســتەمبووڵە؟! یــان ئایــا چ بەڵــگەیەک بەدەســتەوەیە کە ئەوە ڕەت بکـاتەوە کە نـالی ئەم چـامەیەی لە دوا ساتەکانی تەمەنیـدا نەنووسـیبێت؟ یـان بەڵگەمـان چیـیە کە مێـژووی نووســینی ئەم چــامەیە بــۆ دوو ســاڵی دوای یەکەم حەجــی نــالی دەگەڕێتەوە؟! چونکە وەک دەزانرێت نووسینی ئەم چامەیە لە سـاڵی (١٨٥٣-١٨٥٤) تەنها گریمانەیەکی ڕووتە و هیچ بەڵگەیەکـی لەسـەر نیــیە، ئەگەرچــی شــوێن و کــاتی بــۆ شــام و دوای کۆتاییهــاتنی دەسەڵاتدارێتی میرنشینییشی پێوە دیارە وەک دەنووسێت:[٢١]

بۆ موڵکی شامە نامەیی من سوویی "نالی"یە

هەر حەرفی ئەو لە وەچعی ویلایەت دەدا خەبەر

❊ ❊ ❊

لەو سایەوە کە حاکمی "بابان" بەدەر کران

نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر

ئەگەر سەرنج لەو دەربڕین و پرسیارانەش بدەین کە نالی لە شوێن و گۆڕانکارییەکانی سەرباری شوێن دەیانکات و سالم وەڵامیان لەسەر دەداتەوە، سەرەداوێکیش بەدەستەوەیە کە گریمانەی ئەوە بکەین لایەنی کەم ئەم ڕووداوانە چەند ساڵێکیان دەوێت تا ڕوو بدەن و بارەکە بەوە بگات لە ڕووی مێژووییەوە تێپەڕببێت، وەک دەربڕینەکانی:

سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵ و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا سەبوور(٢٢)

❊ ❊ ❊

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور! (٢٣)

پرسیاری نالی لە گۆڕستانی (سەیوان):

(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبز و ساف
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟!

وەڵامی سالم:

(سەیوان) پڕە لە شەخسی ستەم دیدە خوار و ژوور
هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەر لا دەکەم نەزەر

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، وەک چۆن لە شیعری کلاسیکیدا دوا دێڕ هێزی تایبەتی هەیە، لە دوا دێڕی چامە شیعرییەکەشدا نالی

دەرگامان لەسەر بۆچوونێکی جیاوازتر و نوێتر بۆ دەخاتە سەر پشت کاتێک دەنووسێت:

حاڵی بکە بە خوفیە: کە ئەی یاری سەنگ دڵ

(نالی) لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور[٢٣]

ئایا دەبێت سالم بە خوفییە و شاراوە کام یاری سەنگ دڵی نالی بڵێت کە وا نالی لە دووەرەوە سەلامی بۆ ناردووە!؟ یان ئایا چۆن لێکدانەوە بۆ ئەو ساڵە بکەین کە نالی پێشەکیی و لێکدانەوەی بۆ کتێبی (مناظر الانشاء)[٢٤]ی (عمادالدین محمود گیلانی) نووسیوە و زۆر ڕێی تێدەچێت لەو ساڵەدا ١٢٦٦ک (کە دەکاتە دەوروبەری ١٨٥٠ز) نالی لە ئەستەمبووڵ بووبێت... ئەمانە هەموو بابەتی تری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زۆرترن و جارێ هەروا ماونەتەوە و کەس دەست و بیری لەگەڵدا نەخستوونەتە کار و هوڵی وەڵامدانەوەی نەدراوە!؟

با لێرەدا گریمانەیەکی تر لەشوێنی ئەم گریمانەیە دابنێین و پێمان وابێت کە نەخێر نالی لە نێوان ١٨٣٨-١٨٤٧ز سەفەری حەجی نەکردووە و بۆ ئەم مەبەستە سلێمانی جێ نەهێشتووە، چ بەڵگەیەک هەیە کە ڕووبەڕووی ئەم گریمانەیە ببێتەوە؟! بەتایبەت یەکێک لەو ڕووداوە مێژووییانەی تا ئێستا هیچی لەبارەوە نە نووسراوە و نەوتراوە، هاتنی مەستوورە خانی ئەردەڵانییە بۆ شاری سلێمانی لەم کاتانەدا و ئەوەش ئاشکرایە کە نالی پەیوەندییەکی شیعریی و ئاینیی و عەشیرەتیی و دەسەڵاتدارێتیی جیاواز و دژی لەگەڵ مەستوورەدا هەبووە.

مەستوورەی هاوسەردەمی ژیانی نالی، لە ساڵی ١٨٠٥ز[٢٥] لە شاری سنە و لە گەرمەی دژایەتیکردنی نێوان هەردوو میرنشینی بابان و ئەردەڵاندا لەدایک بووە و ساڵی ١٨٤٧ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان لە سلێمانی بەخاک سپێرراوە.[٢٦] لە ڕێی بوونی شیعرە داشۆرینەکەشیەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە نالی مەستوورەی بینیوە و بینینەکەش بایی ئەوەندە بووە کە بتوانێت ئەو شیعرە بەرزەی بۆ بنووسێت کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە پلەیەکی بەرزدایە.[٢٧] تەنانەت تێکستی نووسراویش بە ناوی مەستوورەوە لەبەردەستدایە کە مەستوورە وەڵامی ئەم خەونەی نالی داوەتەوە.[٢٨] لە ڕێی ئەم دوو شیعرەوە (بەتایبەت ئەوەی نالی) دەتوانین چەند لێکدانەوەیەک بۆ هۆکاری دانانی شیعرەکە بکەین و گریمانەکەی پێشووتری پێ بەهێز بکەین و بپرسین ئایا نالی هەر لەخۆڕا ئەم خەونە شیعرییەی بینی و نووسی؟! (مەسعوود محەممەد) هۆکاری نووسینی ئەم شیعرەی نالی بۆ ویستی نووسینی شیعر بە زمانی کوردی و دژایەتیکردنی ئەو زمانە دەردەبڕێت کە خانمە کوردێکی بەدەسەڵاتی وەک مەستوورە لەو کاتانەدا شیعری پێ نووسیوە، کاتێک دەنووسێت (گەرچی نازانیین هۆی ڕاستەقینەی ئەم کردەوەیەی نالی چییە و بۆمان ڕوون نییە، بەڵام بە بڕوای من لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا نالی سەرۆکایەتی بزووتنەوەی بە زمانی کوردی هۆندنەوەی گرتبووە ئەستۆ، زۆری لا ناپەسەند بووە کە ژنە خوێندەوارێکی کورد لە بنەماڵەیەکی ناسراوی میرانی کورددا بە فارسی شیعر بڵێ و زمانەکەی خۆی بخاتە پشتگوێ و لێی

نەپرسـێتەوە، ئەمە لە سـەرێکەوە و لە سـەرێکی تریشـەوە نـالی ویستویەتی بە خەڵکی بسەلمێنێ کە زمانی کوردی لە زمانەکانی تـر کەمتر نییە و لە هەموو بوارێکدا دەتوانێ ئەسپی خۆی تاو بدا.) بەڵام ئاشکرایە جگە لەوەی هێـزی شـیعری نـالی و مەسـتوورە، لەگەڵ یەک بەراورد ناکرێت، لەهەمان کاتیشدا نەک مەستوورە، هەمـوو شـاعیرانی تری هاوسەردەم بەو زمانە شیعریان نووسـیوە کە بـاو بـووە و زمـانی عەرەبی و فارسی و تورکی بووە. بـوونی دژایەتیکردنـی مەسـتوورەش لەوەوە نەبووە کە ئەم کارە ڕەت بکاتەوە، بـەڵکو وەک دەرکەوتـووە، مەستوورە بە زمانی کوردی شێوەی (گۆرانی و سۆرانی)یـش شـیعری نووسـیوە.[٢٩] و پێناچێـت ئەم پاسـاوە تەنهـا ئەم هۆکـارەی لە پشتەوەبێت و پێـدەچێت چەنـد هـۆیەکی تـر لە پشـت نووسـینی ئەم شیعرەوە بن و وەک (محەممەدی مەلا کەریم) دەڵێـت، نووسـینی ئەم شیعرەی نالی (نیشـانەی چاونەترسـیی و ئـازایەتییەکی بێسـنوورە لە لایەن نـالییەوە و بەڵـگەی ئەو ئـاگری یـاخیگەرییەیە کە لە سـینەیدا کڵپەی سەندبوو، بۆیە بەم تونـدوتیژییە هەجـووی مەسـتوورە خـانمی کردووە.)[٣٠] بەڵام ئایا و ئەم ئازایەتیی و یاخیگەرییەی کە لە سینەی ئەم شـاعیرەدا پەنگـی خـواردووەتەوە، دەبێـت لە چ نـاوەرۆک و ڕەهەنـدێکەوە سـەرچاوەی گرتبێـت؟ ئایـا وەک (مەلا جەمیلـی ڕۆژبەیانی) بۆی چووە لەو دوژمنایەتییەوە نەبووبێت کە ڕیشەکەی بـۆ پێشین دەگەڕێتەوە و پەیوەندی بەو کاتـانەوە هەیە کە (دوژمنـایەتی و ساردی لە نێوان میرنشینی بابان و ئەدەڵاندا هەبووە، بۆ نموونە لە سەردەمی حوکمڕانی خوسرەو خانی ناکامدا، کە مێردی مەستوورەیە،

بابانەکان هەڵمەتێکی زۆر گەورەیان بردووەتە سەر میرنشینی ئەردەڵان.)[٣١] یان پەیوەندی بە جیاوازی مەزهەبی و ئاینییەوە هەیە کە (جیاوازی مەزهەبی لە نێوان نالی و میرەکانی ئەردەڵاندا یەکێ لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم هێرشەی نالییە)[٣٢] یان دەبێت پەیوەندی بەو هەستە لە کوڵەی بابانیی و شانازیکردن بە جافایەتییەوە نەبووبێت کە لە دەروونی نالیدا بووە و ویستویەتی لەم ڕێگەیەوە دەری ببڕێت؟ چونکە جگە لەوەی مەستوورە لە مێژوونووسە یەکەمەکانی کورد و بووە و ئاگاداری باری ڕابردووی گۆڕانکارییەکانی سەر بە میرنشینی ئەردەڵان بووە، نالیش کەسێکی بە ئاگابووە و (مێژووی ئەردەڵانی باش خوێندووەتەوە، چونکە خۆی بە شاعیری میرنشینی بابان زانیوە و دڵبەستەکییەکی فراوانی بەو میرنشینەوە بووە.)[٣٣] ئەمە جگە لەوەی کە نالی (لە ڕووی خێڵەکییەوە لە هۆزی جافە، مەستورەیش لە مێژووەکەیدا هێرشێکی نارەوای کردووەتە سەر میرەکانی بابان و بە ناشرینترین شێوە باسی جافەکان دەکات.)[٣٤] شتێکی ئاساییە ئەم هەستە لە دەروونیدا پەنگی خواردبێتەوە و زۆرتر لە هەر شاعیرێکی تر لە پاڵ نووسینی شیعر بە زمانی بێگانە ڕووبەڕووی ئەم هەستەی نالی بووبێتەوە. (سدیق بۆرەکەیی)یش هەمان بۆچوونی هەیە و دەنووسێت (بابانها و اردلانی ها با هم در کشمش و جنگ جدال بودند و جاف ها هم هر سال در اگراف سنندج به ییلاق می امدند و این بود که اردلانی ها در حملەای چند تن از جاف ها را کشتند و اینها باعث شد که نالی برای گرفتن انتقام از اردلانی ها و بدنام کردن مستوره در قیدەای او را هجو کرد.)[٣٥] مەستوورەش لە

مێـژووی ئەردەڵانەکەیـدا، جەختـی لەسـەر ناتەبـایی نێـوان هەر دوو میرنشـین کـردووەتەوە و بۆچـوونی خـۆی سـەبارەت بە جافەکـانیش نەشـاردووەتەوە و دەنووسـێت (لەبەر ئەوەی کە کـوردی نـاوچەی سلێمانیی و شـارەزوور و هـۆزی جـاف، کە لەسـەر سنووری نـاوچەی سنە پەز و ئاژەڵیان دەلەوەڕاند، پێیان لەبەری خۆ زێتر ڕاکێشـابوو و ئاژاوەیەکی زۆریان لە ناوچەکەدا نابووەوە و والی هەرچەنـدی دەکـرد، ئەم کردەوەیەی بۆ قووت نەدەچوو، بڕیاری سـەرکوتکردنیانی دا و دە گژیان ڕاچوو و تیرە و هۆزەکانی جافی سەرلەبەر چەپاو دا و تالآن و بـڕۆی کـردن و زۆربەی نـاوداران و بەڕێزانیـانی لە شـیر کێشـان. لەم دەگژڕاچوون و شەڕ و شۆڕەدا لە شکری سـەرکەوتووی ئەمانوڵڵاخـان پەنجاهەزار تمەنی زێتر بە دەست کەوت و هەمووی بۆ سـنە نـارد بـۆ والـی، خۆیشـی بە تەنـتەنە و هەیتوهـووتەوە، لەسـەر مەریـوان و شـارەزوورەوە هـاتە نـاو شـاری سـلێمانییەوە، مەڵبەنـدی پاشـاکانی بابـان. ئەو سـەروبەندە، مەحمـوود پاشـا میـری بابـان بـوو. پـاش گەیشـتنی والـی چەنـد ڕۆژێ، مەحمـوود پاشـا بە خـۆی و دەسـتەو دایەرە و پیاوماقوڵان و بازرگان و بازاڕیانەوە شـاری سـلێمانیان چـۆڵ کـرد و وردباریـک بـۆی دەرچـوون و هەرچـی مـاڵ و سـامانێکی لە مزگەوت و تەکیە و خەڵوەتخانە و کولبەردا شاردبووە، هەمـوو وەگیـر لەشکری ئەمانوڵڵاخـان کەوت.)[٣٦] وەنەبێـت بابانەکـانیش لەمبـارەوە کەمیـان کردبێـت و هەروا دەستەوەسـتان دانیشـتبن و هیچیـان نەکردبێت، بۆ نموونە لەسەر هێز و زۆرێتـی سوپای بابـان و ئەحـمەد پاشای بابان بەرانبەر بە هەورامییەکان (محەممەد ئەمین زەکی بەگ)

لە دەفتەرێکی دەستنووسی (حسین نازم)ـەوە دەنووسێت (ئەحمەد پاشا زۆر بە دەست و توندە تەبیات بوو. زۆری لێ دەترسان و کەس نەیدەتوانی خراپە بکا. بەعزێ لە پیاوخراپ ڕایان کردبووە ناو هەورامیی و ئەحمەد پاشا داوای ئەمانەی لێکردن و هەورامییەکان گوێیان نەدایە، لەسەر ئەمە لەشکرێکی ناردبووە سەر هەورامان و چەند هەزار تەور بەدەستێکی لەگەڵ ناردن، خەڵکی هەورامان ڕایان کرد و خۆیان شاردەوە. تەور بەدەستی بەبە، هەموو باخەکانیان بڕین و هەورامییەکانیان ماڵوێران کرد.)[٣٧] دوور نییە هەموو ئەم هۆکارانە بەیەکەوە کاریان لە دەروون و هەستی نالی نەکردبێت و لە پاڵ بوونی هەستێکی گەنجانەی چەپێنراوەوە ئەم زیندە خەونەی نەبینیبێ و نە نووسیبێت. لەملاشەوە ئایا دەبێت نووسینی شیعرێکی لەم جۆرە، بۆ مەستوورەیەکی دەسەڵاتداری پایەبەرزی ناو دیوەخان چۆن لێک دەدرێتەوە و دڵ بە نووسینی وەڵامە شیعرێک بۆ نالی ئاو دەخواتەوە و تەنها بەوەندە کۆتایی دێت کە نالی لە نووسینی شیعری لەمشێوەیەدا بازی هەڵداوە و شیعری کوردی بەرەوپێش بردووە؟ ئەمە لە کاتێکدایە ئەمڕۆ و پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ بەسەر نووسینی ئەم شیعرەدا، کام شاعیر لە شاعیرێکی تر و کام شاعیری بێ پشت و پەنا لە شاعیرێکی تر قبوڵ دەکات کە ناوی لە گوڵ کاڵتر بەرێت؟! تا مەستوورەیەکی دەسەڵاتداری بە بنەماڵە ئەمەی لە نالی قبوڵ کردبێت؟!

ڕۆژان تێدەپەڕێ و مەستوورە دەگاتە سلێمانی، دەگاتە ئامێزی ئەو دەسەڵاتەی کە تا دوێنێ بوو دوژمن و ئەمڕۆ دۆستێتی. لەم

کاتانەی کە مەستوورە لـە سـلێمانییە، ئەحـمەد پاشـا تـازە لابـراوە و عەبدوڵڵا پاشای برای لە شوێنی دانراوە. (ئیدمۆنـدز) ئەم مێـژووە بە سـاڵی ١٢٦٤ واتە ١٨٤٨ لە قەڵەم دەدات کاتێـک دەنووسـێت (لە سـاڵی ١٢٦٤ کۆچیـدا و دوای ئەوەی کە ئەحمەدپاشـا نێـررایە ئەستەمبووڵ، عەبدوڵڵا پاشای برای وەک وەک قایمقـامی موچەخـۆری سـلێمانی دانـرا و سـوپای تـورکیش ڕاژایە سـەر شـار و بابـان سـەربەخۆیی لە دەسـت دا)[٣٨] ئەم کـاتەش تەبـایە لەگەڵ: لە لایەک هاتنی مەستوورە بۆ سلێمانی و لە لایەکی تریشەوە ڕۆشتنی ئەحـمەد پاشـا بـۆ ئەسـتەمبووڵ و نووسـینی (منـاظر الانشـاء) لە سـاڵی (١٢٦٦ک-١٨٥٠ز) لەلایەن نالییەوە و پێدانی زانیـارییەکەی ئەحـمەد پاشـا سـەبارەت بە پەیوەنـدیی و نزیکـایەتی نێـوان خـۆی و نـالی بە (ئەلیسکاندەر خۆزدکۆ)[٣٩] مەستوورە خـۆی سـەبارەت بە هـاتنی بـۆ سـلێمانی، لە کۆتـایی (مێـژووی ئەردەڵان)دا دەنووسـێت (کـاتێ کە خوسرەوخانی گـورجی "ئەرمەنـی" گەیشـتە نـاوچەی کوردسـتان و بە بەڵێن و سوێندی فراوان ڕەزاقولیخانی هەڵفریواند و بەلای خۆیـدا ڕای کێشا، مـحەمەد سـوڵتان خـان و سـەرلەبەری پیاومـاقوڵانی ویلایەتـی ئەردەڵان مـاڵ و ژن و منـداڵی والـی و زۆربەی خەڵکـی ئەردەڵانیـان بەرەو هەورامـان کـۆچ دا لەو کاتـانەدا من"مەسـتوورە" یەکـێ لەو کـۆچکردووانە بـووم... ئەو شـەوە کۆچکردووەکـان کە لە هەزار کەس زیاتربوون، لە گوندی هۆشبارانی یان بەسەر برد... محەممەد سوڵتان و میرزا عەبدوڵڵای مونشی باشـی چـوون بـۆ سـلێمانیی و بە خـزمەت عەبدوڵڵا پاشای بابان گەیشتن و ڕێوڕەسمی پێشوازیلێکردنیان بەجـێ

گەیاند و پیاوماقوڵێکی لەتەکیاندا نارد بۆ ناوچەی شارەزوور، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بەسەر گوندەکانی شارەزووردا ببەشرێنەوە و دابین کرێن... هەردەستەیەک لە دڵسۆزانی گیانفیدای ئەمانوڵڵاخانی دووەم، کەوتنە وڵاتێکەوە و هەر بڕێکیان لە بنارێکدا گیرسانەوە. پورزاکەم کە حوسەین قولیخانی مامی ئەمانوڵڵاخانە، ڕووی لە سلێمانی کرد و بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازی لێ کراو گیرسایەوە و کاتێکیش هەواڵی کۆچی ئێمەی بیستەوە، خەڵکێکی زۆری بە ئەسپ و ئێسترەوە نارد تا سەد کەسێک لە بنەماڵەی ئێمە بگوێزنەوە و لە لایەن خۆشیەوە جێگەی هێورین و گوزەرانی بۆ ئامادە کردین و هەریەکەی بە پێی پێداویستی خۆی، کۆمەک و یارمەتی دەدا و لە خزمەتیدا کاتمان بە خۆشی بەسەر دەبرد، بەڵام پاش چەنێ، چارەنووسی خودا لە خۆشی گوزەرانی ئێمە ڕازی نەبوو، ئەوەبوو، لە ڕۆژی ١٤ی مانگی "زی الحجە"ی ساڵی ١٢٦٣دا جەنابی حوسەین قولیخان نەخۆشی بەسەریدا زاڵ بوو و لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا گیانی بە بەهەشتی بەرین شاد بوو و لە پرسەکەیدا هەزاران سینەی بۆ هەڵدڕان و منی مەستوورەی سەرلێشێواو و دەربەدەریش لە دووری لێکدابڕانی ئەو، گیانە ئازیزەکەم دوو سێ ڕۆژێکە لەش و ڕوحم بە بەڵای تای نەخۆشییەوە دەتلێتەوە. بزانین خودا چیمان بەسەر دێنێ و ئارەزووی بەچییە...)[٤٠]

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی شازدە ساڵ واتە ساڵی (١٨٣٨-١٨٣٩) تا (١٨٥٣-١٨٥٤) بەسەر دانانی ئەو شیعرەدا کە نالی بۆ شوێنگرتنەوەی سلێمان پاشا لە لایەن ئەحمەد پاشای کوڕیەوە

نووسیوێتی و ئەو کاتانەی ئەحمەد پاشا بۆ چارەسەری نەخۆشی دەچێتە پاریس و زانیاری لەسەر بوونی نالی لە شام دەداتە دیبلۆماتی ڕووسیای قەیسەری لە پاریس (ئەلیسکاندەر خۆزدکۆ) هیچ سەرچاوە و نووسراو و تەنانەت بۆچوونێک نییە کە ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەم ماوە دووروودرێژەی ژیان و کارە ئەدەبییەکانی نالی.

(ئەلیسکاندەر خۆزدکۆ) لە زەمانی ئەحمەد پاشاوە ئەوە دەنووسێت کە (زانایەکی بەنێوبانگی کورد، ئێستا لە شاری دیمەشق لە سووریا دەژی، ناوی مەلا خدرە Molla Hezir بەڵام زیاتر بە ناوە ئەدەبییەکەی "نالی ئەفەندی Neali Effendi ناسراوە. ئەم زاتە، بەهرە و توانای خۆی وەکو پسپۆڕێکی شارەزا بۆ دیراسەکردنی دیالێکتەکانی کوردستانی نیشتیمانەکەی تەرخان کردووە. هەروا لەمەوبەر کتێبێکی قەواعیدی زمانی عەرەبی بۆ کوردی تەرجەمە کردووە. ئەحمەد خان "مەبەستی لە ئەحمەد پاشای بابانە" کە دۆستی نالی ئەفەندییە، بەڵێنی دامێ کە "لە دەرفەتێکی لەباردا" بە سەرۆکی زمانەوانەکانی وڵاتەکەیم بناسێنێ.)[٤١]

ماوەیەکی تری سەردەمی نادیاری زانیاری لەسەر ژیانی نالی، بۆ دوای ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٤ تا ١٨٦٣-١٨٧٢ز دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی (د. عەبدوڵڵا حەداد) دەنووسێت (لەساڵی ١٨٥٥ تا دەوروبەری ١٨٥٦ نالی لە ئەستەمبوڵ بووە.)[٤٢] بەڵام هیچ ئاماژە و بەڵگەیەکی شیعریی و سەرچاوە بۆ ئەم دەربڕینە لە ئارانییە، تەنانەت ئەم زانیارییەی حەداد لەگەڵ ئەو زانیارییە باوەڕپێکراوەشدا نایەتەوە کە باس لە بوونی نالی دەکات لە مەککە لە لایەن (ئەحمەد محەممەد

حەزراوی)یەوە کاتێــک دەنووســێت (لە ســاڵی هەزار و دوو ســەد و هەشـتا و "ژمـارەیەک لە ٦-٩" "کە دەکـاتە ١٨٦٣-١٨٧٢ز" هـاتووەتە مەکە... ئەم کەسە "نـالی" خـاوەن پلەوپـایەیەکی زانیـاری بەرز بـوو، پیرێکـی سـەنگینی کەنەفـت بـوو.)[٤٣] ئیتـر چ بەڵـگەیەک هەیە بـۆ ئەوەی کە نـالی لەسـاڵانی ١٨٦٣-١٨٦٤دا نەچووبێـت بـۆ حەج و تـا چەند ساڵێک لەوێ مابێتەوە؟

دوا قسەش کە لەسـەر دوا سـەفەری نـالیی و دوورکەوتـنەوەی لە سلێمانی مابێـت بوترێـت، بـوونی سـەرچاوەیەکە کە قسـەکەی بـاوکی مەلای گەورەی کۆیە (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلـی زادە) پشتڕاسـت دەکـاتەوە کە وتــویەتی (لە ســاڵی ١٢٨٨ "١٨٧١-١٨٧٢" نــالیم لە مەکە بینیـوە)[٤٤] ئەو سـەرچاوەیەش کتێبـی (عثمـانلی مـؤلفلری) ی (محەممەد تاهیر بورسەلی) یە کە تێیدا نووسیوێتی (لە سـاڵی ١٢٩٠ کۆچی لە حەجی شەریف گەڕایەوە، ئەو ماوەیەی کە لە ئەسـتەمبووڵ مـایەوە، بەوپەڕی ڕێـز و شـکۆدارییەوە زانـاو شـاعیرانی ئەسـتەمبووڵ ڕوویان تێ دەکرد. پاش بەینێک وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی "قاراجـا ئەحمەد karaka Ahmed " تەرمەکەی بە خاک سپێررا.)[٤٥]

ئەنجام:

١- نـــالی لەنێــوان ســـاڵانی ١٨٣٧-١٨٤٨ دوا ســـەفەری کـــردووە و سلێمانی بەجێ هێشتووە.

٢- نـــالی دەوروبەری بیســت ســاڵی کۆتــایی تەمەنــی بە ئــاوارەیی و دەربەدەری بەسەر بردووە.

٣- نزیکـایەتییەک لە نێـوان هـاتنی مەسـتوورەخانی ئەردەڵانــی بــۆ سلێمانی و دوا سەفەری نالییەوە هەیە.

٤- نالی لە ژیانیدا، یەکجـار حەجـی کـردووە و ئەمەش پـاش نـزیکەی بیست ساڵ لە دەربەدەرییەکەی بووە.

٥- بـابەتی دڵـداری لەو شـیعرانەی دانەبـڕاوە کە نـالی لە غەریبــی و ئاوارەیی دوا سەفەریدا نووسیونی.

٦- دوو سـەردەمی نادیـاری زانیـاری لەسـەر ژیـانی نـالی هەیە کە تـا ئێستا هیچ سـەرچاوە و بەڵگەیەکیـان لەسـەر نیـیە، ئەوانـیش مـاوەی نێوان ساڵەکانی (١٨٣٨-١٨٥٣) (١٨٥٥-١٨٦٣)

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ٢٠١١/١٢/١٠ (دیداری نالی) لە سلێمانی پێشکەش کراوە.

(٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧١، ل٢٤٠-٢٤١

(٣) خلاصە تاریخ الکرد و کردستان، محمد امین زکی، ترجمە: محمد علی عونی، القاهرە، ١٩٣٩، ص٣٥٨

(٤) لەبابەت مێژووی ئەدەبی تازەی کوردییەوە، مارف خەزنەدار، مۆسکۆ، ١٩٦٧، ل٣٦ (بە زمانی ڕووسی) ئەم سەرچاوەیە لە (دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدلکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٠ ەوە وەرگیراوە و خۆیمان بەردەست نەکەوت)

(٥) دەستنوس کوردی، کەمال فوئاد، فیزبادن، ١٩٧٠ (بە زمانی ئەڵمانییە) ئەم سەرچاوەیە لە (دیوانی نالی.. ەوە وەرگیراوە و دەقە سەرەکیەکەمان بەردەست نەکەوت)

(٦) چەپکێک لە گوڵزاری نالی، مەسعوود محەمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦ (بڵاوکردنەوەی لە ئینتەرنێتدا، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٤، ل١٢)

(٧) نزهە الفکر، تالیف: احمد محمد الحضراوی المکی الهاشمی، حققە: محمد المصری، القسم الأول، دمشق، ١٩٩٦، ص٢٥٧

(٨) Osmanli Muellifleri، Bursali، II، Beyazit-Istanbul، 1972

(٩) مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧١، ل٢٤٢

(١٠) بۆ نموونە: بڕوانە پێشەکییەکەی مەسعوود محەممەد لە کتێبی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی، سەرچاوەی پێشوو...)

(١١) بە لێکدانەوەی (تەئریخی جەم) بۆ ژمارەکان و کۆکردنەوەیان، ئەوە دەردەکەوێت کە مەبەست لە ساڵی (١٢٥٤ک) چونکە: ت=٤٠٠، ڕ=١، ر=٢٠٠، ی=١٠، خ=٦٠٠، ج=٣، م=٤٠ (دیوانی نالی، سەرچاوەی پێشوو، ... پەراوێزی ٨، ل ٣٧٥)

(١٢) دیوانی نالی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٠-٣٧٤

(١٣) کرد و ترک و عرب، سی.جی. ادموندز، ترجمە: جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص٥٧

(١٤) چەپکێک لە گوڵزاری نالی، سەرچاوەی پێشوو... ل١٦٤

(١٥) نالی لە دەرەوەی کوردستاندا (١٨٤٨-١٨٧٣) د. عەبدوڵڵا حەداد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٢٦

(١٦) چەپکێک لە گوڵزاری نالی، سەرچاوەی پێشوو... ل٢٤

(١٧) دیوانی نالی، ل٤٨٤

(١٨) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٤

(١٩) هەمان سەرچاوە، ل٤٤٧

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل٢٩٩

(٢١) هەمان سەرچاوە، ل٢٠١

(٢٢) هەمان سەرچاوە، ل١٩١

(٢٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٠

(٢٤) دەستنووسی مناظر الأنشاء، عمادالدین محمود گیلانی نووسیویەتی و نالی پێشەکی بۆ نووسیوە و بەیتە عەرەبیەکانی شەرح کردووە. (وێنەیەکی ئەم دەستنووسە ئێستا لە بنکەی ژین پارێزراوە. دواتریش وەک کتێب بەچاپی گەیاند.) بڕوانە: (مناظر الأنشاء، تأليف محمود بن محمد الگیلانی، تقدیم وشرح الابیات العربیة بالفارسیة: الملا خضر النالی الشهرزوری، تحقیق و مراجعة وتلخیص: الدکتور صباح محمد البرزنجي، من منشورات ملتقی نالي، بنکەی ژین، ٢٠١١)

(٢٥) ساڵی لەدایکبوونی مەستوورە لە چەند شوێنێکی تردا، بە مێژوویەکی تر تۆمار کراوە. (مستورەی اردلان زنگی و معرفی اپار، ایوب گازانی، چاپ اول، سازمان چاپ و نشر اراس، اربیل، ٢٠٠٥، ل٢٣

(یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم سەردانەم بۆ باشووری کوردستان ئەوەیە کە گۆڕی مەستوورەی کوردستانی لە شاری سلێمانی بدۆزمەوە. چونکە گۆڕەکەی سەت لە سەت لە سلێمانییە. مامی مەستوورە کە دوای مردنی مەستوورە چەند لاپەڕەیەکی خستووەتە سەر کتێبەکەی مەستوورە، زۆر بەوردی و سەعات بەسەعات باسی مەراسیمی ناشتنی مەستوورەی لە گۆڕستانی گردی سەیوانی سلێمانی کردووە، هەروەها باس لەوە دەکات کە لەتەنیشت چ گۆڕێکیش نێژراوە.) بڕوانە (مەستوورەی ئەردەڵان، ڤێستیڤاڵی مەستوورەی ئەردەڵان، وتاری (حکوومەتی کوردستان! ڕێزی مەستوورەی کوردستانی بگرە! د. تۆسنا ڕەشید) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١١)

(لە سەردەمی خوسروخانی ئەردەڵان –بەنێوبانگ بە ناکام– نێوان بنەماڵەی مەستوورە، یانی قادریی و والی سنە بەهۆی ناحەزیی و ناکۆکی ڕامیارییەوە، ئاژاوە دەکەوێتە بەینیان و پاش ماوەیەکی زۆر نەخایەن ئاشتیان ئەبێتەوە و بەهۆی زەماوەندی مەستوورە و خوسرەو، بوونە خزم... ئەم خزمایەتییە لە ساڵی ١٨٢٨-١٨٢٩ز یان ١٢٤٤ک کە تەمەنی مەستوورە ٢٠ساڵ بووە، ڕووی داوە.) بڕوانە (مەستوورەی ئەردەڵان، ڤێستیڤاڵی مەستوورەی ئەردەڵان، وتاری (ناسینەوەی ژیانی مەستوورەی ئەردەڵان، محەمەد ڕەئوف محەمەدی) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣١و٣٢) ژیانی خێزانداریيان تەنها شەش ساڵ بووە ١٢٤٤-١٢٥٠ و لە ماوەی ئەم شەش ساڵەدا منداڵیان نەبووە. ئەوەش ئاشکرایە کە خوسرەو خان زەماوەندی لەگەڵ حوسن جیهان بانو کچی فەتحعەلی شای قەجەر کردبوو و کوڕێکی لێی بووە.

(٢٦) مستورەی اردلان زنگی و معرفی اثار، ل٢٣

(٢٧) دیوانی نالی، ل٦٠٣

(٢٨) لەدیوانەکەی مەستوورەدا (ماجد مروخ روحانی) ئەو هۆنراوەیە نییە کە بۆ نالی نووسراوە و تەنها لای سدیق بۆرەکەیی تۆمار کراوە.

(٢٩) مستورەی اردلان زنگی و معرفی اثار، ل٤٩-٥٣

(٣٠) خەوی نالی و وەڵامی مەستووە، د. حەسەن جاف، گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٤، ساڵی ١٩٨٨، ل٢٠

(٣١) هەمان سەرچاوە، ل٢١

(٣٢) مەستوورەی ئەردەڵان، ڤێستیڤاڵی مەستوورەی ئەردەڵان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٧١-٢٧٢

(٣٣) مێژووی ئەردەڵان، مەستوورە، وەرگێڕانی: د. حسن جاف و شکور مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٩، ل١٩٠

(٣٤) هەمان سەرچاوە، ل١٩٠

(٣٥) دیوان مستورە کردستانی، ویراستە: دکتر سدیق زادە (بورەکەئی)، چاپ اول، انتشارات امیر بهادر، ١٩٩٨، پەراوێزی ١، ل٢٠١

(٣٦) مێژووی ئەردەڵان، ل١٩٠-١٩١

(٣٧) تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، محەممەد ئەمین وەکی بەگ، سێیەم بەرگ، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١١٥

(٣٨) کرد و ترک و عرب،... ص ٥٧

(٣٩) خۆزدکۆ: ١٨٠٤-١٨٩١ ژیاوە. هۆکاری کۆکردنەوەی ئەم دوو کەسایەتییە بەیەکەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆزدکۆ ویستویەتی لەسەر زمانی کوردی لێکۆڵینەوە بکات و لەم بارەیەوە کەڵک لە زانیارییەکانی ئەحمەد پاشا وەربگرێت، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٧دا کارەکەی تەواو کردووە و بە ناوی (لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی لەسەر زمانی کوردیـ-دیالێکتی سلێمانی) لە گۆڤاری ئاسیادا، بڵاوی کردووەتەوە.

(٤٠) مێژووی ئەردەڵان، مەستوورە، وەرگێڕانی: د.حسن جاف و شکور مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٧، ل٢٣٢-٢٣٨ هەروەها هەمان کتێب لە لایەن مامۆستا هەژارەوە لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تردا کراوە بە کوردی بڕوانە (مێژووی ئەردەڵان، مەستوورە، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٥، ل٢٢٦-٢٢٨) و لەم سەرچاوەیەدا و لە (ل٢٢٩)دا ئەوە خراوەتە ڕوو کە دوای ئەوەی مەستوورە کۆچی دوایی دەکات و ناتوانێت (مێژووی ئەردەڵان)ـەکەی تەواو بکات، میرزا عەبدوڵڵا مونشی باشی کە مامی مەستوورە خانم و خاڵی حوسێن قوڵی خانی کوڕی ئامانوڵڵا خانی گەورە بووە، هاتووە مێژووی ئەردەڵانەکەی مەستوورە خانمی تەواو کردووە و دەنووسێت (حوسێن قوڵی خان مرد، مەستوورەش نەخۆش کەوت و لە مانگی محەڕەمی ساڵی ١٢٦٤دا گوێزتیەوە بۆ باغچەی بەهەشت و بوو بە هاوسای حەزرەتی فاتمە. من کە لە تاوی ئەو دووانە چاو بە گریان و جگەر بریانم، هاتمە سەر ئەو خەیاڵە کە پاش ماوەی بەسەرهاتیی والییە پایە بەرزەکان بنووسم).

(٤١) p.2 Etudes Philologiques sur la longue "dialecte de Solemanie" A. Chodzo، Juornal Asiatique، 1857)، No 4.) (ئەم سەچاوەیە لە کتێبی "نالی لە دەرەوەی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو..."ەوە وەرگیراوە و خۆیمان بەردەست نەکەوت)

(٤٢) نالی لە دەرەوەی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو... ل٢٦-٢٧

(٤٣) نزهە الفکر، ص ٢٥٧

(٤٤) دیوانی نالی، ل ٣١

(٤٥)Osmanli Muellifleri، Bursali، II، Beyazit-Istanbul، 1972، s. 284
(ئەم سەچاوەیە لە کتێبی "نالی لە دەرەوەی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو..."ەوە وەرگیراوە و خۆیمان بەردەست نەکەوت.)

شیعر و سەفەر لە دوا وێستگەکانی ژیانی گۆراندا[1]

ئەدەب بە گشتیی و شیعر بەتایبەتی بریتییە لە نووسینەوەی ئۆتۆبایۆگرافیای نووسەر، بەڵام چۆنێتیی ژیانی نووسەر و بنەمای فیکریی و ئایدۆلۆژی کاریگەریی دیاریان لەسەر جیهانبینیی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری هەیە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ ژیان و بەسەرهاتەکانی نووسەر لە فۆرمەلەکردنی جیهانبینیی هەر دەقێکی ئەدەبیدا ڕۆڵی لەبەرچاو دەبینن.[2] تەنانەت هۆکاری بۆماوەیی، کۆمەڵایەتی و دەروونیش هەریەکەیان ڕەنگدانەوەیان لەسەر تێڕاوانین و دارشتنی دەقی ئەدەبی هەیە. لەم بۆچوونەوە، سەفەر وەک وێستگەیەکی گرنگ لە ژیانی گۆرانی شاعیر، لە تێگەیشتن و کارکردن لەگەڵ شیعرەکانیدا پێوەندییەکی دیار و پتەوی هەیە.

سەفەر لە ژیانی ئەم شاعیرە داهێنەرەی کورددا، بە شێوەیەکی جیاواز خۆی نیشان دەدات، چونکە کەم شاعیری هاوسەردەمی گۆران هەیە بە ئەندازەی گۆران سەفەری کردبێت و لە سەفەردا هۆنراوەی نووسیبێت. بێگومان هەریەک لەم سەفەرانە، لەگەڵ چەند پێکهاتەیەکی تردا، لە دروستکردنی دەقی ئەدەبیدا ڕۆڵیان هەبووە و کاریگەرییان لەسەر دەلالاتی فیکریی، دەروونی و زمانەوانی شاعیر داناوە، کە لە ڕێیانەوە دەتوانین پەی بەو ئاستە باڵایە بەرین و لەوە تێبگەین کە هەستی ئیستاتیکیی شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ

ڕووداوەکانی ژیاندا کردووە و چۆن گۆڕیونی بۆ دەلالات و هێمای ڕۆحی و هونەری.[٣]

مێژووی سەفەر لە ژیاننامەی بنەماڵەی گۆراندا، وەک ڕووداوێکی مێژوویی دووبارەبووەوە دەرکەوتووە. باپیرەگەورەی گۆران (عینایەتوڵڵا بەگی کوڕی ئەمانوڵڵا بەگ) بە هۆکاری کۆچ و باری جافەکانەوە بە خاووخێزانەوە لە ناوچەی مەریوانەوە هاتوونەتە سلێمانی و لە قەرەداغ نیشتەجێ بوون. هەمان ڕووداو، لەسەر (عەبدوڵڵا بەگ)ی باپیریشی دووبارە بووەتەوە و عەبدوڵڵا بەگ لەبەر ئەوەی خۆی بە جاف زانیوە، لە قەرەداغەوە ڕووی کردووەتە هەڵەبجە و لەوێ جێگیر بووە.[٤] ئەوا گەیشتووەتەوە بە (سلێمان بەگی کاتب فارسی)ی باوکی گۆرانیش و وەک زانیاری ماوەنەتەوە و ئاوێتە بە بیر و خەیاڵاتی شیعر کراون. ئەگەر هەموو ئەم سەفەرانە بەشێک بووبن لە تایبەتمەندێتی ژیان و باری کۆمەڵایەتیی خەڵکانی ناوچەکە و زۆربەی بنەماڵەکان لە سەردەمەکەدا، لای گۆران زاتی بوونەتەوە.

سەفەرکانی شاعیر لە سەفەرەکانی باوانی ناچێت، بە هەمان شێوەش لە سەفەری هاوسەردەمەکانیشی ناچێت، چونکە هۆکاری باوی سەفەر لەو کاتانەدا لە ژێر کاریگەریی: کۆچەری، خوێندن، ژن و ژنخوازی و سەرفەر بۆ حەجدا بووبێت، سەفەرەکانی گۆران ئاراستەیەکی تریشی گرتووەتە بەر و پێوەندی بە چەند بوارێکی تریشەوە هەیە، وەک: شارستانی، شاند و سیاسەت، نەخۆشی و ڕاگەیاندن و... هد.

ئەو شیعرانەی کە بەرهەمی سەفەرەکانی گۆرانی شاعیرن و لە سەفەردا نووسیونی و لە دیوانەکەیدا هەن (ڕەنگە هۆنراوەی تریشی هەبووبن) ژمارەیان نزیکەی بیست هۆنراوە دەبێت. شاعیر یەکەم هۆنراوەی خۆی لە سەفەردا نووسیوە، دوا هۆنراوەشی هەر لە کاتی سەفەردا نووسیوە. مەبەست لە یەکەم هۆنراوەی ئەو هۆنراوەیەیە کە لە تەمەنێکی کەمدا و کاتێک بە هاندانی (مستەفا سائیب) لەگەڵ (عەبدولواحید نووری)ی خاڵۆزایدا بۆ خوێندن نێرراوەتە قوتابخانەی عیلمییەی کەرکووک[٥] و لەوێوە بۆ دایکی و سلێمانی ناردووە و نووسیویەتی[٦]

دەگریم و دەسووتێم هەر وەکو مۆم،

ئاهم ئەگاتە گۆشی گەردوون،

مات و کز و مەلوول و مەحزوون

بۆ حاڵی غەریبیی، بێکەسی خۆم!

مەبەست لە دوا هۆنراوەشی، ئەو شیعرەیە کە لە ١٩٦٢/٦/٢٥ بە ناوی (بۆ لاوان)ـەوە نووسیویەتی و دواتر نموونەی لێ دەهێنینەوە.

گۆران خۆی لەو پێشەکییە کورتەیدا کە بۆ (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)ی نووسیوە، دەڵێت: ئاین و ئایدیاڵ و پێڕەوی فەرمانداری هەقی چییان بەسەر هەست و عاتیفەیەکەوە هەیە کە لە قوڵایی سەرچاوەی ئینسانییەوە هەڵدەقوڵێ[٧] هەروەها لەو سەرەتایەشدا کە بۆ (گەشت لە هەورامان) نووسیویەتی، دەڵێت: ئەم گەشتنامەیە... مایەی ئینتیباعاتی تاقە گەشتێک نییە، بەڵکو هەست

و بینینــی چەنــد گەشــتێکی کــات و وەرزی جیاجیــای پێشــوو لــە بیرەوەریما پەنگیان خواردووەتەوە، هەتا بۆ جاری دوایی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی گیانی بۆ چەند ڕۆژێک بە پێکەنین و گۆرانیوتن بەناو باخە زۆرەکــان و یاڵــە بــەرزەکانی هەورامانــدا ســووڕاینەوە. ئیتــر ئــەم هەڵبەستە لە خولاسەی هەموو ئینتیباعاتی گەشتەکانی کۆن و تــازەم هاتە دی.[(٨)]

مــەرج نییــە هــەموو بنــەماکانی ســەفەر وەک یــەک و لــە یــەک پێوەنــدیی نێــوان شــیعر و ســەفەردا خــۆ دەربخــەن، چونکــە هــەر سەفەرێک، هەر شیعرێک لە پێوەندییــەکی تایبەتــدا بــە یەکــەوە گــرێ دەدرێتەوە و دەکرێت بە پێی کات، جوگرافیا، هۆکاری بابەتی و زاتی پۆلێنی تایبەتییان بۆ بکرێت. بۆ نموونە بونیــادی (هــۆ+ شــوێن) لــە هەموو پێوەندییەکانــدا وەک یــەک نــین و شــوێنی (کــەرکووک، چەنــد گوندێکی سەر بە هەڵەبجە، کووت، بەعقوبە، نوگرەســەلمان و بــەدرە) لە چاو (ڕووسیا، فەلەستین)دا کە شاعیر هــۆنراوەی تێــدا نووســیون، جیاوازن. هەروەها ئــەو ســەفەرانەی کــە لــە ســایەی بــاری ناچــاریی و ڕووداوە دەرەکییەکاندا کراون، وەک (بوونە خوێنــدکار لــە کــەرکووک، بوونە مامۆستا لــە چەنــد قوتابخانەیــەکی ســەر بــە هەڵەبجــە، چوونــە کۆریا و چینی میللــی، وەک لیژنــە و چوونــە ڕووســیا بــۆ چارەســەری نەخۆشــی و... هــد) لــە هەریەکەیانــدا هەســت و دەروونێکــی جیــاواز دەبینرێت کە وشە و مەبەستی شیعری لەنگەریان تێدا گرتــووە و ئــەم شــیعرانە لــەو شــیعرانە نــاچن کــە بــە هۆکــاری جیــاوازتری ســەفەر کردوونــی، وەک (ژنــی دووەمــی هێنــاوە و چووەتــە بەغــدا، بــووە بــە

ڕاگەیاندکار و لە ڕادیۆ کاری کردووە و چووەتە فەلەستین.. هتد) هەروەها سەبارەت بە کات و ڕێکەوتەکانی تریش بەهەمان شێوە... تەنانەت لەو شیعرانەشدا کە لە یەک کات و یەک شوێن و بە یەک هۆکاری سەفەریش نووسراون، تێیاندا هەموو تایبەتمەندییەکان چوونیەک نین و خوێندنەوە و جیهانبینی جیاواز هەڵدەگرن

دوا سەفەرەکان، مەبەست لەو سەفەرانەیە کە لە دوا وێستگەکانی کۆتایی شاعیردان، ئەو کاتانەی کە بۆ ماوەی چەند مانگێک و بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشیی (شێرپەنجەی گەدە) چووەتە ڕووسیا. شاعیر لە ژێر کاریگەری چەند تایبەتمەندییەکدا و لەم ماوەیەدا شەش هۆنراوەی نووسیوە کە بریتین لە:

یەکەم: (مۆسکۆی ئەیار) لە ١٩٦٢/٥/٣

دووەم: (وەڵامی پرس) لە ١٩٦٢/٥/٢٥

سێیەم: (بێدارییەک) لە ١٩٦٢/٦/٦

چوارەم: (بێشکەی مناڵ) لە ١٩٦٢/٦/١٢

پێنجەم: (تیر و کەوان) لە ١٩٦٢/٦/١٧

شەشەم: (بۆ لاوان) لە ١٩٦٢/٦/٢٥

ئەگەرچی ئەم هۆنراوانە زادەی نووسینی کات و شوێنێکی هاوبەش و نزیکن لە یەکتری، بەڵام وەک پەیام و مەبەست هەر یەکەشیان جیهانبینیی شیعریی و تایبەتمەندی سەربەخۆیان هەیە.

پاش ئەوەی شاعیر دووچاری نەخۆشی گەدە دەبێت و لە بەغدا نەشتەرگەرییەکی سەرنەکەوتووی بۆ دەکرێت، باری تەندروستی خراپتر دەبێت و نەخۆشییەکەی کاردانەوەی زۆرتر لەسەر بارودۆخی

خواردن و هەڵسوکەوتی دادەنێت. تەنانـەت کاریگـەریی کۆمەڵایـەتیی، ئابووری و سیاسی لەسەر ژیانی شاعیر دادەنێت و ژیانی ئاسـایی لـێ دەسـەننەوە، بـۆ نموونـە: گـۆران ئـارەزووی لـە خـواردنی قوورسـی کوردەواریی وەک سەروپێ، کفتە و یاپراخ بووە، گۆڕراوە بۆ بـەردەوام خواردنی پسکیت و ماسـت.[٩] بەتەنگەوەنـەهاتنی کـەس و هاوڕێکـانی لە نەخۆشخانەی بەغداد لەو ڕۆژانەی کە لـە نەخۆشـخانە بـووە، جگـە لەسەردانی سەرپێیی یەک دوو کەسـی وەک (سـەعید ناکـام) بـەولاوە کەسـی تـری بـەدیارەوە نـەبووە! تەنانـەت ئـەو دوو کوڕەیشـی کـە هەیبووە (ئەژی و هۆگر) شەوانان بەجێیان هێشتووە.[١٠] باری دارایی خێزانیشی خـراپ بـووە و لـە لایـەن حزبـی شـیوعییەوە پارەیـەک بـۆ خێزانەکەی بڕراوەتەوە[١١] نەیتوانیوە کاری ڕێکخراوەیی بکات و داوای لـە لیژنـەی ئاشـتیخوازان کـردووە لـە سلێمانی کـە کەسـێکی تـر لـە شـوێنی ئـەم دابنـێن.[١٢] لەگـەڵ هـەموو ئـەم بـارە قورسـانەی ژیـانی شـاعیردا، چیتـر ئومێـدی چارەسـەری نـاوخۆیی نـەماوە و هیوایـەکی زۆرەوە بـۆ چارەسـەرکردن چووەتـە ڕووسـیا[١٣] دیـارە ئـەم هیـوا و ئومێدەشی بۆ گەورەیی ڕووسیای سەرچاوەی شیوعێتی و بـەناوبانگی نەخۆشخانەی (کرملن) دەگەڕێتەوە کە لەو کاتانەدا بۆ کەسـە گـەورە و دەستڕۆیشتووەکان تەرخان کراوە.

تـا ئێسـتا هـیچ بەڵگەیـەکمان سـەبارەت بـە نزیکـەی دوو مانـگ مانەوەی لە ڕووسیا و نەخۆشخانە لەبەردەستدا نییە. ئەوەی کە هەیە بوونی شەش هۆنراوەیە کە لە دیوانەکەیدا بڵاوکراونەتـەوە و تایبـەتن بــە دوو مــانگی کۆتــایی تەمــەنی شــاعیر و مانــەوەی لــە ڕووســیا

(١٩٦٢/٥/٣) بۆ (١٩٦٢/٦/٢٥). لێرە بە دوا ئەم هۆنراوانە دەکەینە تەوەری دەرخستنی پێوەندییەکە.

ئەگەر سەیری یەکەم هۆنراوەی بکەین کە لە ١٩٦٢/٥/٣دا نووسیویەتی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بیری شیعری گۆران هێشتا بە دروشم و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستییەوە بارگاوی بووە و زۆرتر ڕووی لە گشتیبوونە و ئەمجارەیان بە هەستێکی کرێکارانەتر و لە دوور وڵاتەوە جەژنی ئایار بە ناوی (مۆسکۆی ئەیار)ەوە پیرۆز دەکات. شاعیر دوور لە هەستکردن بە باری نالەباری دەروونی و تەندروستیی کەسی خۆی زمانی شیعری لەگەڵ مۆسکۆی بەهەشتی و ڕزگارکەری هەموو دنیادا ئاوێتەیە. پێدەچێت هێشتا لەوە دڵنیابێت کە مۆسکۆ نەک هەر جێی هیوای چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەیەتی، وەک لەو نامەیەیدا کە لە ١٩٦٢/٥/٢٧دا بۆ (د. مارف خەزنەدار)ی ناردووە و دەنووسێت: لەبارەی ناساغییەکەمەوە هیچ خەمت نەبێ، زۆر باشم، تەنانەت ئەمڕۆ پزیشکەکەم سەبەرستی کردم بۆ خواردن هەرچی دڵم ئەیگرێ.[١٤] بگرە مۆسکۆ جێی هیوای هەموو مرۆڤایەتییە بە گشتیی و دەنووسێت:

کە پێکەنی جەژنە ئەیار
بەفری زستان کردی ئارەق
مۆسکۆی پێشڕۆی دنیای ڕزگار
جووڵەی تێکەوت لەگەڵ شەبەق

* * *

دوایی، شەپۆل چوو، شەپۆل هات
لە خەڵکی مۆسکۆی بەهەشتی،
ئەو خەڵکەی بەهەشت ئەخوازن
بۆ ژیانی مرۆڤ گشتی!
جۆشی دەنگ و ڕەنگ و جووڵە
گیانی منی خستە سەر باڵ،
لە ئاسۆی دووری وڵاتم
ورد ورد گێڕام چاوی خەیاڵ:
بۆ ڕەنگی سەوز، پاش ڕەنگی ئاڵ،
بۆ ڕزگاری لە ژینی تاڵ! (١٥)

پاش بیست ڕۆژ و لە ١٩٦٢/٥/٢٥دا شیعری دووەمی بە ناوی (وەڵامی پرس)ـەوە دەنووسێت کە لە ڕووی ئاراستە و ناوەرۆکەوە زۆر لە شیعری یەکەمی جیاوازترە و ئەمجارەیان شاعیر زۆر زاتییانەتر و زمانی شیعریی ڕووی لە دەروونی خۆی و پزیشکەکەیەتی و گلەیی لە ژیان دەکات. ئەم مێژووە بەرانبەر ئەو کاتەیە کە ئیتر وردە وردە تەندروستی گۆران ڕووی لە خراپی کردووە و لەو هیوا و ئومێدەی دوور کەوتووەتەوە کە پێشتر هەیبووە. ئەمجارەیان شاعیر لە تەنهایی و چارەسەر و هەڵسوکەوتی کارمەندان بێزارە و وەک (د. مارف خەزنەدار) لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: کە لە نەخۆشخانەی (کرملن) بوو چاوم پێی کەوت، گلەیی لە ڕووسەکان هەبوو، وەکو خۆی دەیگوت: ئەوەی ئەو لە ڕەوشتی تاکی کۆمۆنیست گەیشتبوو زۆربەی

ئەوانەی لە نەخۆشخانەبوون ئەو ڕەوشتانەیان نەبوو. [١٦] ئەمە جگە لەوەی کە پزیشکەکان پێیان وتبوو نەخۆشی شێرپەنجەی گەدەی هەیە و لە دوای گەڕانەوەی لە شەش مانگ زیاتر ناژی، هەرچەند داواشی کردبوو تا چەند مانگێک لەوێ بمێنێتەوە بەڵام بێسوود بوو[١٧] لەم شیعرەدا (وەڵامی پرس) گۆران تووشی شکست هاتووە و دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووە و هەموو شکستێکیش لە دەرەوە کاردانەوەی لەسەر ناوەوە هەیە، بۆیە شکستی جەستە لای گۆران دەیگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژ و بە دیوی ناوەوە و تێڕامان و بیرکردنەوەی لا دروست دەکات. بیرکردنەوەش لە نەخۆشییەکەی لە ڕووی دەروونییەوە لەبەردەم پرسیاری پزیشکەکەیدا ئامادەی دەکات [١٨] و دەنووسێت:

ڕاکشابووم لەسەر پشتم
دکتۆرەکەم
ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم... [١٩]

گۆران زانیویەتی دووچاری شێرپەنجە بووەتەوە و وەک لە پرسیاری پزیشکەکەیەوە (ئی. ئی. ڤاسیلێڤا) (کە شیعرەکەشی هەر پێشکەش بەو کردووە) دەردەکەوێت شاعیر (مات و غەمبار دیارە)، بەڵام پێی وایە ماری شێرپەنجە لە لایەن پزیشکەکەیەوە دەکوژرێت و دیسانەوە لە هۆنراوەکەدا زمانی شیعریی بە ئاراستەیەکی تردا دەبات و دەگەڕێتەوە بۆ باری گشتی و جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من) دەکات بە کەسی یەکەمی کۆ (ئێمە) و دۆخە زاتی و دەروونییەکانی

بە واتا گشتییەكانەوە دەبەستێتەوە و دیسانەوە بە كۆمەڵ و خەڵكی نیشتمانەكەیەوە گرێیان دەداتەوە و دەنووسێت:[٢٠]

بەڵێ دكتۆر! خوشكان! ماتم،

هەر من نیم ماتی وڵاتم،

لە ناو هەزارانا، تاك تاك

لێومان هەیە پێبكەنێ

لای ئێمە بۆ دنیای شادی

وا تازە خەڵكە هەنگاو ئەنێ!

گۆران لە ١٩٦٢/٦/٦دا هۆنراوەی سێیەمی بە ناوی (بێدارییەك) دەنووسێت و ئەمجارەیان ئاراستەكان تەواو ڕوو لە خۆین و وەك دەقێكی ڕۆمانسی شاعیر لەگەڵ سروشتدا لێكچوواندن دروست دەكات و بونیادی وێنە و هێما و جووڵەكان دەخوڵقێنێت. لێرەدا نائارامی گۆران بە تەواوی هیوابڕاو دەكات و لە گشت و زاتی خۆیشی دووری دەخاتەوە. بە خەیاڵ و هەستی لەخۆڕامان و بیركردنەوەی قووڵ لە بەهار و بوونەكان، چاوی بڕیوەتە بەسەرهاتی بولبوولێك و لە ئەنجامی لێوردبوونەوە و تێفكرین لە چوواندنی نێوان تەنیایی خۆی و بولبوولدا ڕووی لێكچوواندنی هێناوەتەوە. لە شوێنی ڕاستەقینە (كوردستان+ نەخۆشخانە) دابڕاوە و لە هۆگرە شوێن (المكان الألیف) كە مەبەست لەو شوێنەیە كە بەتوندی كار لەسەر دەروون، هەڵسوكەوتی مرۆڤ، كاردانەوە، چالاكی دەروونی و كۆمەڵایەتی و تەنانەت بایۆلۆژی و فیسیۆلۆژی و بیروبۆچوون و ژیانی ڕۆحی و

هەڵوێستی ڕۆژانە و خەون و خەیاڵ دەکات.[٢١] شوێنی بابەتی (المكان الموظوعي) کە پێکهێنەرەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەهێنجرێت و بارودۆخەکە بەسەریدا دەیسەپێنێت تاوەک ببێتە شوێنێکی داخراو[٢٢] و دوورکەوتووەتەوە و ڕووی لە چنینی ئەندێشەیەکی ڕۆمانسییانە کردووە کە بریتییە لە هاوسەنگکردن لە نێوان شاعیر و ژیانیدا[٢٣] و لەم گۆشەنیگایەوە گۆران دەنووسێت:

ژوورم تەنیا و دنیای بەر پەنجەرەی ژوور،

بە چواردەوری باخچەی کۆشکا، هەتا دوور،

دارستانی سەرووە و سنەوبەری سەوز

شەو ڕووناکە و چاوم یاخی لە وەنەوز

ئەی بولبوولی شەبەقی شەو، بخوێنە،

هەستی (جوانی پەرستی)م بورووژێنە[٢٤]

لە هۆنراوەی چوارەمیدا کە لە ١٢/ ١٩٦٢/٦دا بە ناوی (بێشکەی منداڵ)ـەوە نووسیوێتی، شاعیر چووەتە سەر دەلالاتێکی فەلسەفی بۆ ڕاڤەکردنی مرۆڤ و لەدایکبوون و گەورەبوون و دووبارە بەردەوامیی ژیان، کاتێک بێشکەی منداڵ دەکاتە شانۆی ئەم تێگەیشتنە و لەوێوە لە هاوکێشەی سادەی ئارەزووی دایک و باوک لەگەڵ کۆرپەدا دەدوێت، بێگومان لەسەر ئەم شانۆیەش شاعیر دەیەوێت تەمەنی خۆی لەبەردەم ئاوێنەی شیعردا بخوێنێتەوە کاتێ دەنووسێت:[٢٥]

ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە:

کە دایک و باوک لای بێشکەدا،

گوێیان لە مشەی ساوایە!

دوای تێپـەڕبوونی نزیکـەی دوو مانـگ مانـەوە لـە نەخۆشـخانە و تێگەیشتن لەوەی کە هیوای نەماوە، شاعیر وەڵامـی پرسـیارەکەی لـە لایەن پزیشکەکەیەوە، وەک ئەم دەیەوێت دەست ناکـەوێت و تـەنیایی و خەیاڵـە ڕۆمانسییەکەشـی نایگەیەنێتـە مەبەسـت و تێگەیشـتن لـە فەلسـەفەی سـادە و گەورەبوونەکەشـی لـە ئارەزوویـەکی سـاکارانەی دایک و باوک بـەولاوە شـتێکی تـر نییـە، ئـەمجارەیان گۆرانی شـاعیر دەسـت بـە کۆڵەکـە هەمیشـەییەکەیـەوە دەگرێتـەوە کـە لـە زۆربـەی شـیعرەکانیدا ئامـادەیـی هەیـە و جـارێکی تـر بـە هەناسـەی شـیعری یەکەمیەوە دوو هۆنراوەی تر لە نەخۆشحانە دەنووسێت. یەکێکیان لـە ١٩٦٢/٦/١٧ و بۆ کۆنگرێسی ئاشتی و چەکفڕێدانی گشـتی بـە نـاوی (تیر و کەوان)ـەوە کە شاعیر بیر لـە مرۆڤایـەتی بـە گشـتی و خەمـە گشتییەکان و ئاشتیخوازی دەکاتەوە و ئەمجارەیان ماری شـێرپەنجەی شاعیر گشتییە و بریتییە لە چەک و شەڕکردن و دەنووسێت:(٢٦)

هەتا زووە،

تا خەڵک گشت بە قڕ نەچووە،

دان لە دەمی مار دەربێنی!

چەک نەمێنێ،

ئەوسا، بێ ترس، تێر ئەنوێ چاو،

ئەچێتە ئێش دوو دەستی پیاو!

ئەوسا باخچەی ژیانی نوێ،

جوانترین گوڵی تیا ئەپشکوێ!

هەر لەم هەستەوە دوا هۆنراوەی خۆی بە ناوی (بۆ لاوان) لە ١٩٦٢/٦/٢٥دا دەنووسێت و لە تێگەیشتنە زاتییەکانی خۆیەوە کە لە سەفەردا و لە دوا وێستگەی ژیاندا پێی گەیشتووە، دەکاتە هەوێنی ئاشتیخوازی لە جیهاندا: [٢٧]

ئەی لاوان!

میهرەجان،

وێنەی هاوژیانییە،

هەر کاتێکی ژیانی

عومرێک خۆشی و جوانییە!

خوشکان و برایانی

دنیای زۆر نزیک و زۆر دوور،

هێزی ئاشتی و برایەتی

یەکی خستوون لە باکوور

وەک چەپکە گوڵی شایی،

سپی و ڕەش و زەرد و سوور،

تێکەڵ بوون...

بە ڕۆژ بە شەو هەتا ئەنوون

بەستەتان وا لە دەما،

بێ کۆڵدان، بێ ماندووبوون،

لە ئاشتی جیهان ئەدوون!

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (نووسەر) ژمارە (٥) ی خاکەلێوەی ٢٧١٢ کوردی بەرانبەر ٢٠١٢زایینی بڵاوکراوەتەوە.

(٢) گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا، عەتا قەرەداخی، زنجیرە بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی بابان، ١٩٩٩، ل٥

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٧

(٤) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دالاهۆ، ١٣٨٤، ل٣٤

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٣٥

(٦) هەمان سەرچاوە، ل١٧٩

(٧) هەمان سەرچاوە، ل١٨٤

(٨) هەمان سەرچاوە، ل١١٧

(٩) گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، مامۆستاجەعفەر و ڕێبوار حەمەتۆفیق، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٩٦

(١٠) بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، سەعید ناکام، ل١٠٨

(١١) گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، ل١٩٦

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٢١

(١٣) لە (دیوانی گۆران، ل٣٦)دا وا هاتووە: لە نیسانی ساڵی ١٩٦٢دا بۆ ماوەی سێ مانگ دەچێتە یەکێتیی سۆڤیەت و لە نەخۆشخانەکانی (کرێملن) و سەنەتۆری (بەرڤیخە) ماوەتەوە، بەڵام (د. مارف خەزنەدار) پێی وایە کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٢دا چووەتە مۆسکۆ. بڕوانە (گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، ل٢١١) بەڵام بۆچوونی یەکەمیان ڕاستییەکەی زۆرترە، چونکە لە نامەیەکیدا کە هەر بۆ (د. مارف خەزنەدار)ی ناردووە، ڕۆژی چوونە مۆسکۆی بە ١٠/ ١٩٦٢/٤ نووسیوە. بڕوانە (گۆران لە یاوەدەریی هاوچەرخەکانیدا، ل٥١٤)

(١٤) گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، ل٥١٤

(١٥) دیوانی گۆران، ل٢٣٩-٢٤٠

(١٦) گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، ل٢١١

(١٧) هەمان سەرچاوە، ل٢١٣

(١٨) گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا، ل٧٨

(١٩) دیوانی گۆران، ل٧٣

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل٧٣

(٢١) چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر ڕۆژبەیانی، هەولێر، ١٩٩٧، ل٢٧٧

(٢٢) چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، کەرکووک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەرابخا، ٢٠٠٥، ل٤٠

(٢٣) التفسير النفسي للأدب، عزالدين اسماعيل، دار المعارف، ١٩٦٣، ص٧٦

(٢٤) دیوانی گۆران، ل١٤٦

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٤١

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٣

(٢٧) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٥-٢٤٨ گۆران ئەم شیعرەی بەبۆنەی میهرەجانی هەشتەمی لاوانی جیهانییەوە بۆ ئاشتیی و برایەتی لە هەلسنکی فینلەندە نووسیوە.

مێژوو وەک ئیلهام لە نێوان دەقی (عیسای مەریەم) و (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی)دا[1]

ئەی ئەستی گیان بۆ بێدەنگی؟
جارێکی تر خەونەکانت ناگێڕمەوە...
بۆ بێدەنگی
ئامۆزاگیان دە ڕامژەنە
گەواڵەی هەوری ناو لانکە سەرە ماندووی
من ڕاژەنە!
دە ڕامژەنە ئامۆزا گیان،
دە ڕامژەنە.

(شێرکۆ بێکەس)

ئەگەر دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان نووسەر و دەق لە کاری بەراوردکاریی ئەدەبییدا مەرجی پێشوەختی جۆرێک لە خوێندنەوەی دەق بێت، لە بەراوردکاری نێوان ئەو دوو دەقەی لەم نووسینەدا هاتوون، ئەم مەرجە ڕووبەڕووی ئەو گرفتە دەبێتەوە کە ئایا نووسەری دەق کێیە و چۆن ئەو پەیوەندییانە بدۆزرێتەوە کە لێکۆڵەر دەیەوێت لە نێوان دەقەکاندا بیاندۆزێتەوە!؟ چونکە نووسەر لەم جۆرە دەقانەدا ئامادەیی ڕاستەوخۆیان نییە، بەو واتایەی کە نازانرێت

لـە لایـەن کێـوە بەرهـەم هـاتووە. بـۆیە بە ئەنـدازەی ئەوەی لەم نێوەندەدا ونبوون هەیە، گەڕان بە شوێن ئەو ئیلهامەدا جێی گرنگییە کە بە تەنها پەیوەندی بە هەست و نەستی خەیاڵی نووسەرەوە نییە و لە فەزای دەقی ئەدەبییەوە نەهاتووە. مێژوو خۆی جێگەی بیری نووسەر دەگرێتەوە و لە زمانی خودا و گەلدا خۆی دەنوێنێت.

دەقـی پیـرۆزی (عیسـای مەریەم) کە لە ئینجیـل و قورئانـدا هاتووە، پەیوەندی بە قۆناغەکانی ژیانی پێغەمبەر عیساوە هەیە و ڕەنگدانەوەی کارەکتەری ناو مێژوویەکی ئاینییە. تەمەنی ئەم دەقە زۆرتر لە هەزار ساڵە و ناوەرۆکی بیرۆکەکە جارێکی تر بووە بە ئیلهام و نەک هەر لە بیـرۆکەی دەقـی (شـێخ فەرخ و خـاتوون ئەسـتی)دا دەرکەوتووەتەوە، بەڵکو لە هێما و مەدلولی زمانەوانیی و زۆر بواری تریشدا ڕەنگی داوەتەوە.

کەسـایەتیی و کـارەکتەری نـاو زۆر لە چیـرۆکە ئاینییەکـان، بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و لە دەق خـۆیەوە بێـت، یـان بە شـێوەی ناڕاسـتەوخۆ و لە ڕێـگەی دابونەریـت و بیروبـاوەڕی ئـاینییەوە بێـت، کاریگەری زۆری لەسەر دروستکردنی پاڵەوان و کەسایەتی نـاو دەقـی ئەدەبی داناوە. لە ئەدەبیاتی جیهانیی و کۆن و نوێدا زۆر نموونەمـان لەمبارەیەوە هەن. لە ئەفسانەی یۆنانییـدا، لێکچوونی بەهێـز هەیە لە نێـوان بونیـادی ڕووداوی لە دایکبـوونی خواوەنـدی (زوس) لەگەڵ چیرۆکەکـانی لە دایکبـوونی پێغەمـبەر موسـا و ئیبـراهیم خەلیـل. لە شاکاری بەرهەمی کلاسیکیشدا نموونەی کاریگەری کەسایەتی یوسـف و زولێخا کە لە قورئانەوە وەرگیراون و لای هەر دوو شاعیری ئێرانی:

فیردەوسیی و جامی هەیە. هەروەها لە ئەدەبی نوێشدا، کەسایەتی شەیتان لای: ملتن و لیرمۆنتۆف و ئەلفێرد دی ڤینی و کەسێتی قابیل لای بیرون دەبینرێت... نووسەری بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆریش وەک هەر نووسەرێکی تر، لەم کاریگەرییە دوور نییە، بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە کاریگەرییەکە لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆوەیە؟ چونکە کەسایەتی شێخ فەرخ ڕاستەوخۆ لەسەر بونیادی ئەو شێوە کەسایەتییەی پێغەمبەر عیسا وەرنەگیراوە کە لە دەقی ئینجیلدا هاتووە، بەڵکو تێکەڵاوییەکی بە دابونەریت و تەقسی ئاینی ئیسلامیشی تێدایە، هەروەک ئاشکرایە مێژووی بەرهەمهێنانی دەقی (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی) بۆ سەردەمی پاش هاتنی ئاینی ئیسلام و بەدیاریکراوتر بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەکان لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە. ئەوەی لێرەدا زۆرتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە هەر ئەوە نییە کە فەرخۆلە هاوشێوەی عیسا بە منداڵی زمانی پژاوە و توانیوێتی قسە بکات، بەڵکو دەیان بەرکەوتنی ورد و ناوەکی ترە کە دۆزینەوەی هەندێکیان ئەرک و مەبەستی ئەم نووسینەیە.

بەتەنیشت پەڕجووی بەسەرهاتی لەدایکبوونی هەریەک لە عیسای مەریەم و شێخ فەرخەوە، بەسەرهاتی تریش هەیە کە وێنە و چنینیان وەک یەکە. لەگەڵ بەسەرهاتی لەدایکبوونی عیسادا، بەسەرهاتی لەدایکبوونی (یەحیا) هەیە و هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن. واتە لەو کاتەدا کە یوسف و مەریەم وەک دوو دەستگیرانی یەکترین و هێشتا نەچوونەتە پەردەی زاوایەتییەوە، بە ویستی خودا و لە

ڕووداوێکی سەرسوڕهێندا، مەریەم کوڕێکی بە ناوی (عیسا)وە دەبێت! لەو لاشەوە بەسەرهاتی لەدایکبوونی (یەحیا)هەیە کاتێک زەکەریا و ئەلیسابات وەک ژن و مێردێکی پیر و بەساڵاچوو، کە ماوەیەکی زۆرە بە هۆی نەزۆکی ئەلیساباتەوە، منداڵیان نابێت، بەویستی خودا کوڕێکیان بە ناوی (یەحیا)وە دەبێت! هەمان ئەم وێنەیە لە بەسەرهاتی لەدایکبوونی شێخ فەرخیشدا هەیە و لەپاڵ لەدایکبوونی شێخ فەرخی کوڕی مامادییدا، بەسەرهاتی لەدایکبوونی ئامۆزایەکی هەیە بە ناوی (خاتوون ئەستی)یەوە، کە کچی مام خەلیفەی پاشای شاری داودیە و وەک دوو پاڵەوانی سەرەکی ناو بەیتەکەن.

ئەو سەردەمانەی کە عیسای تێدا لەدایک بووە، سەردەمی هیرۆدۆسی پاشا بووە و لەبەر ئەوەی چەند ئەستێرەناسێک پێشبینی لەدایکبوونەکەیان کردبوو، پاشا ئەم لەدایکبوونە بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی دەزانێت و بڕیاری کوشتنی (عیسا) دەدات، لەبەر ئەوەی شوێنی لەدایکبوونی مەسیح تەویلەیەکی شاری (بەیت لەحم)ـەو نادۆزرێتەوە، هێرۆدۆس بڕیاری کوشتنی هەموو منداڵێکی خوار تەمەنی دوو ساڵی شارەکە دەدات. هاوشێوەی ئەم دژایەتییە، لە بەسەرهاتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستیدا، کاتێک پاشای شاری داودی (کە مام غەڵیفەی مامی شێخ فەرخە) لەلایەن پیرەژن و بەردەسەکانییەوە هەواڵی لەدایکبوونی شێخ فەرخی پێ دەگات، ئەمیش هاوشێوەی هیرۆدۆسی پاشا، لە ڕووی ئاینییەوە لەدایکبوونەکە بە مەترسی بۆ دەسەڵاتەکەی دەزانێت و لە ترسی ئەوەی کە سوڵتانی ئەستەنبوڵ سزای نەدات، بڕیار دەدات کە

(فەرخۆلە) بۆ کوشتن ببرێتە تەویلەیەکەوە. لە هاوکێشەی هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە کـاتی لەدایکبـوونەکەدا ڕوو دەدەن، بونیادەکـانی: لەدایکبوونێکی نائاسایی، پاساوێکی ئـاینی، دژایەتییەکـی ئـاینی یـان سیاسی، تەویلە وەک شانۆی لەدایکبوون، بەشدارییپێکردنی کەسایەتی ئــاینی وەک ڕاوێژکــاری دەســەڵات (مەلا، ســەید، کــاهین، زانایــانی شەریعەت) خاڵی هاوبەشی نێوان هەر دوو بەسەرهاتەکەن.

سەبارەت بە شوێن و شانۆی ڕووداوەکان لە ئینجیلدا وا هاتووە کە شاری (بەیت لەحم)ـە و هەشت کیلۆمەترێک لە باشووری ڕۆژئاوای قودسەوە دوورە. بە ئۆرشەلیم (قودس)یش دەوترێت شاری (داود) و بە مەسیحیش دەوترێت ڕۆڵەی داود؟ چونکە بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر حەزرەتی داود. لێرەدا کۆمەڵێک خاڵی پەیوەندیدار لە نێوان شوێندا جێگەی تێڕامانن! چونکە شانۆی ڕووداوەکانی ژیانی عیسا لە شاری بەیت لەحم (داود)ە و بە هەمان شێوە لە ژیانی شێخ فەرخیشدا شوێنێکە لە دەقەکەدا بە (شاری داودێ) ناوی هاتووە. لەلایەکی تریشەوە، پەیوەندییەک هەیە لە نێوان بنەماڵەی شێخ فەرخ و ماڵە خاڵوانی کە لە وڵاتی (شام) دەژی!؟ و ماوەیەک شێخ فەرخ لەوێ حوکم دەکات.

کەرامات و موعجیزە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عیسا توانیوێتی چەند کارێکی سەرسوڕهێنەری وا بکات کە خەڵکی ئاسایی ناتوانن بیکەن و ســەرنجی ئــەوانی تــر بەلای خۆیــدا ڕابکێشــێت. لەوانە: مــردووی زیندووکردووەتەوە، چاوی کوێری چاک کـردووەتەوە، یـان توانییـوێتی نەخۆشی (گـولی) پـاک بکـاتەوە. شـێخ فەرخـیش بەهەمـان شـێوەی

عیسا، کاری سەرسوڕهێنەی کردووە، بۆ نموونە: نزای مردنی لە دایک و باوکی گیرا بووە کاتێک ویستوویەتی خاتوون ئەستی ببێت بە بەخێوکەری و ئامۆژنی کردووە بە بەردێکی شین و دواتریش لە شێوەی سەگێکی ڕەشدا خستوویەتییە ڕوو، هەروەها کاتێکیش فەرخ لە باوەشی خاتوون ئەستیدا بووە، بالاّی خۆی درێژ کردووە لە منداڵێکەوە خۆی بە گەنجێک گۆڕیوە و شێخاڵی شوانی ڕەق کردووە و... هد

هاووێنەیی لە ئەنجامدانی کارە سەرسوڕهێنەرەکانی هەردوو لادا بەجۆرێک لە بیروبۆچوونی خەڵکیدا ڕەگی داکوتاوە، تا ئێستاش هەندێک پێیان وایە شێخ فەرخ وەلییەکی ئاشق و خاوەن کەراماتە و نەمردووە و ئاگای لە هەموو شتێکە! بۆیە هەر ژنێک سکی پڕ بێت و بچێتە سەر ئارامگەکەی کە منداڵەکەی بوو، نیشانەی پێوە دەبێت...! و ڕازی نیین کەس هیچی دەربارە بڵێت. هەروەک چۆن لای باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی، عیسا نەمردووە و بەرەو ئاسمان براوە.

زانایی و بیرکردنەوەی مەزن یەکێکی تری ئەو خاڵە هاوبەشانەی نێوان پێغەمبەر عیسا و شێخ فەرخە. زانایی و بیرکردنەوەی مەزنی هەردوولا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەدا دەرکەوتووە کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، وەک ئەوەی کاتێک عیسا تەمەنی گەیشتووەتە دوازدە ساڵی و لە ڕێگەی قودس ون دەبێت، دوای سێ ڕۆژ گەڕان لە پەرستگایەکدا دەدۆزرێتەوە کە لەوێ دانیشتووە و گوێ لە مامۆستایانی شەریعەت دەگرێت و پرسیاریان لێ دەکات و هەموو ئەوانەی کە گوێیان لێیەتی سەرسامن بە تێگەیشتن و

وەڵامدانەوەکانی. لە شوێنێکی تریشدا عیسا ڕەخنە لە مامۆستایانی شەریعەت دەگرێت کە دادپەروەریی و پەیامی خودا پشتگوێ دەخەن و پێیان دەڵێت: قوڕ بەسەر ئێوە زانایانی شەریعەت، ئێوە باری قورس و گران دەخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام خۆتان سەری پەنجەیەکی لێ نادەن بۆ یارمەتیدانیان. بە تەنیشت ئەمەوە، لای شێخ فەرخیش هەمان زانایی دەبینرێتەوە کاتێک لە تەمەنێکی منداڵییەوە دەبرێتە لای مامۆستا و زانای شەریعەت تا وانەی پێ بڵێنەوە و فێری زانیاریی و خوێندنی بکەن، بەڵام لە ئەنجامدا و دوای گفتوگۆیەکی بەرز و پڕ واتا، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە ئەمیش وەک عیسا خۆی لەو ئاستەدا نابینێتەوە کە ئەمان زانیاری پێ بدەن؟ چونکە بە بڕوای فەرخ ئەمانە کەسانێکن هێشتا خۆیان پێویستیان بە زانیاری وەرگرتنە.

ڕەمز و هێمای (گوڵ) لە نێوان هەردوو دەقەکەدا، یەکێکی ترە لە خاڵەکانی کاریگەریی و گواستنەوە. گوڵ لای مەسیحییەکان هێمایە بۆ زۆر شت، ئاماژەیە بۆ: مەریەم، فیرۆس، نهێنی، قەداسە، باوەڕهێنان و هێمای نادیاریی، لە دەقی شێخ فەرخیشدا گوڵ هێماکردنە بۆ نادیاریی و شاراوەیی شتێک یان باوەڕێک کاتێک کە شێخ فەرخ لە تەویلەکەدا فڕێ دەدەن تا وڵاخەکان پێی پێدا بنێن و بمرێت، بەڵام ئەنجام وا دەردەچێت کە فەرخۆلە لەم پیلانە ڕزگاری دەبێت و وەک هێمایەک، چەپکە گوڵێک دەکەوێتە دەستییەوە و دەبێتە هێمایەکی شاراوە بۆ دوژمنەکانی.

یەکێکی تر لەو هێمایانە (کە خاڵی هاوبەشی نێوان زۆر چیرۆکی فۆلکلۆریشە) بوونی (باڵندە)یەکە کە لە دەقی شێخ فەرخدا دێت و بەسەر سەری فەرخەوە دەنیشێتەوە و دەیکاتە پاشا، هەمان باڵندە لە دەقی عیسادا، لە شێوەی (کۆتر)دا وەک هێما بۆ ڕۆحی خودا، دەردەکەوێت.

ئەمانە و زۆر خاڵی تری وەک کۆتایی مەرگەساتی مردنی کارەکتەری سەرەکی ناو دەقەکان و گواستنەوەی هەر دوو ناوەرۆکی دەقەکان لەسەر بەرهەمهێنانی دەقی تری ئەدەبی، بە وێنەی هەقایەتی (مەلۆتکە) لە ئەدەبی فۆلکلۆری سریانیی و حیکایەتێک بە ناوی (مەلۆتکە) یان گواستنەوەیان بۆ کار و بەرهەمی تری هونەریی و ئەدەبی و بابەتی تر کە بە ئومێدی ئەوەی کە بتوانیین لە ئایندەدا بیانبینیین.

سەرچاوەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (نووسەر) ژمارە (٨-٩)ی ساڵی (٢٠١٣) بڵاوکراوەتەوە. دواتریش بووە کتێبێک، بڕوانە (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و بەراوردکردن: ڕێبوار حەمەتۆفیق، پرۆژەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، ٢٠١٣)

(٢) ئینجیل لۆقا، مەتتا، یۆحەننا

(٣) تحفەی مضفریە، **ئۆسکارمان، پێشەکی و ساغکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، چ٢، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦**

(٤) خوشکە نەسیمۆ، و: هاوژین صلیوە، **لە بڵاوکراوەکانی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣**

(٥) النمازج الأنسانيه فى الدراسات الأدبيه المقارنه، د. محمد غنيمى هلال، معهد الدراسات الغربيه العاليه،١٩٦٤

(٦) رموز الأديان و الثقافات، الأب صبري المقدسي، أربيل ، ٢٠٠٦

(٧) الملل والنحل، شهرستانى

مەلا پەرێشان و هۆنراوەی مەزهەبی (ئولی)

ژیاننامەی شاعیر:

لەسەر ناو و شوێنی ژیانی مەلا پەرێشان، چەند بۆچوونێک خراونەتە ڕوو. هەندێک سەرچاوەدا، ناوی مەلا بە (ئەبولقاسم)ی خەڵکی دینەوەر (دەینەوەر)ی لای کرماشان یان (دلفان)ی لوڕستان هاتووە.

(شێخ عەلی) وەک زانا و ئامۆژگاریکارێکی کرماشانی، پێی وایە مەلا پەرێشان، یەکێک بووە لە دانیشتوانی دێی (دەینەوەر)ی لای کرماشان. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر ڕێی تێدەچێت و شێوەی هۆنراوەکانی مەلا خۆیشی ئەمەمان پشتڕاست دەکەنەوە، چونکە خەڵکی ئەم ناوچەیە، بە هەمان ئەو شێوەیە قسە دەکەن کە مەلا پەرێشان هۆنراوەی پێ نووسیووە، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکیش لە هۆنراوەکانی شاعیر، بەسەر زاری هەندێک لە کوردەکانی ڕۆژگاری کۆن و ئێستای ناوچەکەوەن.

لە کتێبی (رایور دوی شمی العرفای تارانیی) بە پێنووسی (سید عبدالحجتی بلاغیی) کە لە ساڵی ١٣٦٩ کۆچی بەرانبەر بە ١٩٥٠ی زاینی چاپ کراوە و ئێستا لە (خانەقای نعمت اللهی) شادڕەوان (حاجی عبدلله الحسینی زو الریا ستین) لە کرماشاندا پارێزراوە، لە بارەی مەلا پەرێشانەوە، لە لاپەڕەی ١٧٥، بابی (پ)دا نووسراوە (هەندێکی تر لایان وایە کە مەلا پەرێشان ناوی "مەلا محەممەد"ە و

هەندێکی تر دەڵێن ناوی "میرزا محەممەد خان"ـە و هەندێکی تریش لایان وایە کە مەلا، ناوی "میرزا محەممەد"ە. لە زۆرێک لە دەستخەتەکانیشدا، بە "ئەبولقاسم" ناوی نووسراوە.)

لەبەرئەوەی مەلا پەرێشان پیاوێکی زانا و بەنێوبانگ بووە، هەموو هـۆزە کوردەکـانی ناوچەکـانی کرماشـان و خورەمئـاوا ویسـتوویانە بە خەڵکی ناوچەکانی خۆیانی بزانن. هەروەک چـۆن هـۆزی (کولیوەنـد) دەڵێن مەلا لە هۆزی (قەیاسوەند)ە کە لقـێکە لە هـۆزی کۆڵیوەنـد و دانیشـتوی شـاری قەزویـن بـووە. هەروەهـا دانیشـتووانی شـاری نەهاوەندیش دەڵێن: مەلا پەرێشان نەهاوەندیی بووە. هەندێکی تـریش پێیان وایە لە هۆزی (خەمسە)ی (گەڕوس)ـە.

سـەبارەت بە سـەردەمی ژیـانی شـاعیر، جـگە لەم پـارچە هۆنراوەیەی، هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە:

شێخ ڕەجەب بورسی وە ئەو گشت قورسی

لە وەحدەت حەرفی ئەو ژ من پرسی

پەنجا ساڵ تەریق خدمەتم گوزارشت

جوز وە یەک ڕشتە جوربزە نەیاشت

واتە: شێخ ڕەجەب بورسی بەو هەموو قورسییەیەوە (گەورەییەوە) لە بابەت وەحدانییەتی حەرف (خودا) لە منی پرسی: پەنجا ساڵ خزمەتی تەریقم کردووە (ئاینم کردووە) جگە لە ڕشتەیەک هیچی تری نەدەزانی! بەمەشدا وا دەردەکەوێت کە مەلا پەرێشان هاوڕێ و نزیکی شێخ ڕەجەبی بورسی بووە.

بە پێـــی ئەم هــۆنراوەیەی مەلا پەرێشـــان بێــت، ژیـــانی مەلا، هاوسەردەمی ژیانی (شێخ ڕەجەب بورسی) بووە کە یەکێک بـووە لە زانـــا هەڵکەوتووەکـــانی ســـەردەمی خـــۆی و نـــاوی تەواوی (الشـــیخ الـحـافظ رضی الدین رجـب بـن محمـد بـن رجـب البرسـی الحلـی)یە و لەبەرئەوەی کە هەمـوو قورئـانی لەبەر بـووە، بە (حـافز) ناوبـانگی ڕۆیشتووە. خاوەنی کتێبەکانی (مشارق الامان) (اللمعە) (الالفین) و (مشارق انوار الیقین فی حقائق اسرار امیر المؤمنین) بووە.

بورسی خەڵکی گوندی (بورس)ی نزیک شاری (کوفە)ی سەر بە وڵاتی عێراقە. ئاشـکرایە کە: شـێخ ڕەجـب بورسـی، کتێبـی (مشـارق الانـــوار)ی لە ســـاڵی ٧٧٣ کـــۆچی بەرانبـــەر بە ١٣٧١ ی زایینـــی نووسـیوە، لە نێـوان لەدایکبـوونی مەهـدی و دانـانی کتێبەکەیـدا ٥١٨ ســـاڵ مـــاوە هەیە، ئەوەش دیـــارە کە مەهـــدی ســـاڵی ٢٥٥ی کـــۆچی لەدایک بووە. کەواتە مەلا پەرێشان لە نێوان نیوەی دووەمی سـەدەی چـواردەیەم و نیـوەی یەکەمـی سـەدەی پـازدەیەمی زایینـی ژیـاوە و هاوسەردەمی شێخ ڕەجەبی بورسی بووە.

دیوانی مەلا پەرێشان و نووسخە و دەستخەتەکانی:

(فتحعلـــی حیـــدر زیبـــاجوئی) لە لاپەڕە ٤٩ی چـــاپی ١٣٣٤ی بەرانـــبەر بە ١٩٥٦ی زایینـــی دیـــوانەکەدا، ئامـــاژەی بە چەنـــد دەستنووسێک کردووە کە بۆ سـاغکردنەوە و لێکـدانەوەی شـیعرەکانی مەلا پەرێشان کاری لەسەر کـردوون، بەڵام بەداخەوە، نە نمـوونەیەکی لێ خستوونەتە ڕوو، نە وەسف، یان هەروەک وترا، لە باری چۆنێتیی

و چەندێتییانەوە شتێکی ئەوتۆی لێ باس کردوون؟! دواجار، باس لە نووسخەی دەستخەتێکی تریش دەکات کە کاتێک بەدەستی گەیشتووە، چاپی دیوانەکە لە کۆتاییدا بووە و هیچ کەڵکێکی بۆی نەبووە!؟

(ئەنوەر سوڵتانی) ئاماژە بە دەستخەتێکی (پەرێشاننامە) دەکات کە لە (کتێبخانەی زانستگەی کەمبریج) پارێزراوە و دەنووسێت: ئەم نووسخەیە ٤٢ لاپەڕەیە و قەوارەی لاپەڕەکان، نۆ و نیو بە چواردە سانتیمەترن. هەر لاپەڕەیەک ١٢ دێڕی لەسەر نووسراوە و شێوەی خەتی نووسینەکە (نەسخ)ـە. هەروەها لە کتێبەکانی (ژیانەوەی زانایانی کورد)ی (محەممەد ساڵح ئیبراهیمی) و (مێژووی ئەدەبی کوردی) ی (د. مارف خەزنەدار) و (مێژووی وێژەی کوردی)ی (سدیق بۆرەکەیی) گەرچی چەند هۆنراوەیەکی باشی مەلا پەرێشانیان تێدا هاتووە، بەڵام لەهیچکامیاندا وەکو پێویست ئاماژە بەو دەستخەتانە نەکراوە کە لێیانەوە وەرگیراوە؟! بەپێی ئەو بەراوردکارییەش بێت کە لێکۆڵەر کردویەتی زۆربەی ئەو هۆنراوانەی کە ئەمان ئاماژەیان بۆ کردووە، پێشتر لە چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (کوردستان- تاران)ی ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ لەلایەن (محەممەد سدیقی موفتی زادە)وە خراونەتە ڕوو!؟ ناوبراو ئەگەرچی کاری لەسەر زۆربەی هۆنراوەکانی کۆتایی دیوانەکەی (مەلا پەرێشان) کردووە، بەڵام خۆی لەو شیعرانە پاراستووە کە هەجوو ئامێزن یان دەمارگیریی ئاینییان پێوەیە، بەو بیانووەی کە ئەم هۆنراوانە بەدەمی مەلاوە وتراون و هیچ پیاوێکی تێگەیشتوو باوەڕ

ناکات کە مەلا پەرێشان بەو هەموو عیلمەوە کەبوویەتی، قسەی وەهای لە دەم دەربێت و جنێو بە ئەسحابەی پێغەمبەر بدات و خراپ بدات.

دوو نوسخەی تری هۆنراوەکانی مەلا پەرێشان کەوتووەتە بەردەست خاوەنی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بەنیازە لە داهاتوودا دیوانێکی تاڕادەیەک باشتری لێ پێک بهێنێت کە بریتین لە:

یەکەمیان: دەستخەتێکی فۆتۆکۆپییە و جگە لە دوو لاپەڕەی بەرگەکەی، لە ٣٨ لاپەڕەی نیو ئەیفۆری (٨ بە ٨ سانتیمەتری) پێک هاتووە و بە خەتێکی جوان و بە ڕەنگی ڕەش نووسراوەتەوە. دێڕە هۆنراوەکانی بەرانبەر یەکن. لە سەرەتاکەیدا نووسراوە (هذا الکتاب من تصنیف مرحوم المغفور المرور ملا پریشان رحمه الله) و لە کۆتاییەکەشیدا نووسراوە (تمام شد در یوم شنبه شهر ذلحجه الحرام ١٣٢٦) دیارە مەبەست لە ساڵی هەتاوییە کە دەکاتە ساڵی ١٩٤٧ی زاینی. وێنەی سەرەکی ئەم دەستخەتە لە (کتابخانه مجلس شورای ملی) بە ناوی (دیوان ملا پریشان "کردی") ژمارەی ٩٥٠٥ی فەهرەستی دراوەتێ.

دووەمیان: دەستخەتێکی فۆتۆکۆپییە و جگە لە دوو لاپەڕەی بەرگەکەی، لە ٤٠ لاپەڕەی نیو ئەیفۆڕ پێک هاتووە و بە خەتێکی جوان و ڕەنگی ڕەش نووسراوەتەوە. دێڕە هۆنراوەکان بەرانبەر یەک نووسراون. لە کۆتاییەکەیدا نووسراوە (تمام شد اشعار ملا پریشان علیه رحمه متورخه ١٣١٩/١٢/٢ مطابق با ذلحجه الحرام ١٣٥٦) کە دەکاتە ساڵی ١٩٧٧ی زایینی. ئەگەرچی مێژووی

نووسینەوەی ئەم دەستخەتە لەچاو دەستخەتەکانی پێشووتردا نوێترە و جوانتر ئاماژە بۆ سەروبۆر کراوە، بەڵام لە ڕووی ناسین و متمانە و زانستی پاراستنەوە کەڵکەکەی لە دواترەوەیە.

شایەنی ئاماژەیە بەم دواییەش کتێبێک بە ناوی (شرح دیوان مـلا پریشـان، اسـفندیار غضـنفری امرایـی، انتشـارات شاپورخواسـت خـرم ابـاد، ٢٠٠٩) لە وڵاتـی ئێـران دەرچـووە و لێکدانەوەی بەشێکی باشی شیعرەکانی مەلا پەرێشانی تێدا هاتووە. بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە چاپی دیوانەکەی کەڵک لە سەرجەم تێکست و نوسخەکانی تریش وەرگیراوە.

ناوەرۆکی هۆنراوەکانی مەلاپەرییشان:

لە نێوان مێـژووی ژیـانی (بابـا تـاهیری هەمـەدانی ٩٧٣-١٠١٠) و ژیانی (مەلا پەرێشان)دا نزیکەی چوارسەد ساڵ تەمەن هەیە، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە و بەپێی سەرچاوەی نووسراو و دۆکۆمێنتە بەردەستەکان، پێناچێت ئەدەبی کوردی هاوشانی ئەم مێژووە گەشەی کردبێت، چونکە چوار سەدە بێدەنگی، یان لایەنی کەم کەمدەنگی ئەو گومانە لەسەر بابا تـاهیر چڕتـر دەکاتـەوە کـە بـە سـەرەتای ئـەدەبی نووسراوی کوردی دابنێین.

لـەم گۆشـەنیگایەوە هۆنراوەکـانی مـەلا پەرێشـانی دینـەوەری لـە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگـەی تایبـەتیان هەیـە و ئەگـەر لـە ڕیـزی تێکسـتە یەکەمینـەکان نـەبێت، گومـانی تێـدا نییـە کـە بـە بناغـە و سەرچاوەی سەرەکی مێژووی ئەدەبی کوردی دادەنرێت.

ئەگەرچی لە نێوان سەردەمی ئێمە و مەلا پەرێشاندا نزیکەی شەشسەد ساڵ تەمەن هەیە و پێناچێت هەموو ئەو هۆنراوانەی کە لە ئێستادا دراونەتە پاڵ مەلا پەرێشان هەموویان لە دانراوی شاعیر بن، یان بە تەواوی ئەو هەست و نەستە بن کە شاعیر دەری بڕیون و هەیبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت لە فەزای شیعری مەلای پەرێشاندا هەست بەوە بکرێت کە شاعیرێکی خواپەرستی مەزهەبی بووە و زۆربەی ئەو هۆنراوانەی کە لە دیوانەکەیدا هەیە کە لە کرماشان و لەسەر بنج و بناوانی دەستنووسێک چاپ کراوە کە لە ساڵی ١٩١٥ ڕێنووس کراوە، ئەم سەرنجە دەسەلمێنێت.

هۆنراوەکانی مەلا پەرێشان لەسەر بنچینەی بەند دەڕوات. هەر بەندی لە ژێر ناونیشانێکدایە، وەکو: بسمیللا، پێداهەڵدانی پێغەمبەر و عەلی، لە بارەی یەزدانی پاکەوە، عەلیی و دوازدە ئیمام و چواردە مەعسووم، چینەکانی ئادەمیزاد، سیفەتەکانی ئادەمیزاد، میعراج، ئامۆژگاری، کینایات، وەسفی خودا، وەسێتی پێغەمبەر بۆ عەلی، عەلی و غەدیری خوم، زولفەقار، وەسفی پێغەمبەر، ڕیایی و بێڕیایی، گفتوگۆی ئەقڵ و هۆش، پێغەمبەر و جبرەیل و عەلی، لە دژی شەراب، ویلایەتی عەلی، شاعیر دەبێ چۆن بێ؟ لە دژی سۆفیزم، شا و ڕەعیە، گفتوگۆ لەگەڵ مەلای ئەشعەری، موناجات. هەروەها (پەرێشاننامە) و (ساقینامە)شی هەیە.

وەک لە ناونیشانەکانەوە دیارە زۆربەی زۆری هۆنراوەکانی مەلا پەرێشان لە جۆری ئاینییە، بەڵام سەبارەت بە هۆنراوەی ئاینی دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە تا ئێستا پۆلێنی ناوخۆیی و ناوەرۆکی

هـۆنراوەی ئـاینی لـە ئـەدەبی كـوردی و زۆرێـك لێكۆڵینـەوەكانیشـدا ئاشكرا نییـە. بـە ئاسـانی دەتوانرێـت نـاوەڕۆكی هـۆنراوەی ئـاینی لـە ناوەڕۆكێكی تـری هـۆنراوە، بـۆ نموونـە: مەبەسـتی كۆمەڵایـەتی، یـان دڵداریی و سروشت جیابكرێتەوە، بەڵام ئاسان نییە جـۆری هـۆنراوەی ئاینی و عیرفانی لە سۆفیگەریی و مەزهەبی، یـان فەلسـەفی و هـزری وەك (ڕێبازی حوروفیە) بەو ئاسانییە جیا بكەینـەوە، هۆكارەكەشـی هەر ئەوەیە كە ئەم لێكۆڵینەوەیە دەیەوێت ڕوونی بكاتەوە.

ناوەڕۆكی هۆنراوە ئاینییەكانی مەلا پەرێشان:

بە پێی ئەو دابەشكردن و پۆلێنە باوانەی بۆ ناوەڕۆكی هـۆنراوەی كوردی دەكرێت و لە ئامادەكردنی دیوانی شاعیرانی كلاسـیكی زۆرێـك لە لێكۆڵینەوەكاندا دەبینرێت، هـۆنراوەی ئـاینی لـە ڕووی چەنـدێتی و چۆنێتییـەوە لـە ڕیـزی پێشـەوەیە. هۆیەكەیشـی ئاسـانە و بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم شاعیرانە هەڵگری پاشخانێكی ڕۆشـنبیریی ئـاینی و زانستە شەرعییەكان بـوون لـە حـوجرە و ناوەنـدەكانی پـەروەردە و فێربـوونی ئـەو كـات بـاو بـوون. لـەم ڕێیەشـەوە بـە ئاسـانی لەگـەڵ لاسـایكردنەوەی دەرووبـەر و پـێش خۆیانـدا گـۆش بـوون و لـە نـاو كۆمەڵدا جێیان بووەتەوە، بەڵام تا ئێسـتا زۆر بـە كـەمی كـار لەسـەر چەنـدێتی و چـۆنێتی نـاوەڕۆكی هـۆنراوەی ئـاینی كـراوە و ئـەو هەوڵانەشی كە بەم دواییە خراونەتە ڕوو، دووبارە دووچـاری بێـدەنگی بوونەتەوە!

یەکێک لەو هۆکارانەی لە پشت پۆلێنە باوەکانەوە بووە ئەو بێدەنگییەیە کە بەرانبەر بەو لێکدانەوە نوێیانە هەیە. ڕەنگە هۆیەکەیشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی هۆنراوەی ئاینی زیاتر لەگەڵ بنەمای کلاسیکدا دێتەوە و لە چوارچێوەی لاسایکردنەوە و زمان و لایەنەکانی ڕەوانبێژیدا ئاسانتر خۆدەگرێت و لە دەربڕین و داڕشتندا جێی خۆی دەکاتەوە. چەند شاعیرێکی کەمی وەکو (بابا تاهیر، مەحوی، بێخود... هد)ی لێ دەرچێت، زۆربەی شاعیرانی ئەم بوارە، وێنە و وەسف و ستایش و پێکهاتە و بونیادی هۆنراوەی ئاینییان لەیەک دەچێت.

مەلا پەرێشانی دینەوەری، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕیزی پێشەوەی شاعیرانی مێژووی ئەدەبی کوردییەوەیە و هیچ شاعیرێکی کورد، یان بڵێین زۆر بە دەگمەن، هەبووە کە ئەم بچێتەوە سەریان و لاساییان بکاتەوە، بەڵام لە نووسینی هۆنراوەی ئاینیدا هەم داهێنەر و هەمیش ئەو هۆنەرە بووە کە لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

هۆنراوە ئاینییەکانی مەلا پەرێشان لە زانیارییە شەرعی و ئیسلامییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و لەگەڵ ئایەت و فەرموودەدا تەزمین کراوە و ئاوێتەی سەرنجی فەلسەفی و مەنتیقی کراون. زۆرتر ناوەرۆکێکی مەزهەبی (ئولی)ن و تایبەتن بە وەسف و ستایش و پێداهەڵدانی خودا و پێغەمبەر و ئیمامی عەلی. یان تایبەتن بە وەسفی ڕێباز (تەریقەت)ی حورووفییە نەک بۆ سۆفیزم بن. هەر

لەبەر ئەمەشە کە شیعرەکانی لە نەزمەوە نزیکترن و بە زۆری وەعز و ئیرشاد بەڕێوەیان دەبات.

ئەوەی هۆنراوە ئاینییەکانی ئەم شاعیرە لە هۆنراوە ئاینییەکانی شاعیرانی تری کلاسیکی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لای مەلا پەرێشان هۆنراوەی ئاینی هەڵگری بیری فەلسەفییە و دەیەوێت ڕێنمایی دەستە یان کۆمەڵ بۆ خوداناسی و شیعەگەری ئاراستە بکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر سێ لایەنی هۆنراوەی ئاینی کە مەلا پەرێشان داهێنەرە تێیاندا، ئەوانیش هۆنراوەی تایبەت بە ناوەرۆکی ڕێبازی حورووفییە، مەزهەبگەرێتی و سۆفیگەرییە.

یەکەم: مەلا پەرێشان و (حورووفییە):

لە سەردەمی ژیانی مەلا پەرێشاندا، بزووتنەوەی (حورووفییە) وەک ڕێبازێکی سۆفیزم بڵاوبووەتەوە. زاراوەی ئەم ڕێبازە سۆفیزمییە، لە وشەی (الحرف)ی عەرەبییەوە هاتووە. دەستەیەکن لە کەسانی ڕاستی (اهل الحقیقە) دامەزرێنەرەکەی (فەزلوڵلای نەعیمی ئەسترابادییە ١٣٤٠-١٤٠٢زاینی)یە کە کەسێکی بە توانا و پڕ زانست بووە.

فەزلوڵلای نەعیمی داوای ئەوەی کردووە کە ئەم خەلیفەی خودایە لەسەر زەویی و وەکو عیسا و محەممەد وایە. لە دەست خەڵکی خۆی شاردووەتەوە، بەڵام سەرئەنجامی کوشتن بووە. سێ کتێبی هەیە و لای حورووفییەکان بە کتێبی پیرۆز دادەنرێن، یەکێکیان

(جاویـــدانامە)یە کە بەشـــێوەی پەخشـــانە و دووانەکەی تریـــان (محبتنامە) و (عرشنامە)ن و بە شێوەی شیعرن.

گومانی تێدا نییە کە لە بنەڕەتدا مەلا پەرێشان لەبەر ئەوە چووەتە سەر تەریقەتی حورووفییە کە ئەم بیروباوەڕە لەگەڵ شیعەی ئیسلامدا دەگونجێت.

فەزڵوڵڵای نەعیمی تبریزی ساڵی ٧٤٠ی کۆچی بەرانبەر ١٣٤٠ی ڕێبازەکەی داناوە. شوێنکەوتووانی پێیان وایە کە ڕێبەر ویلایەت لە ٢٨ تیپ (پیت)ی ئەلفابێی عەرەبییدا دەدۆزرێتەوە و لایان وابووە کە خودا لە سێ مەرتەبەی (نبوت، ویلایەت و الوهیت)دا دەردەکەوێت.

ڕێبازەکە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە بنج و بنیـادی خـودا لە وشـە (کلمە)دایە. پیت (تیپ) واتای نهێنی هەیە. لێکدانەوە فەلسـەفییەکە لەســەر بنجـی نرخـی ژمـارەی حەرف وەسـتاوە. بەم پێـیە، هەمـوو تیپەکـانی نووسـین لەلای لایەنگرانـی ئەم ڕێبـازە پیـرۆزن. لەنـاو هەر تیپێکـدا، نهێنیـیەک هەیە. بەلایـانەوە ئەگەر ئـادەمیزاد بگـاتە پـلەی تەواو (کاملی) لە پلەی خودایەتی نزیک دەبێتەوە.

بۆ مەبەستی نهێنییەکانی تیپی نووسین، ئەمـانیش وەکـو زۆربەی فیرقەکـانی سـۆفیزمی ئیسـلامی، بـۆ قورئـان دەگەڕێـنەوە و دەڵـێن ئایەتەکـان هەمـووی نهێنیـیە و واتـا دیـار و ڕووکەشـەکانی جەوهەری قورئان نانوێنن.

بـزووتنەوەی حـورووفییە، لەنـاو ئـاینزای شـیعەدا سـەری هەڵـدا. پەیدابوونی (حەق) لە سێ پلەی (نبـوت ولایەت-الـوهیەت) دەبیـنن. بەلای ئەوانەوە (نبــوت) بە پێغەمــبەری ئیســلام دوایــی هــاتووە و

(ولایەت) لەوەوە دەست پێ دەکات، بەڵام پاش ئەو، عەلی و یازدە منداڵەکانی جێنشینی پێغەمبەرن و دوازدەیەمینیان خاوەنی ویلایەت و مەزهەری خوایەتییە. وەکو چۆن لەدوای پێغەمبەری ئیسلام پێغەمبەری تر نییە، لە پاش ئیمامی دوازدەیەمیش ئیتر وەلی تر نایەت، هەروەها ئیمامی دوازدەیەم بە دوا پێغەمبەر دادەنێن، جێنشینانی ئەمانە مەزهەری خودایەتییان هەیە.

بیروباوەڕی حورووفییە، بە تەواوی لە شیعری مەلا پەرێشاندا ڕەنگی داوەتەوە و شاعیر زۆر کەڵکی لەم تەریقەتە وەرگرتووە و لە شیعرێکیدا بیروباوەڕی ڕاستی حورووفییەتی خۆی دەخاتە ڕوو:

ئەوەلین حەرفی نوبووەت نوونەن

مەلفووزەش سێ حەرف واوەش مەکنوونەن

واو خود کینایە ژ ویلایەتەن

نە من یە واتەم نە سسی ئایەتەن

ئەووەلین حەرف ویلایەت واوەن

ئەو نیز مەلفووزەش سێ حەرف واوەن

ئەو سەت ئەلفەن ژ ئولووهییەت

مونکیر ئینکار کەرد ژ بولووهییەت

واتە: یەکەمین حەرفی نوبووەت نوونە و لە سێ حەرف پێک هاتووە. واوی شاراوەیە و واو کینایەیە بۆ ویلایەت. ئەمە لە ئایەتی قورئاندا هاتووە. یەکەمین حەرفی ویلایەت واوە، ئەویش بە لەفز سێ حەرفی واوە و ناوەڕاست ئەلفە لە ئولووهییەتە. مونکیر ئینکاری دەکات؟ چونکە گەمژە و گێلە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەسفی بەندەگی بزانن سێ حەرفەن

حەرفێ سێ کەلام وەنەحوی سەرفەن

ژ (واو) (وەدوود)، (وەفا) بکەر زەبت

ژ (صاد) (صبر)، (صەفا) بکەر زەبت

(ف)ێ (فەقر) و (فاقە) (فناء)دا محەل

(خیر الکلام ماقل و دل)

واتە: (وصف)ی عەبدایەتی بزانە سێ حەرفە، بە نەحوو سەرف حەرفی هەر سێ وشەکان. لە (واو) (وەدوود)، (وەفا) ببینە. لە (صاد) (صەبر)، (صەفا) ببینە. (ف)یێ (فەقر) و (فاقە) (فەناء) لەجێی خۆیانن. (خیر الکلام ماقل و دل)

مەلا پەرێشان، ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەم بابەت و ناوەرۆکانە دەوڵەمەند کردووە. لەوانەیە خوێندەوار بیری بۆ ئەوە بچێت ئەم جۆرە شیعرانە دوورن لە خەیاڵ و دۆزینەوەی واتاوە، بەڵام دۆزینەوەی نهێنی، هەندێ لایەنی سۆفیزمییان تێدایە، لەبەر ئەوە دەچنە ناو ئەو جۆرە شیعرانەی کە ناو نراون هۆنراوەی فێرکردن (دیداکتی). ئەم بابەتە شیعرییە، لە سەردەمی گریکەکانەوە تا ئێستا، لە تایبەتمەندی هەموو کۆمەڵانی پێشکەوتوودا هەبووە.

حمد دو مرتبە هات ژ ئاسمان

یکتائی مختص ذات حق بزان

بیست و هشت حروف هر دوان و یک

چهاردە معسومن بی ریب و بی شک

ماسوی الله گشت مندرج بین

کام مطلب ژ بیست هشت حروف نین

مفردات ویرد مرکب و جا

ترکیب پی چی کرد لام الف لا

لام قلب الف الف قلب لام

اگر دریافتی قالبی الهام

دووەم: هۆنراوەی مەزهەبگەرێتی:

مەلا پەرێشان، یەکەمین شاعیری کوردەکە شیعری بۆ ئاینزای شیعەی ئیسلام بەکار هێنابێت. وەکو شیعەیەکی دوازدە ئیمامیی توندڕەو خۆی نیشان داوە و بیروڕا و باوەڕی شاعیر نموونەی ئاینزای شیعی بووە. لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە دوازدە ئیمام و چواردە مەعسووم دروشمی پێوەندین لە نێوان ئادەمیزاد و خودادا و ئەمانە هەموویان لە پێغەمبەر و نەوەی ئەون و خودا دروستی کردون تا ڕەمز و پێوەندی بن بۆ ڕێنیشاندانی ئادەمیزاد لە پێناوی دۆزینەوەی ئاینی ڕاستیدا.

شاعیر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خودا لە سەرەتادا گەردوونی بەم جۆرە دروست کردووە:

چوون حەق ژ ئیجاد ماسیوا پەرداخت

ژ نووری ئەحمەد لەوح و قەلەم ساخت

عەرش و کورسی هەم ژ نوور مورتەزا

ئاسمان و زەمین ژ نوور موجتەبا

ژ نووری حوسەین بەهەشت کرد بینا

جیلوەگەری نوور بە توولی عەزرا

نووری بەتوول کەرد مەشاتە هەر هەفت

ئەتڵەس ئەفلاک کردش وە زریفەت

چوون کە ڕەوشەن کەرد کوللی ماسیوا

مولەققەب بی و زوهرەیی زەهرا

واتە: خودا لە بنچینەدا هەموو شتێکی (جگە لە خۆی) دروست کرد. لە نووری محەممەد، لەوح و قەڵەمی دروست کرد. عەرش و کورسیشی لە نووری (مورتەزا) و ئاسمان و زەوی، لە نووری حەسەن (موجتەبا) و لە نووری حوسەینیش، بەهەشتی دروست کرد. (فاتیمە) بووە ڕەمزی نوور و بە نووری بەتوول، گەردوون و چەرخ و فەلەک، کەوتنە بزووتن. هەمووشتی (بێجگە لە خۆی) ڕووناک کردەوە و نازناوی زوهرەی زەهرا درایە فاتیمە.

بەوەشەوە ناوەستێت لە هۆنراوەیەکی تردا پلەبەندی بۆ بوونەوەرەکانی خودا دەکات و ئادەمیزاد بەسەر سێ چیندا دابەش دەکات:

سێ نەوع بەشەر خەلق کەر خوای عالەم

ناس و شوبەناس، یەک ناسی ئەفهەم

ناس چاردە مەعسووم شوبەناس بزان

بووزەر و میقداد، عەممار و سەڵمان

ما بەقا مەردم موتلەق نەسناسەن

وە ئەحەدییەت خودا نەشناسەن

واتە: خودای جیهان، سێ جۆر لە خەڵکی دروست کردووە: ناس و شوبەناس و تێگەیشتوو. ناس: مەبەست لە چواردە مەعسوومەکەیە و شوبەناس: مەبەست لە ئەبوو زەر و میقداد و عەممار و سەلمانە. ئەوەشی دەمێنێتەوە نەناسناسن؟! کە مەبەست لە (نەسناس) ئەو جۆرە جانەوەرە بێهۆشەیە کە لە شێوەی ئادەمیزاددایە. مەبەستی مەلا لە (ناسی ئەفهەم)یش، ئەو هەموو خەڵکەیە کە لە پاش (ئەبوو زەری غەففاری، میقدادی کوڕی ئەسوەد، عەمماری کوڕی یاسر، سەلمانی فارسی) دێن و ئاژەڵ و دڕندەن.

لە ڕێی هۆنراوە ئاینییەکانیەوە بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە مەلا پەرێشان نەک هەر لەسەر ڕێبازی ئاینزای شیعیی ئیسلامی بووە، بگرە زیادەڕەویشی لەسەر کردووە و کارێکی ئاسایی بووە لای کە ناوی سێ خەلیفە بەراییەکانی ڕاشیدین بە خراپە بهێنێت:

بحثمان کیشا ژ خیر و ژ شر

من بالای علی او بالای عمر

وات هرکه وات علی ژ عمر بهترن

وزات خدا با القطع کافرن

من فضل علیا وات علی عمر

تصدیق کردم من و فقد کفر

سێیەم: هۆنراوەی سۆفیگەرێتی:

گومانی تێدا نییە ئەو جۆرە سۆفیگەرییەی کە مەلا پەرێشان پەیڕەوی لێ دەکات ئەو سۆفیگەرییە ئیسلامییەیە کە لە کرماشان و

لوڕستانی ئێراندا هەبووە و زۆرێک ڕیشەکەی بۆ پێش ئاینی ئیسلام دەگەڕێننەوە. ئاشکراشە کە سۆفیگەریی ئیسلامی لەو بیروباوەڕە جیاوازانەوە هەڵقوڵاوە کە تێکەڵاوی موسوڵمانەکان بووە، واتە: هەر میللەتێک کە بووەتە موسوڵمان، هەندێک لە بیروباوەڕی کۆنی خۆی هێشتووەتەوە و کردویەتییە هەوێنی سۆفیگەرییە ئیسلامییەکەوە.

سۆفیگەری مەلا پەرێشان لەو جۆرەیە کە زۆرتر گرنگی بە مەعریفەی ئیلللاهی داوە، نەک گرنگیدان بە لایەنی زانستی کە لە ئارەزووەکان دوور دەکەونەوە، یان ئەوانەی کە زۆرتر گرنگی بە لایەنی ڕەوشتی دەدەن، لەمەشدا بەگشتی لە سۆفیگەریی شاعیرانی کورد جیاناکرێتەوە، بەڵام ئەوەی سۆفیگەریی مەلا پەرێشان لە شاعیرانی تری کورد جیا دەکاتەوە، سەرچاوەی تەریقەتەکەیەتی، چونکە تەریقەتی کوردی شیعە بیری خۆی لە تەریقەتی نیعەت ئیللاهی و خاکسارییەوە وەرگرتووە (کە مەلا پەرێشان سەر بە نیعەت ئیللاهی بووە) بەڵام تەریقەتی کوردی سوننە لە قادری یان نەقشبەندییەوە سەرچاوەی گرتووە.

سۆفیگەری مەلا پەرێشان لەژێر ڕۆشنایی ئاینزای شیعەدایە و ساقینامەکەی نموونەی ئەو ئەدەبە بەرزەیە کە مرۆڤ لە چوارچێوەیەکدا کۆ دەکاتەوە کە مەستی خودایی ناسنامەکەیەتی هەمووان بۆ یەک هیوا و ئامانج دەژین کە تواندنەوەیە لە زاتی خودادا.

مەلا پەرێشان باوەڕی بە شەریعەت نەک ئەو تەریقەت و ئەوانەی خەریکی لایەنی پراکتیکی تەریقەتن بە کوفر و خودانەناسی لەقەڵەم دەدات و دەڵێت:

وە مەزهەب حەقیر دوو هۆزن کافر

یەکی سۆفییە، یەکی موتەکەبر

لێکن وە مەعنا سووف پەشم پووشا

کیلاب و سیباع دەواب و حووشا

تاریکوسسەلات مالی مەردوم خوەر

یە مەعنای سۆفییە، وێنەی سەگ و خەر

واتە: ئەوەی بە مەزهەبی حەقیر دەژمێررێت، دوو هۆزی کافرن. یەکێکیان سۆفی، ئەوی تریان لووتبەرز (موتەکەبیر) بەڵام لە جەوهەردا پۆشینی خورییان درۆیە، ئەمانە، سەگ و گوورگ و وڵاخ و دڕندەن، نوێژ ناکەن، ماڵی خەڵکی دەخۆن، ئەم جۆرە سۆفییانە سەگ و کەرن.

وەک لەم شیعرە و لە سەرانسەری شیعری مەلا پەرێشاندا دەردەکەوێت، مەلا پەرێشان، دژی سۆفیزمی سەر بە ئاینزای سونیی بووە، جگە لەمە، لە دژی لایەنی پراکتیکی دەروێشیزمی سەردەمی خۆشی بووە. ئەم دیاردەیە لەناو زۆربەی شاعیرانی کورددا ئاشکرا و دیارە. هەندێک لەو شاعیرانە، خۆیان شێخی تەریقەت بوون لە کوردستاندا و شیعریان ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سۆفیزم بووە، کەچی لە دژی لایەنی پراکتیکی دەروێشیزم بوون؟!

مەلا پەرێشان لە ڕێگەی سۆفیزمەوە هەندێک نەریتی ئیسلامی ئاینزای شیعە و وەسفی سۆفیزم و دژەدەروێشیزم و حیکمەتی ڕۆژهەڵاتی هێناوەتەوە ناو ئەدەبی کوردییەوە و وشەی عەرەبی و زاراوەی ئیسلامی لە ڕووی ناوەرۆکی شیعری کوردییەوە بۆ یەکەمین جار لە هۆنراوەی ئەم شاعیرەدا بەرجەستەبووە.

سۆفیگەری مەلا پەرێشان هەندێک جار پەلی بۆ باری داهێنراوی ئیستاتیکی و بۆچوونی فەلسەفی و زانستی مەنتیقیش کێشاوە و لەم لایەنەوە دەنووسێت:

غەم مەخوور فەردا شەفیع تو منم
مالیکی ڕووحم نە مەملووک تەنم
حوکەمای فەلسەفە و ئیشراقی یۆنان
وی ئیستدلالە و دەم ماچان جان
عامی بێچارە عارییەن ژ هۆش
مەعلوومەن عەقڵەش ها پشت گوش

واتە: غەم مەخۆ، سبەینێ من شەفیعی تۆم. من خاوەنی ڕووحم کۆیلەی تەن نیم. حەکیمانی فەلسەفە و ئیشراقی یۆنان دەلیلی ڕاستیی حەقیقەتی گیانن. خەڵکی عامی بێچارە لە بیر و هۆش خاڵیین، دیارە ئەقڵیان لە پشتی گوێیانەوەیە.

دژی دەروێشیزم بووە، کەسێکی بە ئاین موسوڵمان بووە و پێڕەوی لە ئاینزای شیعەی کردووە. باوەڕی بە شەریعەت بووە و لایەنگری حورووفییە بووە. تەریقەتی ڕاست بەلای ئەوەوە حورووفییە بووە، ئەگەرنا ئەو تەریقەتانەی لەناو ئاینزای سوننییدا بوون،

بەتایبەتی ئەوانەی خەریکی لایەنی پراکتیکی تەریقەت بوون، کە ئێمە (دەروێشــیزم)ی پــێ دەڵێــین، مەلا پەرێشــان ئەمــانە بە کــوفر و خودانەناسی لە قەڵەم دەدات.

زۆربـەی هـۆنراوە سـۆفیگەرییەکانی مـەلا پەرێشـان لـە وەسـف و پاڕانــەوە و خۆبچوککردنــەوە دەرچــوون و تایبــەتن بــە ڕێنمــایی و پەروەردەکردنی نەفس و ئاراستەکردن بۆ ئایندە.

ئەنجام:

١- لە ڕووی مێژووییەوە مەلا پەرێشان لە ڕیزی پێشەوەی شاعیرانی مێژووی ئەدەبی کوردییەوەیە و هۆنراوەکانی لە چەند دەستخەتێکەوە بە ئێمە گەیشتووە، هەندێکیان جێی گومانن بەوەی کە هۆنراوەی شاعیر بن، یان دەستکاری نەکرابن.

٢- زۆربەی زۆری هۆنراوەکانی مەلا پەرێشان لە ڕووی ناوەرۆکەوە تایبەتن بە بابەتی ئاینی و لەسەر سێ تەوەر کاریان کردووە (بزوتنەوەی حورووفیە، مەزهەبگەری و سۆفیگەری)

٣- مەلا پەرێشان بە یەکەم شاعیری کورد دادەنرێت کە هۆنراوەی بۆ ئاینزای شیعە نووسیبێت.

٤- مەلا پەرێشان سەر بە ڕێبازی حوروفیە بووە و هۆنراوەی بۆ ئەم مەبەستە داناوە.

٥- هۆنراوە ئاینی و سۆفیگەرییەکانی مەلا پەرێشان لە ڕەهەندی فیکری و فەلسەفی و مێژووییەوە بۆ کایەی ڕێنمایی و پەروەردەوە گوازراونەتەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (کەلتووری کورد) ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بڵاوکراوەتەوە. دواتریش نووسینەکە فراوانتر کرا و بوو بە کتێبی (دیوانی مەلا پەرێشان، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و ساغکردنەوەی: ڕێبوار حەمەتۆفیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩)

(٢) قورئانی پیرۆز

(٣) دیوانی مەلا پەرێشان، ساغکردنەوەی: فتحعلی زیبا جوئی، ١٣٣٤

(٤) مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢

(٥) مێژووی وێژەی کوردی، سدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، چاپ اول ١٣٧٥، چاپخانە چهر، تبریز

(٦) ٢١ دەستنووسی کوردی و فارسی سەبارەت بە کورد، لە کتێبخانەکانی بەریتانیا، ئەنوەری سوڵتانی، چاپی یەکەم، کتێبی ئەرزان، ١٩٩٧

(٧) ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، محەمەد سالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپول)، چاپخانەی مهارات- تهران، ١٣٦٤

ڕامان لە چەند وێستگەیەکی ژیاننامەی موفتی (پێنجوێنی)[١]

پێشەکی:

ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١٩، (بەڕێـوەبەرێتی جەمـاوەریی سـلێمانی) بە کۆڕێک، یادی موفتی کردەوە. لەو کاتەوە، ئەوە نـزیکەی چـل سـاڵە، ئـاوڕ لەم شـاعیرە نەدراوەتەوە! لە کاتێکـدا دیـوانی شـاعیر لەبەر دەسـتدایە و دوو جـار کـۆکراوەتەوە و چـاپ کـراوە. یەکەمجاریـان لە لایەن (محەمـەمەد تۆفیـق وردی) سـاڵی ١٩٥٩ و دووەم جاریشـیان ساڵی ١٩٨٤ لە لایەن (ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم) کە بـۆ چەنـد جـارێکیش چـاپ کـراوەتەوە. هۆنراوەکـانی شـاعیر ئامـادەیە، لێکۆڵەر و بڵاوکراوەی زۆریش هەن، کەواتە بـۆچی مـوفتی ئـاوڕی لـێ نادرێتەوە؟!

ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵ دەدات پاڵپشت بە ڕێبازی شیکردنەوە و بونیـادگەریی، لە هۆنراوەکـانی مـوفتی خـۆیەوە، تیشـک بخـاتە سـەر چەنـد وێسـتگەیەکی ژیـانی شـاعیر و لەو ژیاننـامەیە ڕامێنێـت کە بـۆ مـوفتی نووسـراوەتەوە و کـاریگەری هەبـووە لەسـەر: یادکردنـەوەی ساڵڕۆژ و دیاریکردنی نازناو و چۆنێتی بینینـەوەی شـاعیر. بەگشـتی، وەک هەڵسـەنگاندنێکی ڕەخنەگـرانە، لێکۆڵینەوەکـە دوو ڕامـان و پرسیاری هەیە سەبارەت بە: ئەو نووسەر و خزم و دۆستانەی شاعیر، کە ژیاننـامەی شـاعیریان نووسـیوەتەوە و ئەو ئەکـادیمیی و

نووسەرانەی کە لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو ژیاننامەیە دارِشتووە کە لە لایەن گروپی یەکەمە نووسراوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، هۆنراوەکانی شاعیر خۆی دەکات بە دادوەر و ڕاستی بۆچوونەکان.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، گرنگیدانە بە: پەیوەندی نێوان ژیاننامەی شاعیر و شیعر لە لایەک و خستنە ژێر پرسیاری ئەوەی ئایا ئەدیب و نووسەری کورد بۆچی بایەخ بە نووسینەوەی ژیاننامە نادەن لە لایەکی ترەوە؟! هەروەها هۆکار چییە لە مێژووی ئەدەبی کوردی بە گشتیی و لە چەند وێستگەیەکی ژیاننامەی ئەم شاعیرەدا، قسەی ڕۆژانە و بێ بەڵگە، لە دەقی شیعریی بایەخی زۆرترە؟!

ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە باوانەی کە لە چەند وێستگەیەکی ژیاننامەی شاعیردا هەن و دەنووسرێن و بە گرنگتر زانینی پەنابردنە بەر دەقی شیعری لەو شوێنانەی کە بەڵگەمان بۆیان لەبەردەستدا نییە، یەکێکی ترە لە ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەک دوورکەوتنەوە لە: دیاریکردنی ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ یادکردنەوەی شاعیر، ساڵێکی دیاریکراو بۆ هاتنە ژیانی شاعیر، هێنانی چەند نازناوێک بۆ شاعیر و گونجاندنی چەند ڕووداوێکی هاوسەردەم بۆ چەند پرسیار و پاساوێک!؟ هەروەها بوونی چەند دەقێکی شیعریی یارمەتیدەرن بۆ خستنەڕووی کەسایەتیی موفتی وەک باوکێکی ناباو لەگەڵ منداڵەکانییدا.

یادکردنەوە وەک ژیان، یادکردنەوە وەک پرسە:

لە نەریتی زۆربەی گەلاندا، یادکردنەوەی ئەدیبەکان دەخەنە ئەو ڕۆژەی کە نووسەر یان شاعیری تێدا لەدایک بووە. با کەسەکەش لە ژیاندا نەمابێت، چالاکییەکان هەر لەو ڕۆژەدا ساز دەدەن و بە سەرنج و لێکۆڵینەوەی نوێ، ڕێزی لێ دەنێن و بە ژیانەوە گرێی دەدەنەوە. بە پێچەوانەی نەریتی باوی کوردەوە، کە ئەو ڕۆژە بۆ یادکردنەوە و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان دیاری دەکەن کە کەسەکە کۆچی دوایی تێدا کردووە!؟

لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردییدا، ژیاننامەی کەم ئەدیبی سەدەی نۆزدە و پێشتریش دەبینرێت ڕۆژی لەدایکبوونیان ئاشکرا بێت، مەگەر هەر نووسەر و شاعیران خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کردبێت. لەم ڕووەوە، ڕەنجی گەڕیدە و مێژوونووسانی بێگانە، یارمەتیدەرێکی باشتربوون بۆ ئەو گریمانە و خستنەڕووانەی کە ئامادەکارانی مێژووی ئەدەبی کوردی بە بێ بەڵگە ئاماژەی پێ داوە. نەنووسینەوەی ژیاننامە و یادداشتنامە لە لایەن ئەدیبانی کورد و کەمی سەرچاوە و بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە، لەگەڵ هەلومەرجی ڕامیاریی و دۆخی سروشتی نالەباری ناوچەکە، یارمەتیی گەڕان و پشکنینی دۆزینەوەی ڕاستییەکانیان نەداوە. بەڵام بەشێکی زۆری ئەم پاساو و هۆکارانە بۆ دیاریکردنی ڕۆژی کۆچی دوایی ئەو ئەدیبانەش ڕاست و دروستن کە لەو سەردەمانەدا ژیاون! کەواتە، بابەتەکە پەیوەندی بە زانیین و نەزانیینی ڕۆژی لەدایکبوون و کۆچی دواییەوە

نیــیە هێنــدەی پەیوەنــدی بە گرنگیــدان و گــرنگینەدان بە ژیــان و مەرگەوە هەیە، هەروەک چـــــۆن لە یـــــادکردنەوەی ئەو ئەدیـــــبە کۆچکردووانەشدا دەبینرێت کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ژیانیان بەجێ هێشت.

یەکێک لە شوێنەوارە خراپەکانی یادکردنەوەی ئەدیبان لە ڕۆژی کۆچی دواییاندا، ئەو هەستەیە کە لە پرسەوە نزیکە تا ژیان. هەرچی خزم و نزیکەکانی ئەدیب هەیە، بە ڕەنگی ڕەش و هەستی پرسەوە ئامادەی یادکردنەوەکە دەبن، تا خۆشبەخت بن بەو ژیانەی کە هەست بــکەن ئەمــان خــاوەنی کەســێکن کە هەمــوو ســەردەمێک شــایەنی یادکردنەوەیە! شانۆی پرسە لە یادکردنەوەدا هێندەی هەل بۆ هـاوڕێ و دۆسـتە نزیکـەکانەی کـۆچکردوو دەڕەخسـێنێت تـا بـێن و بـاس لە کەسایەتیی و قارەمانێتی بکەن، هێندە کاریگەریی بۆ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی نوێ و زیندوکردنەوەی گیانی کۆچکردو نییە!

لەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا، ژمـارەیەک دیـدار و کـۆنفرانس بـۆ یادکردنــەوەی ئەدیبــانی کــورد ئەنجــام دراوە، جیــاوازی ژمــارەی ئامــادەبووان لە ســەرەتای دەســتپێکی یادەکــە و ئەو ســاتانەی کە لێکۆڵینەوەکانی تێدا پێشکەش دەکرێت، ئەو هەستەمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە کە لە نێوان هەستی پرسە و لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بــوونی یــادەکە لە لایەک و هەســتی ژیــان و بە ئەکــادیمیکردنی یادکردنەوە لە لایەکی تردا جیاوازییەکی زۆر هەیە!

ڕێزگــرتن لە مــوفتی شــاعیر، یــان یــادکردنەوە لــە هەر هەڵکەوتوویەکی کورد، جیاوازە لە ڕۆژی چلە و پرسەی کۆمەڵایەتی،

بەوەی کە لە یـــادکردنەوەی ئەدەبییـــدا، لەپێنـــاو دیـــاریکردن و ئاراستەکردنی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبییدا، ئاوڕ لە کەسایەتی و مێـژووی ئەدەبـی دەدرێـتەوە. واتە: گرێـدانەوەی مێـژوو بە ئێسـتا و ئایندەوە و پەروەردەکردنـی فەلسـەفەی بەردەوامـی دەقـی ئەدەبـی لە لای خـوێنەر، نەک ماڵئـاواییەک (کە هەنـدێک جـار بارگـاوییە بە مەبەسـتی تـری دوور لە ئەدەب) و شـیوەن و گریـان بـۆ لەدەسـتدانی گەورەیەک، هەروەک موفتی خۆی وتویەتی:

پیاوی گەورەمان نایەتە بەر دڵ

تاکو ئەو ڕۆژەی ئەچێتە ژێر گڵ

ئینجا بۆی ئەگرین بە جۆش و بە کوڵ

قەبرەکەی ئەکەین بە باخچە و بە گوڵ (٢)

تەمەن و مەرگ لە یـادکردنەوەی ئەدەبیـدا دیـاریکراو نیـیە، بە پـێچەوانەوە، تـا زۆرتـر خـزمەت بکرێـت و نووسـین و لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە ئامـادە بکرێـت، گەشـەدارتر و بەهێزتـر دەبێـت، وەک ئەو دارەی کە لـــق و پۆپەکـــانی دەبڕرێـــت و لە بەرهـــاردا بەهێزتـــر سەرهەڵدەداتەوە.

پیرم و بێشکە عومرم کە نزیک هەشتایە

تازە پێ ئەگرم و کەم کەم بەتەمای هەستانم

چونکە نەیبیستووە کەس مردوو بووەستێ، نەکەوێ

چەند کەسانێ سەری سوڕماوە لە ڕاوەستانم!

گەرچی لەم جێگەیە نەبوو قیمەت و قەدرم بەخودا

بازی شاهانەیی پڕ ڕوو، قیمەتی سەردەستانم
(مفتی) بێ پەردە بڵێ غەیری هەوای ئازادی
کەی تەمای ماچی دەم و گرتنی دوبستانم (٣)

ئەوەی وا دەکات شاعیر و شیعرەکانی لە یادکردنەوەدا بە نەمریی بمێنێتەوە، تەمەنی شاعیر و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و بیرەوەرییەکانی نییە بە ئەندازەی ئەوەی کە پەیوەندی بە دەستنیشانکردنی جیهانبینیی و هەوێنکردنێتی بۆ ناو لێکۆڵینەوە و ئاوڕدانەوە لەو هەست و ڕەهەندە باسنەکراوانەی کە شاعیر لەگەڵ خۆی بردونییەتە گۆڕەوە. بە واتایەکی تر، یادکردنەوەی ئەدەبی، زیندوکردنەوەی مەرگی کۆمەڵایەتیی و ئاینی شاعیر و نووسەرە و ڕزگارکردنییەتی لە هەستی پرسە و ماڵئاوایی، چونکە دواجار ئەوان موڵکی خێزان و بنەماڵەکەیان نین و هەموو گەل شانازییان پێوە دەکات و لە ڕووی مەعنەوییەوە، میراتیان بۆ هەمووانە.

بۆچی بۆ ناسینی ژیاننامەی شاعیر، پەنابردنە بەر هۆنراوە؟

موفتی شاعیریش وەک زۆرینەی شاعیرانی هاوسەردەمەکەی، جگە لەوەی ژیاننامەی خۆی نەنووسیوەتەوە، مێژوونووسێکیش نەهاتووە ئەم کارە بکات. ئەگەرچی سەردەمی ژیانی لێمانەوە زۆر دوور نییە، بەڵام کەمترین زانیاری لەبارەی ژیانیەوە تۆمار کراوە!؟ لە نووسینی چەند وتارێک بەولاوە، زۆرترمان لەبەردەستدا نییە!؟ بەشێک لە

زانیارییەکـــانی نـــاو ئەم وتـــارانەش، نەک هەر پاڵپشـــت نیـــین بە بەڵگەنـامەی زانسـتی و لـۆژیکی، بەڵکـو خۆبەخـۆن و لە مەزەنـدە و گۆترەکارییەوە هاتوون! هەر لە ساڵی لەدایکبوونی شـاعیرەوە بیگـرە، تا نازناو و هۆکاری لەناوچوونی شیعرەکانیی و دەستگیرکردنیی و زۆر بابەتی تریش.[٤]

باشـترین ڕێـگە بـۆ دەسـتکەوتنی زانیـاری دەربـارەی ژیاننـامەی شـاعیر، هۆنراوەکـانی شـاعیر خـۆیەتی. بە پێـی ئەوەی تـا ئێسـتاش لەبەردەستدایە، موفتیی شاعیر ساڵی ١٩٣٦ یەکەم هۆنراوەی بە ناوی (خوێندن)ــەوە لە ڕۆژنـامەی (ژیـان)دا بڵاوکـردووەتەوە.[٥] دەکرێـت هـۆنراوەی تریشـی هەبووبێـت، چـونکە پـاش سـێ سـاڵ و لە ١٩٣٩ (عەلـــی بـــاپیر ئاغـــا) وەک یەکەم کەس لەبـــارەی مـــوفتییەوە لە (گوڵدەسـتەی شـوعەرای هاوعەسـرم)دا نووسـیویەتی (مەلا عەبـدوڵڵا پێنجـوێنییە، لە دێـی بێسـتان هـاتووەتە ژیـان، ئێسـتا لە پێنجـوێن تـــووتنچێتی دەکـــات، پیـــاوێکی خواپێـــداوە کە زۆر دەوڵەمەنـــدە لە تەبـیعەت و ئەخلاقـدا و زۆر فەقیـرە لە سـەروەت و تفاقـدا. هەروا لە خۆیەوە فەلسەفەیەکی ڕاسـت و ڕەوانـی دۆزیـوەتەوە و بە شـێوەیەکی جـوان و ئاسـان و بە خەتێکـی شـرم برمـی مەریـوانی دەینێرێـت بـۆ جەریدەی ژیان...)[٦]

بە ئـاوڕدانەوە لە هـۆنراوە بڵاوکراوەکـانی مـوفتی، ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێت کە تەمەنی شیعریی موفتی، چوار ساڵێک بـووە (١٩٣٦ -١٩٥٠) واتە: دوا ساڵی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ لە ١٩٤٩ و کۆچی دوایـی (پیرەمێـرد) لە ١٩٥٠دا کە هاوکـارێکی باشـی شـاعیر بـووە لە

بڵاوکـردنەوەی هۆنراوەکـانی لە ڕۆژنـامەی (ژیـن)دا. بە پـێچەوانەی ئەوەی دەوترێـت، کە ژمـارەیەک لە هۆنراوەکـانی مـوفتی بەهـۆی بـوومەلەرزەکەی پێنجـوێن یـان سـووتانی دووکـانەکەیەوە، فەوتـاوە [٧] شاعیر بەختی هەبووە کە تەمەنی شیعریی کەتووەتە ئەو کاتانەوە کە ژمـارەیەکی بـاش بڵاوکـراوە لەو کاتـانەدا هەبـووە وەک: ڕۆژنامەکـانی (ژیـان[٨]، ژیـن، کورسـتان) و گۆڤـاری (گەلاوێـژ) بە تـایبەتی لە ڕۆژنـامەی (ژیـن)[٩] هەروەک خـۆی لە شـیعرێکدا سـاڵی ١٩٤٤ وتوویەتی:

(موفتی) قسە و بەیانی سەرپاکی بێڕپایە
شیعری هەمووی لە ژیندا تەئریخ و یادگارە [١٠]

ئەو ماوەیە نەبێت کە بەهۆی کار و نەبوونییەوە لە بڵاوکـردنەوەی هۆنراوەکانی لە ڕۆژنامەی ژین دابڕاوە و خۆی ئاماژەی بۆ هۆکارەکەی کردووە و بە ناوی خەڵکەوە هەواڵ لە خۆی دەپرسێت و هەر خۆیشی وەڵامی خۆی بەم جۆرە دەداتەوە:

(نامەیەک بۆ ڕۆژنامەی ژین)

ژینی خۆشەویست، ڕۆحی کوردستان
چرای تاریکی شەوی نیشتیمان
ئەم نامەیەی من ئامان سەد ئامان
نەشری کە بەڵکو بگاتە هەمووان
گەلێ کەس لە من خەبەردار نییە
ئەڵێن بۆ هۆنراوەت دیار نییە [١١]

له وەڵامی خۆشیدا دەڵێت:

با پێتان بڵێم گەورەکانی من
ئەپرسن له ژین بەرگ و نانی من
شەویشم ڕۆژه لەبەر ئیشکردن
ئاواتەخوازم داییم به مردن(١٢)

وەک ئـەوەی دەوترێـت، ئەگەر مـوفتی سـاڵی ١٨٨١ هـاتبێتە ژیـانەوە، ئەوا یەکەم هـۆنراوەی بڵاوکـراوەی شـاعیر بـۆ تەمەنـی ٥٥ ساڵی دەگەڕێتەوە، ئەمەش ڕێی تێناچێت شاعیر لەو تەمەنەدا دەستی به شیعر نووسین کردبێت، یـان ئەوەیە پێشـتر هـۆنراوەی نووسـیوە، یان ئەوەیە ئەو تەمەنە ڕاست نیـیە کە بـۆ هـاتنە ژیـانی دەستنیشـان کـراوە. دوو هـۆنراوەی مـوفتی (کە هەردووکیـان له سـاڵی ١٩٤٦دا نووسراون و بڵاوکـراونەتەوە) ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەکەنەوە کە شـاعیر خۆیشی نەیزانیوە کەی لەدایک بـووە، چـونکە له یەکەمیانـدا تەمەنـی خـۆی به نـزیکەی هەشـتا سـاڵێک دەزانێـت، واتە: له نـزیکەی ١٨٦٦ لەدایک بووە و له دووەمدا خۆی به شەست ساڵێک دادەنێـت واتە: له نــزیکەی ١٨٨٦ هــاتووەتە ژیــانەوە! ئاشکراشــە له نێــوان هەردوو مەزەندەکەدا نزیکەی بیست ساڵ جیاوازی هەیە! کاتێک له هـۆنراوەی یەکەمـدا و له سـەردەمی دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان له شـاری مهابادا (ساڵی ١٩٤٦) دەڵێت:

پیرم و بێشکە عومرم کە نزیک هەشتایە
تازه پێ ئەگرم و کەم کەم بەتەمای هەستانم (١٣)

لە هۆنراوەی دووەمیشدا، کە هەر باس لە کۆمارەکە دەکات، هەر لە هەمان کاتدا (ساڵی ١٩٤٦) لە گۆڤاری (هەڵاڵە)دا[(١٤)] هۆنراوەیەکی بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت:

خۆم پیرم و دڵ تازە خەریکی گڕوگاڵە
عەمرم کە لە شەستایە، ئەڵێن گەنج و مناڵە
ئەو خوێنە لە سەرچاوەیی چاوم کە لەمەوبەر
تک تک ئەتکا، ئێستا شوکوور ئاوی زوڵاڵە [(١٥)]

دەمێنێتەوە گریمانەی دووەم کە پێش ساڵی ١٩٣٦ هۆنراوەی نووسیبێت و لەناو چووبێت، بۆ ئەم گریمانەیەش شتێکی وا لەبەردەستدا نییە و هەرچۆنێک بێت ئەگەرێکی بەهێزترە لەو پاساوانەی کە ژمارەیەک لە هۆنراوەکانی بەهۆی بوومەلەرزەکەی پێنجوێن لە ساڵی ١٩٤٧ یان سووتانی دووکانەکەیەوە دیار نەمابن، چونکە لە ساڵی ١٩٣٩ (عەلی کەمال باپیر) وەک هاوسەردەمی خۆی ناساندوویەتی و ناکرێت بە سێ ساڵ تەمەنی شیعریی بەو جۆرە وەسفی بکات کە توانیویەتی (فەلسەفەیەکی ڕاست و ڕەوانی دۆزیوەتەوە)[(١٦)] لە لایەکی ترەوە هاوڕێ و هاوسەفەری لەگەڵ (قانع)دا (کە لە ١٨٩٨/٩/١٥[(١٧)] هاتووەتە ژیانەوە) ئەوە دەخەنە ڕوو کە موفتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەدایک بووە.

شاعیر، لە نێوان موفتی و نازناو و بانگکردنەکانی تریدا:

شاعیر، ناوی عەبدوڵڵا مەلا کەریمە. بە (موفتی، مەلا عەبدوڵڵا، پەری، پێنجوێنی، توتنچی، موفتی پێنجوێنی، مەلا کافر، مەلا بابی) نازناوی هاتووە. تا دواجار (موفتی پێنجوێنی) بووەتە نازناوە هەمیشەیی و جێگیرەکەی.

١- چەند شاعیرێک بە (تووتنچی) ناویان بردووە:

ئـ/ (قانع)[١٨] لە وەڵامدانەوەیەکی شیعرییدا بۆ (موفتی) نووسیوێتی:

تووتنچی، چوومە مەکتەبەی عیرفان
خزمەت پیرەمێرد، مامۆستای کوردان
ئامۆژگارییەکەت کەوتە بەرچاوم
کاری کردە سەر مێشکی فەوتاوم[١٩]

یان لە هۆنراوەیەکی تری (قانع)دا هاتووە:

ئەی ڕۆژنامەکەی کۆگای مەعریفەت
تاقانە خونچەی گوڵزاری میللەت
بڵێ بە موفتی تووتنچی پێنجوێن
مەلا عەبدوڵڵا هاودەم و هاودین[٢٠]

ب/ (بەنگینە)[٢١] لە نامەیەکی شیعرییدا کە بۆ (موفتی) ناردووە، لە دێرە شیعری یەکەمیدا بە تووتنچی ناوی بردووە و دەڵێت:

لالۆی توتنچی، چوارپایەی پێنجوێن
دەمت شیرین کەم بە شانەی هەنگوین(٢٢)

پ/ (مەلا قادر)ی گوندی (ئارمردە) لە نامەیەکی شیعرییدا بۆ (موفتی) لە یەکەم دێڕیدا وتوویەتی:

مەلا عەبدوڵڵای توتنچی پێنجوین
بە ئێمەی ناسی گەلاوێژ(٢٣) **و ژین**(٢٤)-(٢٥)

(موفتی) خۆیشی لە وەڵامدانەوەی (مەلا قادر)دا و لە دوادێڕی نامە شیعرییەکەیدا دەڵێت:

مەلا عەبدوڵڵای توتنچی پێنجوین
جوابی دایەوە بە زووبانی دین(٢٦)

٢- پەری: لە یەک شوێندا و بەشێوەی ئاشکرا (موفتی) شۆرەت و ناوی خۆی بە (پەری) ناساندووە و دەڵێت:

ئەگەر ئەپرسن شۆرەت و ناوم بڵێن (پەری)
بێچووە کوردێکم، نەوەی (موفتی) وەتەن پێنجوێنمە(٢٧)

٣- پێنجوێنی: پاش کۆچی دوایی موفتی، یەکەم کەس کە بە (پێنجوێنی) ناوی بردووە، (محەمەد ڕەسوڵ هاوار ١٩٢٤-٢٠٠٦)ـە کاتێک لە ژمارە (١١٠٨)ی ساڵی (١٩٥٢)ی ڕۆژنامەی (ژین)دا بۆ کۆچی دوایی شاعیر نووسیویێتی (زۆر بە دڵگیرییەوە مردنی مەلا

عەبدوڵڵای پێنجوێنیمان بیست. خوالێخۆشبوو ناوی مەلا عەبدوڵڵای مەلا کەریمە. بەشی زۆری ژیانی لە پێنجوێندا ڕابواردووە لەبەر ئەوەیە بە مەلا عەبدوڵڵای پێنجوێن بەنێوبانگ بووە. بە تووتنچێتییەوە خەریک بووە، لەبەر ئەوە هەندێ پێشی ئەڵێن مەلا عەبدوڵڵا تووتنچی)[٢٨] لەوەودوا ئیتر زۆربەی نووسین و ئاماژەکان بۆ ناوی شاعیر لە (موفتی پێنجوێنی)دا چڕبووەتەوە.

٤- لە لایەن نەیارانیەوە بە (بابی) ناسێنراوە. کە مەبەستیان چووواندنی بووە بە بەهائییەکان کە بزووتنەوەیەکی ئاینیی و کۆمەڵایەتی بوو لە سەدەی نۆزدەدا و لە سەر دەستی باب[٢٩] و بەهائوڵڵا[٣٠] دامەزرێنراوە. خۆی لە هۆنراوەیەکدا بە ناونیشانی (من ڕاستم)دا دەڵێت:

(موفتی) مەبە عاجز لە کەسێک پێت ئەڵێ بابی
چونکە کەرە خۆی و نەتەوە و دایک و بابی
زاهید کە بەخوێنی جگەری خەڵقە ژیانی
من کافر و بێدینم، ئەو قوتبە جەنابی[٣١]

گەرچی یەکێک لە نەوەکانی موفتی بە ناوی (سەردار حەمە ڕەش)ی کوڕی (ڕابیعە)ی کچی موفتی، ئەم توانجدانەی نەیارانی موفتی بۆ دایکی دەگەڕێنێتەوە. بەڵام هۆنراوەکە بە ئاشکرا ئاماژەی بە موفتی خۆی کردووە، ئەوەتا نووسیوێتی:

کچم عاجز مەبە کە پێت دەڵێن بابی
کەرە خۆی و نەتەوە و بابی[٣٢]

ئەوەی جێی سەرنجە، جگە لە تاکە شیعرێک کە شاعیر نازناوی خۆی بە (پەری) هێناوە، لە سەرجەم شوێنەکانی تردا، کە بە ژمارە دەکاتە ٥١ شوێن، شاعیر خۆی بە (موفتی) ناساندووە و هەرگیز نازناوێکی تری لە خۆی نەناوە.

سەبارەت بەوەی کە ئەم نازناوی (موفتی)یە لە کوێوە هاتووە، زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، ئەوە نەبێت کە (عەبدولقادر دەباغی) بۆ دیوانی (موفتی) وای نووسیوە و کە گوایە (موفتی، مەلا عەبدولعەزیزی موفتی سەقزی بە مامۆستای زانست و بیروباوەڕی خۆی دەناسی و زۆرجار یادی دەکرد. دڵمەندییەکی زۆری بە شاری سەقزەوە هەبوو، وابزانم نازناوی موفتیشی هەر بە یادی ئەوەوەبوو)[٣٣] هەروەها (بورهان قانع) دەیگەڕێنێتەوە بۆ دوا قۆناغی خوێندنی شاعیر و ئەو کاتانەی کە لە (بیارە) دەبێت (بەهۆی زیرەکیی و قسەڕەوانییەوە مەلای گەورەی ئەوکاتەی بیارە "مامۆستا عەبدولقادر" نازناوی موفتی پێ بەخشیوە)[٣٤] بەڵام وەک خۆی وتوویەتی لە باب و باپیرانییەوە بۆی بەجێ ماوە:

ئەگەر ئەپرسن شۆرەت و ناوم بڵێن (پەری)
بێچووە کوردێکم، نەوەی (موفتی) وەتەن پێنجوێنمە[٣٥]

بە گەڕانەوە بۆ واتای وشەی موفتی لە فەرهەنگدا، بە شێوەیەکی گشتی مانای قازی یان کەسی شارەزاو بە ئاگا دێت لە شەرعی ئیسلام و خودادا و کەسێک کە دەتوانێت بڕیار و فەتوا بدات.[٣٦]

هەروەک خۆیشـی دەڵێـت کـە لە بنەمـاڵەیەکی مەلا و خوێنـدەوارەوە هاتووە و موفتییەکەی پەیوەندی بە ڕۆشنبیرییە ئاینییەکەیەوە هەیە:

مەلایی و خوێندەواری خووڕەوشتی خۆم و باوانمە

کەچی من ئارەزووی نان و ژیانی وەک مەلا ناکەم[٣٧]

موفتی، وەک باوکێکی ناباو:

ئـ- موفتی، وەک باوکێکی ئامادە:

موفتی، لە تەمەنێکی زووەوە و هەر بیست و سێ ساڵانێک بـووە، ژنــی هێنــاوە، بەڵام پــاش بــوونی دوو کــوڕ و شــەش کــچ[٣٨] و لەو شـیعرەیدا کە بـۆ ڕۆژنـامەی (ژیـن)ی نـاردووە، لەم کـاتە زووە بـۆ ژنهێنان پەشیمان بووە و دەنووسێت:

با پێتان بڵێم گەورەکانی من

ئەپرسن لە ژین بەرگ و نانی من

شەویشم ڕۆژە لەبەر ئیشکردن

ئاواتەخوازم داییم بە مردن

شەش کچ و دوو کوڕ خۆم و دایکی گشت

پیرەژنێ کوێر، یازدە کەسی خشت

تەنیا هەر خۆیشم بوو خۆم ڕەنگەکەشم ڕیشت

بیست و دوو ساڵ بووم چووم ژنم هاورد

بێ پارە و بێ پوول بەبێ بەراورد

کاتێکم زانی هەشتم دروست کرد
خۆم ڕاگرتایە هەتا چل ساڵی
لە ژینی دنیا چاک ئەبووم حاڵی (٣٩)

موفتی، وەک هەر لاوێکی سەردەمەکەی، لە تەمەنێکی زووەوە هاوسەرگیری کردووە، بەڵام پاش خستنەوەی هەشت منداڵ، پەشیمان بووەتەوە و خۆزگەی خواستووە کە ئەم کارەی تا تەمەنی چل ساڵی ئەنجام نەدایە. واتە: موفتی باوک، بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و بەراوردکارانەوە ئاوڕ لە تەمەنی لاوێتی خۆی دەداتەوە و باوکایەتی ئەو هەستەی لا دروست دەکات کە حاڵیبوون لە دنیا، بە جۆرێکی تره و ئەوەی کە بیری کوڕێنی ڕەنگی دەکات، مەرج نییە لای بیری باوکایەتی هەمان ڕەنگی هەبێت، بۆیە دواتر هەمان سەرنجی ڕەخنەیی و بەراوردکاری بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە گفتوگۆی نێوان خۆی و منداڵەکانییدا بەرجەستە دەکات و وێنەی ئەو باوکە نائامادەیەی خۆی لەسەر منداڵەکانی دەنەخشێنێت و ئەمەش وای لێ دەکات لە دوو ڕووەوە وەک باوکێکی نابا‌و و یاخی دەربکەوێت: یەکەم: هەستی باوکایەتی لە کردەیەکی ئەقڵانیدا بناسێنێت و تەنها بە سۆزەوە نەیبەستێتەوە. دووەمیش: ئامادەیی باوکایەتی لە کاری هاوسەرگیرییدا لە شەرم و درکاندنی پشت پەردەوە بۆ گفتوگۆ و ڕێنمایی ڕاستەوخۆ بگوێزێتەوە. کە ئەم کردارە لە لای باوکی باو (تەقلیدی) زۆرینەی جار، لە ڕێی هاوسەرەکەیەوە لە نێوان باوک و منداڵدا وەرگێڕانی بۆ کراوە و دایک بۆچوونی منداڵەکەی بۆ

هاوسەرەکەی بردووە و بە پێچەوانەشەوە بۆچوونی باوکی بۆ منداڵەکەی گواستووەتەوە کە ڕەنگە لەم گواستنەوەیەشدا وەرگێڕێکی باش نەبووبێت.

ئەوانەی کەوا بەدکاران ئەبن
لە تاو دەردی دڵ شێت و هار ئەبن
هەتا کەنیشکن بی عەیب و لەکەن
لەکەدار ئەبن وەختێ شوو ئەکەن
هەرکامیان کەوا تووشی خەتابێ
ئۆباڵ بە ئەستۆی باوک و برابێ(٤٠)

کراوەیی و ئامادەیی شاعیر لە چەند گفتوگۆیەکی شیعرییدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە کچەکەی (گێلاس) ناڕاستەوخۆ بە باوکی ئامادە دەڵێت:

بابە گیان ئەمڕۆ من پێگەیشتووم
لە ژینی دنیا باش تێگەیشتووم
تا...
چەند قسەو باسێ ئەکەم عەرزی تۆ
لە شووکردنا مەمکە ڕەنجەڕۆ
بە ئارەزووی خۆت مەمدە بە خانێ
بە ئاواتی خۆم بمدە بە شوانێ(٤١)

ئەویش بە کراوەیی وەڵامی دەداتەوە:

ڕۆڵەم واتەکەت لە لام شیرینە

چونکە ڕێی شەرع و ویژدان و دینە

نەک هەر لە لای من، لە لای گشت بەشەر

ئەچێ واتەکەت بە لەعل و گەوهەر(٤٢)

لە گفتوگۆیەکی تری شیعریی نێوان باوک و کچدا، کچ بە موفتی باوکی دەڵێت:

بابە نزیکە شەوق و ئارەزووم

خۆزگە دەمزانی کێ ئەبێ بە شووم

من زۆر ئەترسم کە بمدەی بە شوو

بمدەی بە کەسێ بەدخوڵق و بەدخوو

یا لەبەر ئەوەی پارەدارە

یا کوڕی ئاغا و بەگی زۆردارە

یا بڵێن کوڕی خزمی خۆمانە

هەرچەن کۆشت لەڕ بێ هەر لەسەر ڕانە

هەر بە زیندوویی بمخەیتە قەبرێ

خۆزگە بخوازم بەوەی کە ئەمرێ

سەدی نەوەدی کیژی ئەم کوردە

هەر نامرادە و هاناسە سەردە(٤٣)

هەروەهــا بە شــێوەی ناڕاســتەوخۆ، لە نێــوان مــوفتی بــاوک و کوڕکەیدا گفتوگۆی کراوە هەبووە و کوڕ لێی دەپرسێت:

بابە هەرچەندە زۆر لێت ئەترسم
بەڵام ناچارم وا لێت ئەپرسم
هەر بە ڕووخۆشی عاجز نەبی لێم
لێم مەشارەوە، ڕاستی بڵێ پێم
تۆ لە ڕەفیقت بۆچ بەجێماوی؟
بۆ وا بێ پارە و کز داماوی؟
بۆچی بێ عەرد و موڵک ودوکانی؟
خێر لەخۆ نەدیو، بێبەرگ و نانی؟
خۆ ڕەفیقی تۆ نەخوێدەوارە؟!
بۆچی خاوەندی هەزار هەزارە؟
ئەوان بەشەرن، تۆش هەر بەشەری
بۆچی لە ژینا وا بێخەبەری! (٤٤)

باوکیش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:

کوڕم مەمنوونی فکر و هۆشتم
دڵ پڕ لە شەوقی قسەی خۆشتم
چۆن زویر ئەبم لە پرسیارت
زۆر شیرینە لام وردی گفتارت (٤٥)

ئەگەرچی شێوەی گفتوگۆگە ناڕاستەوخۆیە و باوک خۆی بە ناوی کـچ و کوڕەکـانیەوە پرسـیار دەکـات و هەر خۆیشـی وەڵام دەداتەوە، بەڵام ئامادەیی شاعیر لە خودی خۆیدا بـۆ دروسـتکردنی جۆرێـک لەم گفتوگـۆیە و لە ڕوانـگەی هەسـتکردن بە بـوونی جۆرێـک لەو شـێوە پرسیارانە لە هەناوی منداڵەکانییدا، خۆی لە خۆیدا ئامادەیی باوکێـک دەگەیەنێت جیاواز لەو باوکە باوانەی سـەردەمەکەی ئامـادەیە و گـوێ بە بەربەسـت و هەر پاسـاوێکی کـۆمەڵایەتیی و ئـاینیی و دەروونیـی نەدات.

ب- موفتی، وەک باوکێکی فیمینیست:

لای موفتی باوک، بەشداریی و ڕێنمایی ئەقڵانی، تەنها لە ڕەگەزی (مـێ)دا کـورت نـابێتەوە، بەڵکـو ئەم ئەرکە بـۆ ڕەگەزی (نێـر)یش بەپێویسـت دەزانێـت؟ چـونکە هەر دوو ڕەگەز بەرانبـەر بە زەوق و نەفس وەک یەکن و جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە:

کچ بێ یا کوڕ بێ هەردوو ڕۆحانیین
عالەمی زەوق و ئەهلی نەفسانیین
مەخلوق و عەبدی باوک و برانیین
مەعلومە بەشەرن خۆ کەر و گا نیین(٤٦)

نەک هەر لە هەستە بایۆلۆژییەکاندا، بەڵکو لە لایەنـی: ڕامیـاریی، کـۆمەڵایەتیی و ئابووریشـەوە، جیاکـاری لە نێـوان کـوڕ و کچەکانیـدا

نەکـردووە و بەو چـاوەوە سـەیری کـردوون کە لە مافـدا یەکسـانن. موفتی بۆ یەکەمجار لە پێنجوێن، کچەکەی لەسـەر دوکـان دانـاوە و فێری کاسبی کردووە. لەم بارەیەشەوە، دوچاری سەرزەنشت و گلەیی کۆمەڵایەتی بووەتەوە:

کەچی گوێ ئەگرم وەک تۆپی دە تیر

تەقەم لێ ئەکەن هەرزەکار و پیر

ئەڵێن بە ڕاستی حەیای ئەم شارە

ئەم پیاوە بردی بۆ پوول و پارە

کێ دی؟ کێ بیستی لە دێهات و شار!

کچ لە جێگەی کوڕ، بێ بە دووکاندار! (٤٧)

لە هۆنراوەیەکی تریشیدا، موفتی باوک هانی کچەکانی دەدات تەنانەت پاش شووکردنیش، لەگەڵ هاوسەرەکانییاندا لە کارکردن بەشدار بن و دەڵێت:

یا مەکینەیەک بێنەرە بەرهەم

بۆ جل دروونت لە زۆر و لە کەم

یا کڵاودروون، یا سابوونکردن

دەست بەتاڵ مەبە تا وەختی مردن (٤٨)

ئەمەی لە کاتێکدا وتووە کە بۆچوونی باو بۆ پێگەی ژن و کچ لە نـاوچەکەدا لە ئاسـتێکی دواکەوتـوودا بـووە و مـوفتی وەک گیـانێکی یـاخی و یەکەم بـاوک لە پێنجوێن، کـچەکەی بـۆ خوێنـدن نـاردووەتە

قوتابخانە و لە لایەن مامۆستایەکی ئاینییەوە بەم شێوەیە سەرزەنشت کراوە:

وەکو بیستومە لای ئێوە کچان
ئەچن بۆ مەکتەب بە ئابڕووتکان
زۆری نەماوە کە قەهری یەزدان
ئاگر بارێنێ لە جیاتی باران
ژنی مێردداریش هەموو بەهارێ
ئەچن بۆ سەیران یەکسەر بەجارێ
ماڵیان نابینن هەتا ئێوارێ
چاکیشە هێشتا بەردیش ناباری
ژن هەقیان نییە لە ماڵ بێنە دەر
دین پایەماڵ بوو، هەی قوڕمان بەسەر(٤٩)

یەکێکی تر لەو هۆنراوانەی کە هەستی فیمینیستانەی موفتی پێ دەناسرێتەوە، ئەو ئامۆژگارییەیەتی کە پێشکەش بە کوڕ و کچەکانی کردووە:

بیری پێ مەدە ئازاد و حوڕ بە
هەرچەندە کچ بی، لە ڕیزی کوڕ بە
دانیشە بێخەم، ئاسوودە حاڵ بە
تۆش وەکو کاکت خاوەنی ماڵ بە (٥٠)

پ- موفتی، وەک باوکێکی ئامۆژگارکار:

موفتی، وەک باوکێکی ڕۆشنبیر، توانیویێتی خەیاڵەکانی لەسەر بناغەیەکی پتەو دابڕێژێت کە خاوەنی تیۆریی و فەلسەفەیەکی زانستی بێت و لەبەر ڕوناکی واقیعی سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەمڕۆ، پێشبینی ئاینده بکات.[٥١] موفتی، وەک باوکێکی ڕەخنەگر، مرۆڤێکە بوونی خۆی بە هەستێکی ڕەخنەگرانەوە دەبەستێتەوە و ئامادە نییە بیروباوەڕە پەککەوتووەکان پەسەند بکات و سازش بۆ وتە و کار و کردەوەی هێزە تەقلیدییەکان بکات.[٥٢] بۆیە دەیەوێت کاریگەری لەسەر نەوەکانیشی دابنێت و ئامۆژگارییان بکات. چونکە خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی بۆ نەبوونی ئامۆژگارکارێک دەگەڕێنێتەوە کاتێک دەڵێت:

من کە نەفسی خۆم وەها دواکەوتم
بە لێفەی جەهل و نەزانی خەوتم
خەتای خۆم نەبوو گەورەی زەمانم
نیشانی نەدام ڕێگەی ژیانم
هەر چی پێ وتم ئەسبابی خەو بوو
ڕۆژی ڕووناکم لا نیوە شەو بوو[٥٣]

ئامۆژگارییەکانی موفتی بۆ منداڵەکانی، بریتیین لە دە پارچە هۆنراوە کە هەشتیان بۆ کوڕەکانیی و دووانیان بۆ کچەکانییەتی.[٥٤] لەم لایەنەوە، خاڵی لەیەکچوون لە نێوان وەسێتە شیعرییەکانی (قانع) و ئامۆژگارییە شیعرییەکانی (موفتی) جێی سەرنج و

لێکدانەوەیە کە چۆن ئەم دوو هاوڕێ و شاعیرە جیهانبینی خۆیان لە ڕێی وەسێت و ئامۆژگارییەوە بۆ منداڵەکانیان گواستووەتەوە. قانعیش وەک موفتی هاتووە لە چوارچێوەی حەوت هۆنراوەدا (وەسێت بۆ خەنجەر، وەسێتی دایک بۆ کچ، وەسێتنامە، وەسێت بەپێی ڕۆژگار، وەسێت بۆ کوتەک، وەسێت بۆ وریا و وەسێت) [٥٥]دا ناوەرۆکی خستووەتە ڕوو. پەیام و مەبەستی هەردووکیان زۆر لەیەکەوە نزیکە، بەتایبەت (نیشتیمانپەروەریی، سەنعەت و کاسبی و گفتوگۆ) و ئەم سەرنجە تا ئەوەندە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە وەک دوو شاعیری هاوسەردەم و دوو باوکی نوێخواز و توانیویانە لەسەر ئاستی ئەدەبی کوردی ناوەرۆکی وەسێت و ئامۆژگاریی نەوەکانیان لە بوونێکی مادیی دەربکەن و بیبەستنەوە بە بابەتی ترەوە. ئەگینا ناسینی ڕەهەندە جیاوازەکانی نێوان ئەم دوو پەیوەندییە، هەوێنی چەندین لێکۆڵینەوە و نووسینی ترە. لەم لایەنەوە تەنها ئاوڕ لەو ئامۆژگارییانە دەدەینەوە کە ناباون و هەموو باوکێک بۆ نەوەکانی پێشکەش نەکردووە تایبەت بە خوێندن و خوێندەواری و باس لە بابەتەباوەکانی ئامۆژگاری ناکەین وەک (نیشتیمانپەروەری، ئاینداریی، کاروکردەوەی باش، باوەڕنەکردن بە هەموو کەس، سەنعەت... هد)

ساڵی (١٩٣٩) ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات بەوەی کە شوێن خوێندن و خوێندەواری بکەوێت و دەڵێت:

دەورەی خوێندنی عیلم و فنوونە

نەخوێندەواری جاهیل زەبوونە

ئەگەر خاوەنی ئەقڵ و کەماڵی

بچۆره مەکتەب هەتا بیست ساڵی
بۆ ئەوەی نەچی ببی بە مەئموور
بە ڕەنجی شانی خۆت ئەبی ڕووسوور
سنعەتێکی وا کە بە فەن بکرێ
کەڵکی شەرەفی شاریشت بگرێ (٥٦)

بە هەمان شێوە جیاوازی ناکات لەگەڵ کچەکەیدا و بۆ ئەویش هەمان ئامۆژگاری دەخاتە ڕوو کە خوێندن بکاتە ڕێنما و دواتر شوو بکات:

لە یەک هەتا شەش ڕۆڵە بخوێنە
تۆوی زانستی لە دڵ بڕوێنە
لادە لە نەزان، زانا بدوێنە
لەناو هاوسەران هونەر بنوێنە
لە پاش خوێندنت شوو بکە بە لاوێ
بەراوردکراو لەناو چەند پیاوێ (٥٧)

جا وەنەبێت خوێندن تەنها مەبەست لە خوێندنی قوتابخانە بێت، بەڵکو گرنگی بە خوێندنی ئاینیش داوە و لە ئامۆژگارییەکی کوڕەکەیدا دەڵێت:

تێت گەیشتووم، بزێو و هۆشیاری
بۆ ئەمەی ڕوو نەکەیتە لاساری
پێشەکی دەرسی دین و قورئانە
کە ڕێگەی سەربڵندی ئینسانە

پاش ئەوە، خوێندن و حیساب و خەت
خوێندنە لات ئەدا لە ڕێی نەگبەت (٥٨)

لە هۆنراوەیەکی تریدا وەک ئامۆژگاری بە کوڕەکەی دەڵێت:

جا کەوابوو دەردی تۆ دەرمانی مابێ مەکتەبە
بۆ ژیانت سنعەتی شیرین و چاکت مەتڵەبە
خوێندنی عیلم و فنوونت شەرتی دین و مەزهەبە
هەر وەکو وەحشی لە کێو و دەشت و سەحرا مەبە (٥٩)

بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە، گرنگیدانی خوێندن لای موفتی بەو واتایەیە کە تا کۆتایی نەبێت و تەنها لە شەش ساڵی سەرەتاییدا بمێنێتەوە، ئەمە بۆ کوڕ و کچەکانیشی دەکات بە ئامۆژگاریی و موفتی بە کوڕەکەی دەڵێت:

بخوێنە ڕۆڵە لە یەک هەتا شەش
پێویستە خوێندن لە بۆ ڕۆژی ڕەش
خوێندنە بەشەر لە ڕیزی حەیوان
جیا ئەکاتەوە و ئەیکا بە ئینسان
بەڵام مەکتەبی پۆلی ناوەنجی
دەس نادا بەزۆر بیشتبەن نەچی!
تووشی مەراق و دەرد و خەم ئەبی
بێئیش و بێکار هاوسەر کەم ئەبی
چونکە وەزیفەی عێراق بە خوێندن

دەس کەس ناکەوێ بێ گەورە بۆ من

یا بە پارەی زۆر ئەچیتە سەر کار

یا بە واسیتەی ئەشرافی ناو شار[٦٠]

بەهەمان شێوە ئامۆژگاری کچەکانیشی دەکات و دەڵێت:

لە یەک هەتا شەش ڕۆڵە بخوێنە

تۆوی زانستی لە دڵ بڕوێنە

لادە لە نەزان، زانا بدوێنە

لەناو هاوسەران هونەر بنوێنە

لەپاش خوێندنت، شوو بکە بە لاوێ

بەراوردکراو لەناو چەند پیاوێ

شەریکی عومر و ماڵ و ژیانت بن

هەر دوو خەریکی پۆشاکو نان بن

ئەو لەملا و ئەولا بۆت بێنێتە ماڵ

تۆش دامەنیشە بێکار و بەتاڵ

یا مەکینەیەک بێنەرە بەرهەم

بۆ جل دروونت لە زۆر و لە کەم

یا کڵاودروون، یا سابوونکردن

دەست بەتاڵ مەبە تا وەختی مردن[٦١]

موفتی، خوێندنی لە تایەکدا بەرانبەر بە پارە داناوە و لەگەڵ یەکتریدا هاوسەنگی کردوون، لەمبارەیەوە (قانع)یش هۆنراوەیەکی بۆ

مــوفتی نووســیوە و پشــتگیری لە بۆچــوونەکەی کــردووە.[٦٢] لەو هۆنراوەیەیــدا کە وەک ئامۆژگــاری ســاڵی (١٩٤١) بــۆ کــوڕەکەی نووسیوە، موفتی دەڵێت:

غەیری عیلم پارە فریای دەردی تۆ قەت ناکەوێ
شێت و وەحشی دەر ئەچی ئەم دوو شتە گەر ناتەوێ
مەردە هەر کەس وا لە فکری هەر دوو دائیم ناخەوێ
خاوەنی سەروەت لەژێر باری گرانتا ناتەوێ[٦٣]

ئەنجام:

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەم چەند خاڵەدا دەخەینە ڕوو:

یەکەم: موفتی، یەکێکە لەو شاعیرانەی وەکو پێویست ئـاوڕی لـێ نەدراوەتەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی نەکراوە.

دووەم: شــاعیر، نازنــاوی ڕاســتەقینەی (مــوفتی)یە و هەمــوو نازناوەکانی تر دروستکراون و لە دەرەوەی ویستی شـاعیر خـۆیەوەن وەک نازناوەکــانی (پێنجــوێنی، مــوفتی پێنجــوێنی، تــووتنچی، مەلا عەبدوڵڵا)

سێیەم: ئەو ساڵی بۆ هاتنە ژیانی موفتی دیاری کراوە (١٨٨١) هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، تەنانەت شاعیر خۆیشی نەیزانیوە لە چ ساڵێکدا هاتووەتە ژیانەوە.

چوارەم: تەمەنی شیعرەکانی موفتی، کەوتوونەتە نیوەی دووەمی تەمەنییەوە و لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦-١٩٥٠ دا نووسراون و زۆربەیان لە کاتی خۆیاندا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

پێنجەم: موفتی وەک باوکێکی نموونەیی، کەسێکی کراوە، ئایندەبیین، ڕاستبێژ و فیمینیست دەرکەوتووە.

شەشەم: موفتی و قانع، هاوشێوەی یەکتری، دوو شاعیری نموونەیین لە ئەدەبی کوردییدا کە ئایندەبینییەکەی خۆیان لە ڕێی ئامۆژگاریی و وەسێتەوە بۆ نەوەکانیان گواستووەتەوە.

حەوتەم: موفتی، لە شیعرەکانییدا گرنگییەکی زۆری بە خوێندن و مەکتەب داوە. لەم ڕوانگەیەوە و ئامۆژگاریی منداڵەکانی (کچ و کوڕ) کردووە کە تەنها تا پۆلی شەش بخوێنن.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە ساڵی ٢٠١٨/٨/١٨ لە (دیداری موفتی پێنجوێنی) لە پێنجوێن پێشکەش کراوە.

(٢) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، دیوانی موفتی، چاپی دووەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٧

(٣) ئەم هۆنراوەیەی (موفتی) لە ژمارە (٧٤)ی ساڵ (١٣٢٥)ی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە (ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادەکردنی: بنکەی ژین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٩٥)

(٤) بڕوانە (ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، دیوانی موفتی،چاپی دووەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٦٥-٦٦

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژیان بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی ١٩٢٦-١٩٣٨، لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥و٣٥

(٦) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل ٢٥و٢٦

(٧) بڕوانە بۆچوونی (بورهان قانع، یادی مفتی، چاپخانەی ئیرشاد، بەغدا، ١٩٧٩، ل٢٠) هەروەها (ئومێد ئاشنا، ل١٧)

(٨) پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ژیانەوە لە ساڵی ١٩١٨، شارەوانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٦دا ناوی ڕۆژنامەکەی بە ژیانەوە گۆڕی و یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو.

(٩) یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ژین، لە ساڵی ١٩٣٩دا دەرچووە و پیرەمێرد سەرپەرشتی کردووە تا ساڵی ١٩٥٠ و کۆچی دوایی کردووە، دواتر تا ساڵی ١٩٦٣بەردەوام بووە.

(١٠) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل٢٠٣

(١١) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٤

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٥

(١٣) ئەم هۆنراوەیەی (موفتی) لە ژمارە (٧٤)ی ساڵ (١٣٢٥)ی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە (ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی کوردستان، بنکەی ژین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٩٥)

(١٤) گۆڤاری هەڵاڵە، لەسەردەمی قازی محەممەددا بووە و یەکەم ژمارەی ساڵی ١٩٤٦ دەرچووە.

(١٥) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل١٠٤

(١٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٥و٢٦

(١٧) بورهان قانع، دیوانی قانع، چاپخانەی دالاهۆ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣

(١٨) لە (١٨٩٨- ١٩٦٥) ژیاوە.

(١٩) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل٢٨٥

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل٣٠٧

(٢١) مەبەست لە حاجی باقی شاعیرە کە لە (١٩٠٥-١٩٧٢) ژیاوە.

(٢٢) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل ٣٠٤

(٢٣) گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩- ١٩٤٩)

(٢٤) ڕۆژنامەی ژین (١٩٣٩- ١٩٦٣)

(٢٥) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل٢٠٦

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٨

(٢٧) هەمان سەرچاوە، ل١٣٥

(٢٨) دیوانی موفتی، ل٤٥

(٢٩) باب، مەبەست بە: عەلی محەممەدە کەلە شاری شیرازی سەر بە ئێران لە ساڵی ١٨١٩دا لەدایک بووە. باوکی هەر زوو دەمرێت و لەتەمەنی پازدە ساڵییەوە لە ژێر سەرپەرشتی خاڵیدا سەرگەرمی کاری بازرگانی دەبێت. پەیڕەوی لە واجبی شەرعی نوێژ و ڕۆژوو و ئەو واجبە شەرعییانەی تر، نەکردووە کە لە سەر مرۆڤ دانراوە. لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا ژیانی هاوسەری پێک هێناوە و کوڕێکی بووە. ساڵی ١٨٥٠ باب بە هۆی بیروبۆچوونەکانییەوە دەکوژرێت. بڕوانە (د. جون اسلمنت، مقدمه لدراسه الدين البهائی، الطبعه الاولی، مؤسسه النشر البهائيه، ١٩٧٠، ص٢٢- ٣٣)

(٣٠) بەهائوڵڵا: مەبەست لە: میرزا حسەین عەلییە. لە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار و خاوەن سامان لە ساڵی ١٨١٧ لە دایک بووە. پلەی خوێندەواری زۆر نەبووە.لە کاتی بانگەوازەکەی بابدا، تەمەنی ٢٧ ساڵان دەبێت و پشتگیرییەکی تەواوی لێ دەکات و لەبەر ئەمەش دوو جار زیندانی دەکرێت. تا دواتر بەرەو ئەستەنبول دوور دەخرێتەوە و دواتریش بۆ "عەکا" و تا کۆتایی لە ١٨٩٢دا ژیانی لە ئەوا بەسەر دەبات. بڕوانە (د.

جون اسلمنت، مقدمه لدراسه الدين البهائی، الطبعه الاولی، مؤسسه النشر البهائيه، ۱۹۷۰، ص ٤٢- ٤٦)

(۳۱) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل٢٤٦

(۳۲) بەرنامەیەکی تایبەت لە سەتەلایتی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی موفتی، ۲۰۱۸

(۳۳) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل۳۱

(٣٤) برهان قانع، یادی مفتی، چاپخانەی ئیرشاد، بەغدا، ۱۹۷۹، ل۱۳

(۳٥) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل۱۳٥

(٣٦) بڕوانە هەریەک لە (دکتر حسن انوری، فرهنگ بزرگ سخن، تهران، ۱۳۸۱، ص۷۲۲۲/ غلام حسین، نسرین حکمی، نسترن حکمی، فرهنگ معایر، چاپ چهارم، تهران، ۱۳۸۳، ص۱۱۹۳/ ڕزگار کەریم، فەرهەنگی ژیر، چاپخانەی مەهارەت، تهران، ۲۰۰۷، ل٦٥٩)

(۳۷) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل۱۰۱

(۳۸) لە شیعرەکانییدا تەنها ناوی (گێلاس، هەنار، لیمۆ، بەهێ)ی هێناوە.

(۳۹) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل۲۲٥

(٤٠) هەمان سەرچاوە، ل١٥٩و١٦٠

(٤١) برهان قانع، یادی مفتی، چاپخانەی ئیرشاد، بەغدا، ۱۹۷۹، ل۹

(٤٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٤

(٤٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٩٠

(٤٤) هەمان سەرچاوە، ل۲۷۲

(٤٥) هەمان سەرچاوە، ل۲۷۲

(٤٦) هەمان سەرچاوە، ل١٥٧

(٤٧) هەمان سەرچاوە، ل۲۹۸

(٤٨) هەمان سەرچاوە، ل۲۸۷

(٤٩) هەمان سەرچاوە، ل۲۰۷

(٥٠) هەمان سەرچاوە، ل٢٩٦

(٥١) فواد مەجید میسری، شیعر و فەلسەفە، چاپخانەی علاء، ساڵی ۱۹۷۸، ل۸

(٥٢) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، وێنەکانی ڕۆشنبیر، نووسینی: ئیدوارد سەعید، بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، ٢٠٠٨، ل١٠٧-١٠٩

(٥٣) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل ٢٦٧و٢٦٨

(٥٤) بەشی چوارەمی دیوانی موفتی، تایبەتکراوە بە ئامۆژگاری بۆ کوڕ و کچەکانی، ئەگەرچی لەم بەشەدا هەندێک هۆنراوەی تر و گفتوگۆی شیعریی لە نێوان قانع و موفتیشدا هەن.

(٥٥) بورهان قانع، دیوانی قانع، چاپخانەی دالاهۆ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٢و ١٣٠و ١٤٤و ١٦٠و ٢٣٤و ٣٢٤و ٣٧٠

(٥٦) ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا، ل٢٦٧

(٥٧) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٧

(٥٨) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٦

(٥٩) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٧

(٦٠) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٩

(٦١) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٧

(٦٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٥و٢٨٦

(٦٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣

تاهیر بەگی جاف و سلێمان بەگی کاتب فارسی[١]

ناسەقامگیریی باری ڕامیاریی کوردستان و ناوچەکە لە لایەک و بایەخنەدانی شاعیران و نووسەرانی کورد خۆیشیان بە پاراستن و ئەرشیڤکردن لە لایەکی ترەوە، دوو هۆکاری لەبەرچاون بۆ بەردەستنەکەوتنی بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەدیبان. ئەم دوو هۆکارە بە تەنیشت بەربەستەکانی ترەوە، وایان کردووە کە ئەو مێژووی ئەدەبی کوردییەی نووسراوەتەوە بێ کەموکورتی نەبێت و پرسیاری زۆری بەبێ وەڵام هێشتبێتەوە. یەکێک لەو پرسیارانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێتە ڕوو ئەوەیە: ئایا پەیوەندی ژیانی هەمەلایەنە و تێکستی ئەدەبی نێوان شاعیران (سلێمان بەگی کاتب فارسی و تاهیر بەگی جاف) چۆن و لە چیدایە؟

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ڕۆژئاوای ئێران)ەوە، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، دوو کەسایەتی ڕوویان لە باشووری وڵات کردووە، هەر یەک لە (عینایەتوڵڵا بەگ) و (عادیلەخانم). عینایەتوڵڵا بەگ، لە (مەریوان)ەوە هاتووەتە (سلێمانی) و دواتریش چووەتە (قەرەداغ) و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. بە هۆی ئەوەی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی عینایەتوڵڵا بەگ زمانی فارسی بە باشی زانیوە و خۆیشی بە جاف داناوە، لە لایەن وەسمان پاشاوە داوا لە مەحموود پاشا کراوە (کە لەو کاتانەدا مەحمود پاشا

دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی قەرەداغدا هەبووە) تا ڕێگەی بدات عەبدوڵڵا بەگ لە قەرەداغەوە بچێتە هەڵەبجە و کەڵکێک بە خوێندەواریی منداڵانی جاف و پەرەپێدانی خزمایەتییان لە هەڵەبجەدا بگەیەنێت، ئەویش داواکەی پەسەند کردووە و لە لای وەسمان پاشا بە (کاتب فارسی) دامەزراوە.[٢]

عەبدوڵڵا بەگ چووەتە هەڵەبجە و ڕووی کردووەتە کۆشکی وەسمان پاشا. لەم کاتانەدا، سێ کوڕ و دوو کچی بە ناوەکانی: مستەفا، نوری، نەفێ، حەبیبە و سلێمانەوە هەبووە. وەسمان پاشاش پێنج کوڕی بە ناوەکانی: مەجید، محەممەد، عیزەت، تاهیر و ئەحمەد هەبووە. لە ئەنجامی ئەم ناسین و تێکەڵاوییەدا، وەسمان پاشا، نەفێی کچی عەبدوڵڵا بەگ بۆ مەجیدی کوڕی مارە کردووە.[٣] واتە خوشکێکی سلێمان بەگ بووە بە هاوسەری برایەکی تاهیر بەگی جاف.

سلێمان بەگی کاتب فارسی:

سلێمان بەگ، کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کاتب فارسی عینایەتوڵڵا بەگە. سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی، هیچ زانیاریی و بۆچوونێک لەبەردەستدا نییە[٤] بەڵام بۆ کۆچی دواییەکەی، دەوترێت لە ساڵی ١٩١٩دا بووە.[٥]

(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) پێی وایە: سلێمان بەگ لە عەشیرەتی میروەیسی بووە و دوای ئەوەی لەگەڵ عەبدوڵڵای باوکییدا هاتوونەتە هەڵەبجە، ئەویش وەک باوکی لای وەسمان پاشای جاف،

وەک نووسەر و زمانزانێکی فارسی دەستبەکار بووە و لەو کاتەوە بە (کاتب فارسی) ناوی دەرکردووە.[٦] سلێمان بەگ، چەند منداڵێکی بووە، بەڵام هەموویان بە منداڵی مردوون و تەنها عەبدوڵڵابەگ (گۆرانی شاعیر)ی ماوەتەوە.[٧]

جگە لەوەی سلێمان بەگیش وەک عەبدوڵڵا بەگی باوکی فارسییەکی باشی زانیوە و بووە بە کاتب فارسی، (ڕەفیق حیلمی) پێی وایە لە شیعر و ئەدەبیشدا وەک باوکی بەهرەی هەبووە و بە کوردیی و فارسی نووسیویەتی و شیعری داناوە.[٨] ڕاستی ئەم بۆچوونەش لەوەدا دەردەکەوێت کە سلێمان بەگ دوو شیعری بە زمانی فارسی بۆ تایەر بەگی کوڕی وەسمان پاشا نووسیوە.[٩] هەروەها (حەکیم مەلا ساڵح) لە هەمان بۆچوون و لە زمانی (حیلمی) شاعیرەوە، ئاماژە بە شیعرێکی تری سلێمان بەگ دەکات کە بە زمانی کوردی دایناوە و لە دوادێڕیدا دەنووسێت:[١٠]

وتم: (سلێمان) جاهم و ساحێبی موڵکی دوو دیوان
وتت: سەرپاکی ئەشعارت ناگا بە حەرفێکم زارم

لەم دێڕە هۆنراوەیەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە سلێمان بەگ، بەشی دوو دیوان شیعری هەبووە، ئیتر ئەوە دیار نییە کە ئایا زۆرینەی ئەم شیعرانە بەکام زمان نووسراون! و ئەوەی تا ئێستا لەبەردەستدایە دوو شیعری سلێمان بەگە (کە لە دیوانەکەی تاهیر بەگدا بڵاوکراوەتەوە) و بە زمانی فارسی نووسراون، لەگەڵ ئەو دێڕە

هـۆنراوەیەی کە (حیلمـی) شـاعیر لەبەری بـووە و بـۆ (حەکـیم مەلا ساڵح)ی وتووەتەوە.[١١]

(حسـێن عەلـی شـانۆف) لە درێـژەی ئەو نووسـینەیدا کە لەسـەر ژیاننامەی گـۆرانی کـوڕی سـلێمان بەگ نووسـیویەتی (دیـارە دەبێـت هەر لە گــۆرانی شاعیریشـــی وەرگرتبێــت) ئامــاژە بەوە دەکــات کە سـلێمان بەگ هـۆنراوەی زۆری هەبـووە و دەنووسـێت: بەگـوێرەی ئەو شـیعرانەی کە سـلێمان بەگ دەربـارەی عوسـمان پاشـا وتـویەتی، دەردەکەوێت لەنێو خانەوادەی پاشـادا زۆر ڕێـزی لـێ گیـراوە. هەر لە ژێر کاریگەری سلێمان بەگدا، هەردوو کوڕەکانی عوسمان پاشا تـاهیر بەگی جاف و ئەحمەد موختار بەگـی جـاف، شـیعریان هۆنیـوەتەوە و دواتـــر وەک دوو شـــاعیری بەناوبـــانگی کـــورد، ناویـــان دەنگـــی داوەتەوە.[١٢] ئەمەش دیســـــانەوە ئەو ڕاســــتییە دەردەخـــــات کە پەیوەندیی ئەدەبی لە نێوان سلێمان بەگ و تاهیر بەگدا هەبووە و تـا ئەو کاتـانەش درێـژەی کێشـاوە کە (تـاهیر بەگ) لـە کۆتاییـەکانی تەمەنیـدا بـووە و لە سـلێمانی لە نەخۆشـخانە کەوتـووە و (سـلێمان بەگـی کاتـب فارسـی) ئەو شـیعرەی بـۆ نووسـیوە کە دێـڕی یەکەمـی وەهایە:

ای وجودت میمنت بخش قەزای شهرزور

وی سعادت از توشد مسعود گیتی پر زنور

لە درێژە و ناوەرۆکی ئەم شیعرەدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کە تـاهیر بەگ، بـاری تەندروسـتی بـاش نەبـووە و بـۆ چارەسـەرکردن

سەردانی سلێمانی و لای دکتۆر (حەکیمباشی) کردووە. سلێمان بەگ لەگەڵ چەند دۆست و ناسیاوێکی (ئەهل بازاڕ) دوعا و نزای چاکبوونەوە و شیفایان بۆ کردووە. لە هۆنراوەیەکی تردا کە بۆ مەرگی تاهیر بەگ لە ساڵی (١٣٣٧ک-١٩١٨ن)دا نووسیویەتی، لە دێڕی یەکەمیدا دەڵێت:

این چە غوغا ایست یارب کوفتادە درزمین

جملە عالم مات و حیران در لباس ماتمین

جێی ئاماژە بۆ کردنە کە سلێمان بەگ، دوو هۆنراوەی تریشی هەیە (کە لە دیوانەکەی تاهیر بەگدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە) و بە زمانی کوردی نووسراون و لە پلەیەکی بەرزی ئەدەبیدا هۆنراونەتەوە و لە لاپەڕە ١٢٣-١٢٥ی کەشکۆڵێکی (دکتۆر شۆ)وە وەرگیراون ساڵی ١٩٤١ بە خەتی (دکتۆر شۆ) نووسراونەتەوە.[١٣] یەکەمیان شیعرێکە بە ناوی (دڵ ئەوا دەرچوو) و حەوت دێڕە و یەکەم دێڕی بریتییە لە:

دڵ ئەوا دەرچوو لە سینە ڕاهی سەحرای گرتە بەر

هەروەکو تەیرێ کە وەحشی بێ و لەبەند دەرچێتە دەر[١٤]

شیعری دووەمیشیان شیعرێکە بە ناوی (لە ئەوزاعی فەلەک) و پێنج دێڕە و یەکەم دێڕی بریتییە لە:

لە ئەوزاعی فەلەک قوربان، هەمیشە مات و حەیرانم

لە بەحری غوسسە و غەمدا بەدایم دڵ پەرێشانم[١٥]

عـادیله خـانم (١٨٥٧- ١٩٢٤) کچـی عەبـدولقادر بەگـی حەمیـد بەگی مەحموود بەگی ئەحمەد بەگی سـاحێبقرانە و لە شـاری سـنەوە بە هۆی هاوسەرگیریی لەگەڵ عوسمان پاشای جاف (١٨٤٧- ١٩٠٩) ڕووی لە شــاری هەڵەبــجە کــردووە.[١٦] و دوو کــوڕی شــاعیریان بە ناوەکـانی: تـایەر بەگـی جـاف (١٨٧٥/١٨٧٨- ١٩١٨) و ئەحـمەد موختار بەگی جاف (١٨٩٨- ١٩٣٥) هەبووە.[١٧]

بنەماڵەی دەسەڵاتداری عوسمان پاشای جاف، بە هۆی پەیوەندی عەشایەری لەگەڵ هۆز و تیرەکانی ئەمبەروئەوبەری سنوور و گەرمیان و کوێستان و تیرە جیاجیاکانی جاف، لەگەڵ دامودەزگـای حکـومەتی ئێرانیـدا، ڕۆژانە کێشـە و پێوەنـدی و هـاتوچۆی ناچارییـان هەبـووە. ڕۆڵی فارسیزان لەم پێوەندیی و هەوڵدانی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، گرنـگ و بەرچـاوبووە، بـۆیە عوسـمان پاشـا داوای لە عەبـدوڵڵا بەگ کـردووە کە لە قەرەداغەوە بچێـتە مەڵبەنـدی هەڵەبجە و وەک کاتـب فارسی دەستبەکار بێت. پاش کۆچی دوایی عەبدوڵڵا بەگیش، سلێمان بەگی کوڕی لە کارەکەیدا شوێنی گرتووەتەوە.

مێجەرسۆن (١٨٨١- ١٩٢٣) لە گەشتە نهێنییەکەیدا بۆ هەڵەبـجە لە سـاڵی ١٩٠٩ کە سـەری لە کۆشـکی پاشـا داوە و لەوێ چـاوی بە ژمارەیەکی زۆر کوردی ئێران کەوتووە و بە (جالیە) ناوی بـردوون[١٨] ئاماژە بەوە دەکات کە عادیلە خانم داوای لێ کردووە تا نووسـراوێکی بــۆ بخــوێنێتەوە کە بە فارســی نووســراوە و تــازە لە تــارانەوە بە عادیلەخـانم گەیشـتووە.[١٩] سـۆن، لە شـوێنێکی تـردا ئامـاژە بەوە دەکـات کە نـامە و نووسـراوێکی زۆر لەو کاتـانەدا بە عـادیلە خـانم

گەیشتووە. بۆیە بۆ ڕۆژی دواتر عادیلە خانم بانگی کردووە تا هەندێ شتی بە فارسی بۆ بخوێنێتەوە، چونکە زۆر بەنامەکانەوە سەرقاڵ بووە. کۆمەڵێکیانی داوەتێ بۆ ئەوەی بۆی بخوێنێتەوە. پاشان داوای لێ کردووە وەڵامەکانیشی بۆ بنووسێت. مێجەرسۆن درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت: گەر بمزانیایە زاراوەیەک بە هەڵە بەکار دەهێنێت، ئەوا فارسییەکەیم بۆ ڕاست دەکردەوە. [٢٠]

لەم گێڕانەوانەی مێجەرسۆندا چەند خاڵێک جێی پرسیار و سەرنجە:

١- ئەگەر سلێمان بەگ لە دیوانی وەسمان پاشادا وەک کاتب فارسی و ڕۆشنبیر و شاعیرێک دەستبەکار بووە، هۆی چی بووە عادیلەخانم داوای لە مێجەرسۆن کردووە کە نامەی فارسی بۆ بخوێنێتەوە و بۆ بنووسێت نەک سلێمان بەگ؟ ئەمە لە کاتێکدا کە بەڵگەی دوو هۆنراوەی سلێمان بەگمان لەبەردەستدایە کە بە فارسی و لە کاتی نەخۆشکەوتن و کۆچی دواییەکەیدا لە ١٩١٨ بۆ تاهیر بەگی کوڕی عادیلەخانمی نووسیوە و هەڵقولاوی ئاگاداریی و ژیانی پێکەوەییانە!

٢- چۆن دەکرێت عادیلەخانم مێجەرسۆن لەبەر ئەوە بانگ بکات کە نامەی فارسی بۆ بخوێنێتەوە لە کاتێکدا کە عادیلەخانم خۆی لە بنەماڵەیەکی خوێندەوارەوە هاتووە و شۆرەتی بنەماڵەیی و ڕۆشنبیریی و زەنگینی دەسەڵات بووە. بە منداڵی مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە و فێری زانستی قورئان و قورئانخوێندن بووە. لە

نەوجەوانیشدا زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی زانیوە و تەنانەت بە شێوەزاری هەورامیش دواوە؟! [٢١]

٣- ئەو حەوت مانگەی ساڵی ١٩٠٩کە مێجەرسۆن لە هەڵەبجە ماوەتەوە، تەمەنی تاهیر بەگ تەمەنی ٣١-٣٥ ساڵان بووە و لەگەڵ سلێمان بەگدا بە زمانی فارسیی و ئەدەبیاتەوە خەریک بوون، چۆن دەکرێت دایک ئەو متمانەیە بە سلێمان بەگ یان بە کوڕەکەی نەدات کە نامەی دوور و فارسی بۆ بخوێنێتەوە و بە مێجەرسۆنی بدات!؟ لە کاتێکدا ئەم پیشەی فێربوون و فێرکردنە بە زمانی فارسی لە نێوان سلێمان بەگ و منداڵەکانی عادیلەخانمدا درێژەی کێشاوە و لەم بارەیەوە (د. عیزەدین) لە زمانی گۆرانی شاعیرەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە: سلێمان بەگی باوکی گۆران، هەروەک چۆن پێشتر دەرسی فارسی بە تایەر بەگ وتبووەوە، بە هەمان شێوەش دەرسی فارسی بە ئەحمەد موختار و من (گۆران)یش وتووەتەوە! (٢٢)

٤- مێجەرسۆن لە گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی تاهیر بەگدا ورد نییە و پێی وایە کە تاهیر بەگ لە ژنی یەکەمی عوسمان پاشا بووە نەک عادیلەخانم، بەڵام دواتر ئیدمۆنز (١٨٨٩- ١٩٧٩) ئەم زانیارییەی بۆ ڕاست کردووەتەوە. [٢٣]

وەک دەرکەوت لە هەناوی ئەم دوو بنەماڵەیەدا، هەر دوو شاعیر (سلێمان بەگ و تاهیر بەگ) دەرکەوتن، وەک دوو هاوسەردەم، دوو هاوڕێ و دوو بیرەوەریی هاوشوێنی گەورەبوون، تەنانەت ساڵی کۆچی دواییشیان نزیکە لەیەکەوە.

بە پێــی تەمەنــی گــۆرانی شــاعیر ئەگــەر لە تەمەن و ســاڵی لەدایکبــوونی سـلێمان بەگـی بـاوکی نزیـک ببیـنەوە. بەو پێـیەی کە گــۆرانیش لە ١٩٠٤-١٩٠٥ لەدایـک بــووە و ئەگەر منــداڵی چــوارەمی سـلێمان بەگ بووبێـت و سـلێمان بەگ لە دەوروبەری بیسـت سـاڵییدا ژنی هێنابێت، ئەوا سلێمان بەگ لە نزیک ساڵانی ١٨٨٠ لەدایک بـووە و ئەمەش نـزیکە لە سـاڵی لەدایکبـوونی تـاهیر بەگەوە کە لە ١٨٧٥-١٨٧٨ لەدایک بووە. هەردووکیشان تەنها نزیکەی ٤٠ ساڵ ژیاون و لە تەمەنێکـی کەمـدا و بەهـۆی نادیـار لە ١٩١٨-١٩١٩ کـۆچی دواییـان کردووە.

وەک دوو نەوجەوان، لە سـەرەتاوە لە نزیـک دەسـەڵاتی وەسـمان پاشـا و عادیلەخانمـدا ژیانیـان دەسـتپێکردووە. ڕاسـتە سـلێمان بەگ وەک مامۆستای زمانی فارسی وانەی بە تاهیر بەگ وتـووەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەشــەوە ڕەنــگە ڕاســت بێــت کە تــاهیر بەگ لە نووســینی هۆنراوەی کوردیدا کاریگەری لەسەر سلێمان بەگ هەبووبێت، هەروەک چــۆن لە هۆنراوەکانیــدا پــایەی بەرزی هۆنراوەنووســینی تــاهیر بەگ دەردەکەوێت و زۆرێـک لە شـاعیران پێنجخشـتەکییان لە هۆنراوەکـانی دروسـت کـردووە. پاشـخانی ئەم لێهاتووییەشــی دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو کاتـانەی کە لە تەمەنـی حەوت سـاڵیدا دەنێـررێتە بەر خوێنـدن و بـۆ فێربوونی قورئانی پیرۆز و کتێبی شـاعیرانی وەکـو سـەعدی، حـافیز، شێخ ڕەزا، باباتاهیری عوریان... هد، هەروەهـا عەرەبـیش لە حـوجرە لای فەقێکانی کوردستان بە جوانی فێر بووە.(٢٤)

ئەگەرچی لە نێوان سلێمان بەگ و تاهیر بەگدا هیچ هونەرێکی تێهەڵکێشی شیعریی یان پێنجخشتەکی لەبەردەستدا نییە، بەڵام بوونی سلێمان بەگی فارسیزان و کاتب فارسی و بە درێژایی تەمەنی دەیان ساڵەی پێکەویی نێوانیان ناکاتە نەبوونی گفتوگۆی ئەدەبی لە نێوانیاندا. ڕەنگە هۆنراوەی لەو شێوەیەشیان هەبووبێت و ڕۆژگاری خۆکرد و خواکرد کارێکی وەهایان کردبێت کە نەتوانرابێت بکەوێتە بەردەستی ئێمە. بەڵام نووسینی دوو هۆنراوە بە هۆی نەخۆشکەوتنی تاهیر بەگ و کۆچی دواییەوە لەلایەن سلێمان بەگەوە هەر لە خۆوە نەبووە کە شاعیر زمانی فارسی هەڵبژاردبێت بۆ هۆنینەوەیان و وەک گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە ئەم زمانە تواناى بیرکردنەوە و بیرەوەری هاوبەشێتی نێوانیانە بەسەر زمان و زەمانەکەیاندا. (د. مەقسودی) کە یەکێکە لە لێکۆڵەرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی فارسی، سەبارەت بە فارسیزانینی تاهیر بەگی جاف دەڵێت: پێم سەیرە لە هەڵەبجەی سەردەمی عوسمانی ئەم شاعیرە ئەو فارسییە لە کوێوە فێر بووە!؟[٢٥] ڕەنگە بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئەو هاوڕێیەتییەی بگەڕێتەوە کە لەگەڵ سلێمان بەگدا هەیبووە و وەک مامۆستای فارسی خۆی و ئەحمەد موختار بەگی برایشی وەها بووە و هەر دووکیان لە ژێر کاریگەری ئەمدا شیعریان هۆنیوەتەوە و دواتر وەک دوو شاعیری بەناوبانگ ناویان دەنگی داوەتەوە.[٢٦]

ئەوەی تا ئێستا لە هۆنراوەکانی سلێمان بەگ ماوەتەوە، تەنها ئەو چوار شیعرەیە کە دوانیان بە زمانی فارسی و بۆ تاهیر بەگی

نووسـیوە دوانیشـیان بە زمـانی کـوردی تـایبەت بە بـابەتی دڵـداری هۆنیـوەتەوە. ئەوەشـی لە هـۆنراوەی تـاهیر بەگ مـاوەتەوە، هەر بە هەمان شێوەیە و نیوەیان بە زمـانی کـوردیین و نیوەشـیان بە زمـانی فارسی نووسراون. لە نێوان ئەم هۆنراوانەدا، دوو دێڕی سەرەتای دوو هـۆنراوەی هەر یەکەیـان زۆر دەچـنەوە سـەر چنینـی بیـر و داڕشـتنی هۆنراوە بە زمانی کوردی.

تاهیر بەگی جاف لە دێری یەکەمی سەرەتای غەزەلێکیدا دەڵێت:

هەرچەندە دەمێکە لە خەما غەرقەیی خوونم

هەر لەحزە لە دەس جەوری فەلەک مات و زەبوونم[٢٧]

سلێمان بەگیش دەڵێت:

لە ئەوزاعی فەلەک قوربان، هەمیشە مات و حەیرانم

لە بەحری غوسسە و غەمدا بە دایم دڵ پەرێشانم[٢٨]

وەک لە واتای هەر دوو دێڕکەدا دەردەکەوێت، خاڵی لێکچوون بە جۆرێکە دەکرێت بۆ هەر دوو دێڕەکە یەک لێکدانەوە بکرێـت و بڵێـین (دەمـێکە لە تـاو خەم و خەفەتـدا نـوقمی ناخۆشـی بـووم و ڕۆژگـار کارێکی بەسەردا هێناوم کە هەمیشە مات و دڵگران بـم.) ئەمە جـگە لەوەی کە ئەگەر نیـوەی یەکەمـی هەر دێڕێکیـان لەگەڵ نیـوەکەی تریاندا شوێنگۆڕکێ پێ بکەین، بەتەواوی لەیەکچـوونەکە دەردەکەوێـت و ڕێـک وەک ئەوەی هەر یەک دێـڕ بـن و بە دوو شـێوەی جیـاواز داڕێـژرابێتنەوە و زۆربەی دەسـتەواژەکان بەرانـبەر بە یەک و هاوواتـا دەوەستنەوە:

غەم= خەم

مات و حەیران= مات و زەبوون

غەرقی خوێن= دڵ پەرێشان

هەر لەحزە= هەمیشە

جەوری فەلەک= ئەوزاعی فەلەک

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە (دیداری تاهیر بەگی جاف) لە ٢٠٢٠/١٠/١٢ لە هەڵەبجە پێشکەش کراوە.

(٢) دیوانی گۆران، ئامادەکردن و لێکدانەوەی: محمد مەلا کەریم، بڵاوکراوەی پانیز، چاپخانەی دالاهو، ١٣٨٤، ل٣٤

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٣٤

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٣٥

(٥) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی ٢، بغداد ١٩٥٦، ل١٤٥

(٦) گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمەتۆفیق، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٧، ل١٢٣-١٣٤

(٧) دیوانی گۆران، ل٣٣

(٨) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ل١٩٨

(٩) دیوانی تاهیر بەگی جاف، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و ئامادەکردنی: حەسەن گۆران، بڵاوکراوەی گۆران، چاپ: گلبان چاپ، چاپ: یەکەم، ٢٧٠٢ کوردی، ل١٧-٢١

(١٠) ئاشکرایە کە مەبەستی (حەکیم مەلاساڵح) لە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) نییە کە لە ساڵی ١٩٦٠دا کۆچی دوایی کردووە، بەڵکو مەبەستی لە (محەممەد کوڕی شێخ حسەین)ی شاعیرە کە لە ماوەی (١٩٠٩-١٩٨٥) ژیاوە. هەروەک ناوبراو لە کتێبەکەیدا (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی: دیلان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٢٥) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا (حیلمی) بینیوە و حیلمی خۆی شیعرەکانی بۆ خوێندووەتەوە و ئەمیش لەسەر کاسێت تۆماری کردوون.

(١١) هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، حەکیم مەلا ساڵح، بەرگی دووەم، چاپخانەی: دیلان، سلێمانی،٢٠١٠، ل١٥٦

(١٢) شعر الشاعر الكردى المعاصر عبدالله گۆران، حسين على شانوف، ترجمه من الازريه: شكور مصطفى، بغداد، ١٩٧٥

(١٣) هاوشانی ئەم دوو شیعرە، هەمان شیعری ناو دیوانەکەی تایەر بەگی جاف بە ناوی (ای وجودت...) لە کەشکۆڵەکەدا نووسراوەتەوە. تاکە نووسخەی ئەم کەشکۆڵە، لە لای لێکۆڵەر پارێزراوە.

(١٤) ئەگەرچی (حەکیم مەلا ساڵح) لە کتێبی (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی: دیلان، سلێمانی،٢٠١٠، ل١٥٦) ئەم شیعرەی بڵاوکردووەتەوە و سەبارەت بە سەرچاوەکەی نووسیوێتی (لە کەشکۆڵی دکتۆر شۆ)دا هاتووە، بەڵام ئەم کەشکۆڵە لای من پارێزراوە و لەگەڵ ئەوەی کە (حەکیم مەلا ساڵح) نووسیویەتییەوە لە چەند وشەیەکدا جیاوازی هەیە، وەک: لەبری (دەرچێتەدەر) نووسراوە (دەربێتە دەر) و لەبری (تو خوا) نووسراوە (تو خودا) و لەبری (بێنێتە بەر) نووسراوە (بێننە بەر)

(١٥) (حەکیم مەلا ساڵح) لە کتێبی (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی: دیلان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٥٥) ئەم شیعرەی بڵاوکردووەتەوە و نووسیوێتی (ئەم شیعرەم لە دەستنووسێکی لای "سەیید باقری هاشمی"یەوە وەرگرتووە) و لەگەڵ ئەوەی لای (دکتۆر شۆ)دا کەمێک جیاوازیی هەیە، بەڵام (حەکیم مەلا ساڵح) ئەوەی نەخستووەتە ڕوو کە شیعرەکە بە دەستخەتی کێ نووسراوەتەوە.

(١٦) مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی معارف، سەردەشت، ١٩٥٢، ل٢٢٨/ چەپکێ لە هەڵبەستی بڵاونەکراوەی مستەفا بەگی کوردی، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٦

(١٧) ئەحمەد موختار بەگی جاف شاعیر و مرۆڤ، عەبدولکەریم حەمید، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٢/ جگە لە عەلائەدین سەجادی، کە پێی وایە تاهیر بەگ لە ساڵی ١٨٧٥ لەدایک بووە زۆربەی سەرچاوەکانی تر پێیان وایە کە ناوبراو لە ساڵی ١٨٧٨ هاتووەتە ژیانەوە.

(١٨) رحلە متنكر الى بلاد ما بين النهرين و كردستان، ميجرسون، ترجمە: فواد جميل. ج١، بغداد ١٩٧٠، ص٢٠٨

(١٩) هەمان سەرچاوە، ٢٩٠

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ٣٠٦

(٢١) دیداری نێودەوڵەتی عادیلە خانم، تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لە ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی عادیلەخانمدا، ماجید خەلیل فەتاح، ٢٠١٩، ل٣٠

(٢٢) دیوانی ئەحمەد موختار جاف، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٦، ل١٠

(٢٣) رحلە متنكر الى بلاد ما بين النهرين و كردستان، ٢٧٩/ کورد، تورک، عەرەب، ئیدمۆنز، ل١٩١

(٢٤) دیوانی گۆران، ل١٦

(٢٥) دیداری نێودەوڵەتی عادیلە خانم، عادیلەخانم وەکو دایک، محەممەد سەعید نەجاری (ئاسۆ)، ٢٠١٩، ل٤٣

(**٢٦**) شعر الشاعر الكردی المعاصر عبدالله گۆران

(٢٧) دیوانی تاهیر بەگی جاف، ل٥٠

(٢٨) گۆران لە یادەوەردی هاوچەرخەکانیدا، ل٥٠٧

شەوی یەڵدا، لە هۆنراوەی (نالی) و (سالم)دا[1]

نـالی و سـالم، دوو شـاعیری دیـاری کلاسـیک و هاوسـەردەمی یەکترین. هەردووکیان لە سەدەی نۆزدەدا ژیاون. هەر یەکەیان، تەنها بە یەک بەیـت لە غەزەلێکـدا، ئاماژەیـان بە شـەوی یەڵـدا کـردووە. بەیـتەکەی نـالی، لەبەر دوو هـۆ، زۆتـر چـووەتە سـەر زار و بڵاوبووەتەوە، یەکەمیان: دیوانەکەی نـالی زووتـر و زۆرتـر کەوتـووەتە بەردەسـت و چـاپ کـراوە، دووەمـیش: هـۆنراوەکەی نـالی لەلایەن هونەرمەنـد (عەدنـان کەریـم)ەوە کـراوە بە گـۆرانی و لەم سـاڵانەی دواییشدا، کە یادکردنەوەی شەوی یەڵدا بووە نەریت، زۆرتر وترایەوە.

(نالی) وتویەتی:

شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو

واتە: ئەمشـەو دوور لە تـۆ، چاوەکـانم تروسـکاییان تێـدا نیـیە. نـازانم ئەمشـەو، شـەوی یەڵـدایە، وا هەر نـابڕێتەوە، یـان شـەوی دەیجوورە وا ئەوەندە تاریک و نووتەکە!؟

(سالم)یش وتویەتی:

بەیازی ناسییەی تۆ بوو، سفیدی دا بە سوبحی عید
لە نووسخەی قیرگوون زوڵفت، سیاهی برد شەوی یەڵدا

واتە: تیشكی ناوچاوانی تۆ، ڕووناكی بەری بەیانی ڕۆژی جەژن بوو، شەوەزەنگیش ڕەشیی قەترانی لە ئەگریجەی تۆوە وەرگرتووە.

بەسەرنجدان لە هەردوو بەیتەكە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە هێنانی وشەی (یەڵدا)، بەهەمان واتای باوی پێناسەی شەوی یەڵدایە لە ئەمڕۆدا دەوترێت (درێژترین شەوی ساڵ و كۆتا شەوی پایزە. خەڵكی، كۆدەبنەوە و لە چاوەڕێی دەركەوتنی یەكەم ڕووناكی تیشكی ڕۆژدا، كاتەكانی شەوەكە، بە چەند بابەت و دابێكی خۆش بەڕێ دەكەن).

هەر دوو هۆنەر (شاعیر)، ئەم ناوەرۆكە دەخوازن و لەڕێی هونەری ڕەوانبێژییەوە، سەرلەنوێ بەكاری دەهێننەوە. لای نالی، لە هونەری (خواستن)دا و لە نێوان (یار: خۆشەویست) لەگەڵ (خۆر: ڕۆژ)دا وێنەی لێكچوواندنی نێوان یاری شاعیر دەبینرێت كە وەک خۆر وایە و دیار نییە و چاوەكانی شاعیری بێ ڕووناكی و بێ نوور كردووە و تاریكی شەوی دەیجور و درێژی شەوی یەڵدا، كە ناهێڵن یاری دەركەوێت، بۆی بووە بە ئازار. وەک دیارە، چاوەڕوانی دەركەوتنی یەكەم تیشكی خۆری وەرزی زستان (نوور)، دڵەڕاوكە و نائارامی شەوی درێژی یەڵدا، دوو تان و پۆی چنین و پێكەوە گونجاندنی بابەتەكەن لە بەیتەكەدا.

لای سالمیش هەر بەهەمان شێوە و واتایە، بەڵام لە ڕێی هونەرێكی تری ڕەوانبێژییەوە كە (لێكچوواندن)ـە لە نێوان وشەكانی (ناسییە) لەگەڵ (بەیاز) هەروەها (زوڵف) لەگەڵ (قیر). بەیاز، كە دەفتەری سپی یان درێژكۆلەی باخەڵییە، وەک ناسییە (تەوێل: ناوچاوان) وایە لە سپێتی و ڕووناكی بەیانیاندا. زوڵفیشی وەک قیر وایە لە ڕەشێتیدا.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە (شەونامەی چلە)، ژمارە ٢ لە ٢٠١٩/١٢/٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

(٢) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدلکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٠

(٣) دیوانی سالم، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم و محەممەدی مەلا کەریم، ئامادەکرد: سدیق ساڵح، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، چاپی یەکەم، ٢٠١٥

هۆنراوەی (شەوی یەڵدا) لە نێوان (نالی) و (کوردی)دا[١]

لە نێوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا، لەسەر هۆنراوەی (شەوی یەڵدایە یان دەیجوورە ئەمشەو...) گومان و دوودڵییەکی زۆرتر تایبەت بە خاوەنی ئەم هۆنراوەکیە پەیدا بوو. لەو کاتانەدا، د. مارف خەزنەدار لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ی ژمارە ٣٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥و کانوونی دووەمی ١٩٧٦ هۆنراوەکەی دایە پاڵ مستەفا بەگی کوردی. بەپێچەوانەشەوە، مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)ی ژمارە٥٠ی ساڵی ١٩٧٦ جەختی لەوە کردەوە کە هۆنراوەکە هی نالییە نەک مستەفا بەگی کوردی.

ئەم دوو بۆچوونە جیاوازە، بە تایبەت کە لە لایەن دوو کەسی شارەزا و دیارەوە خراوەتە ڕوو، هاوکات بوو لەگەڵ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیحی کوڕیدا کە لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا لە دیوانی نالیدا پێشکەشیان کردووە، ئەگەرچی ئەمانیش بە هۆنراوەی نالییان داناوە، بەڵام ئەوەشیان نەشاردووەتەوە کە بە پێی هەندێک دەستنووسی تر هۆنراوەی کوردییە.

پاش بڵاوبوونەوەی دیوانی کوردی لە لایەن محەممەد مستەفا (حەمەبۆر)ەوە لە ساڵی ٢٠١٠، جارێکی تر، ئەم دوو بۆچوونە

جیاوازە سەرلەنوێ گەرم کرایەوە و ناوبراو لە پەراوێزی شیعرەکەدا، هەروەکو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیحی کوڕی (بە هەستیارییەکی زۆر و تاڕادەیەک یەکلاکەرەوەوە) دەیداتە پاڵ مستەفا بەگی کوردی و پاساویش بۆ ئەم بڕیارەی دەهێنێتەوە...

پاش دە ساڵ لە بۆچوونەکەی ناو دیوانی کوردی، جارێکی تریش هەمان بابەت هاتەوە بەر باس و ئەمجارەیان هاوڕێی بەڕێزم (کامەران سوبحان) بە ناونیشانی (کێ دەڵێ "شەوی یەڵدا" شیعری "نالی"یە؟) لە ئەکاونتی خۆی لە فەیسبووک، لە ڕۆژی ٢١ی١١ی٢٠١٩ کاتژمێر ٧:٥٠ی ئێوارە، نەک هەر بابەتەکەی بە ئاراستەیەکی تردا زیندو کردەوە و وەک ئەوەی بیەوێت تای گومان و بۆچوونە جیاوازەکان بەلایەکدا بشکێنێتەوە، دەنووسێت (هەموو ساڵێ لە شەوی یەڵدا، ئەم شیعرە بە ناوی شیعری "نالی"یەوە بڵاو دەکرێتەوە. کە لە ڕاستیدا بنەمای ئەمەش بۆ ساغکردنەوەی دیوانی "نالی" دەگەڕێتەوە کە خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، ئەم شیعرەی لە دیوانەکەی "نالی"دا، چاپ کردووە. مامۆستا "حەمەبۆر"یش، لە دیوانی "کوردیی" لاپەرە (٤٨٣)دا سەلماندوویەتی کە "شەوی یەڵدا" هیچ پەیوەندییەکی بە "نالی" یەوە نییە. هاوڕێی بەڕێزم کاک "کاروان عوسمان خەیات"یش، کە خاوەنی گەنجینەیەکی گەورەیە لە دەستنووس و شیعری کلاسیک، ئەویش بە بەڵگە سەلماندوویەتی "شەوی یەڵدا" هیچ پەیوەندی بە "نالی"یەوە نییە، بەڵکو شیعری "مستەفا بەگی کوردی"یە. ئاماژە بەوەش دەکات، هەموو ئەو دەستنووسانەی شیعری نالی کە لای ئەوە، هیچیان ئەم شیعرەیان

تێدا نییە. بەڵام بە داخەوە وا ڕۆشتووە و عەدنان کەریم و کەویار و چەند کەسێکی تریش بە ناوی "نالی"یەوە ئاوازیان بۆ داناوە و بە گۆرانی پێشکەشیان کردووە. شیعری "شەوی یەڵدا" دەخوێنیتەوە، هەم کەشی شیعرەکە، هەم تەکنیک و زاراوەسازیی هیچ لە شیعری نالی ناچێ، تکایە ئیتر ئەم شیعرە بە ناوی "نالی"یەوە بڵاو مەکەنەوە، بەڵکو شیعری "کوردی"یە و لە نۆ کۆپلە پێک هاتووە، سەیری کۆپلەی کۆتایی شیعرەکە بکەن، کە ناوی کوردی تێدا هاتووە" کۆپلەی کۆتایی "کوردی" کراوە بە "نالی" هەر دوو ناوەکەش "نالی و کوردی" دوو بڕگەن "نالی" و "کوردی". "کوردی" کراوە بە "نالی" ڕیتمی شیعرەکەی نەگۆڕیوە!)

چەند بڕیار و دەربڕینێک لەم نووسینەی (کامەران سوبحان)دا جێی سەرنج و تێڕامانە:

یەکەم: دیوانی نالی بە تەنها لە لایەن مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە کاری لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆ نەکراوە، بەڵکو فاتیح عەبدولکەریمی کوڕیشی لەگەڵ بووە و هەروەکو خۆیشی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: لە ساغکردنەوە و بەراوردپێکردنی دەستنووسەکاندا زۆرتر لە باوکی کاری لە دیوانەکەدا کردووە.

دووەم: محەممەد مستەفا (حەمەبۆر) لە لاپەرە (٤٨٣)ی دیوانی کوردیدا بۆچوونی خۆی باس نەکردووە، بەڵکو لە لاپەرە (٤٨٤-٤٨٥)ی بەرگی یەکەمدا باسی لە دەستنووس و بۆچوونی خۆی کردووە.

سێیەم: محەممەد مستەفا (حەمەبۆر) نەک هەر نەیسەلماندووە کە هۆنراوەکە هی کوردییە، بەڵکو ئاماژە بەو دەستنووسە جیاوازانەش دەکات کە بە هۆنراوەی نالییان داناوە (دواتر ئاماژە بە هەموو ئەو دەستنووسانە دەکەم) و تەنانەت دەشنووسێت (لەبەر ئەوە بە هی کوردیم داناوە هەتا بەڵگەی بەهێزتریش بۆ نالی دێتە کایەوە، با هی ئەم بێ.)

چوارەم: محەممەد مستەفا (حەمەبۆر) نەیوتووە هۆنراوەی (شەوی یەڵدا) هیچ پێوەندییەکی بە نالییەوە نییە هەر وەک کامەران سوبحان دەینووسێت، بەڵکو دەڵێت (شەش سەرچاوەی دەستنووسی کەم لەبەردەستدایە کە هەموو ئەم هەڵبەستە بەهی نالی دەزانن.) (دواتر ئاماژە بە هەموو ئەو دەستنووسانە دەکەین).

پێنجەم: کامەران سوبحان دەنووسێت (هەموو ئەو دەستنووسانەی شیعری نالی کە لای (کاروان عوسمان خەیات) هەیە، هیچیان ئەم شیعرەیان تێدا نییە.) گەرچی کامەران سوبحان ئاماژەی بە چەند و چۆنی ئەو دەستنووسانە نەکرووە کە لای کاروان عوسمانە، بەڵام لەم نووسینەدا ئاماژە بە سیازدە دەستنووس دەکەین کە بە هۆنراوەی نالی دەزانن و دیارە کە سیازدەش وەک ژمارە لەو دە دەستنووس و کەشکۆڵە زۆرترە کە حەمەبۆر کردونییەتە بنەما بۆ ئەوەی هۆنراوەکە هی مستەفا بەگی کوردی بێت.

شەشەم: بەداخەوە کامەران سوبحان داخ بۆ شتێک دەخوات کە هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە و داوا دەکات کە چی تر خاوەنداریێتی

ئـەم هۆنراوەیـە نەدرێتـە پـاڵ نـالی! لـە کاتێکـدا هێشـتا ئـەم بابەتـە یەکلایی نەبووەتەوە.

حەوتەم: کامـەران سـوبحان پێـی وایـە کـە: لـە کۆپلـەی کۆتـایی هۆنراوەکەدا ناوی (کوردی) کراوە بە (نالی) و لەبەر ئەوەی هەریـەک لە ناوەکانیش دوو بڕگەن ڕیتمی شـعیرەکە نـەگۆڕراوە! جگـە لـەوە ی کە (نالی) و (کـوردی) نـاو نـین و نازنـاون، ئـەوەی زانیـاری لەسـەر تایبەتمەندی هۆنراوەی کلاسیک و نالی هەبێت، دەزانێت کە بـە دێـڕە هـۆنراوە ناوترێـت (کۆپلـە) و هـۆنراوەی کلاسـیک بـە (تەفعیلـە)ی عەرووز کێشانە دەکرێت نەک (بڕگە).

هەشـتەم: کامــەران سـوبحان دەنووسـێت (کـەش و تــەکنیک و زاراوەسازی ئەم شیعرە لە هی نالی ناچێت.)، بەڵام ئەمەشیان وا نییە و نالیش جگە لەوەی لەسەر هەمان کێش هۆنراوەی تری هەیە، ئەگەر سەرنج لەو حەوت دێـڕەی هۆنراوەکـە بـدەین کـە دراوەتـە پـاڵ نـالی، دەبینین لە پێنج دێڕیدا باسـی چـاو و دیـدە هـاتووە کـە کـەم هۆنـەر هەیـە وەک نـالی وەسـتایانە و شـارەزایانە وەسـفی چـاوی کردبێـت و بەکاری هێنابێت...

هۆنراوەکەی (نالی)

شەوی یەڵدایە یان دەیجوورە ئەمشەو

کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو

دڵم وەک حاکمی مەعزوولە قوربان

خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو

دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە بۆیە

لە من وەحشی و ڕەمیدە و doorووره ئەمشەو

کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان

چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو

لە خەو هەڵساوە یا ئالۆزە چاوت

هەمیشە وایە یا مەخموورە ئەمشەو

سروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ

جێگەم سەرداراکەی مەنسوورە ئەمشەو

موسوڵمانان دەپرسن حاڵی (نالی)

لە کونجی بێکەسی مەهجوورە ئەمشەو

لە (دیوانی نالی)دا کە لە لایەن مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) و (فاتیح عەبدولکەریم)ی کوڕیەوە لێکۆڵینەوە و لێکداونەوەی بۆ کراوە. بەداخەوە هەندێک جار، ئاماژە بە ناوی (فاتیح عەبدولکەریم) ناکرێت، پێم وایە ئەمە جگە لەوەی ناهەقییەکی زانستییە، نادیدە وەرگرتنی ئەو هەوڵ و ماندوبوونەشە کە ناوبراو لە هەندێک کاری ئەم دیوانەدا لە (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)ی باوکی زۆرتر ڕەنجی کێشاوە. بۆ نموونە لە چۆنێتی ئامادەکردنی دیوانەکەدا لە پێشەکییەکەیدا (فاتیح عەبدولکەریم) لە بابەتی (لێکدانەوەی پێویست)دا ئاماژە بە ئەرکی گرانی لێکدانەوە دەکات کە دەبێت بە شێوەیەک بێت لێکۆڵەر و لێکدەرەوە بگات بە (دڵنیابوون لەوەی کە ئەو قەسیدە یان غەزەلە هی ئەو خاوەن دیوانەیە و هی یەکێکی تر نییە.) تەنانەت هەستی بەوە کردووە کە نابێت لە کاری

ساغکردنەوەدا بە تەنها پشت بە نووسخە یان چەند نووسخەیەکی کەمی دەستنووس ببەسترێت، بۆیە پاش ئامادەبوونی ڕەشنووسی دیوانەکە لە لایەن (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)ی باوکیەوە، (فاتیح عەبدولکەریم) دەنووسێت (هەموویم خوێندەوە و سەرلەنوێ بە نووسخە چاپەکاندا ڕۆیشتمەوە، بەتایبەت چاپەکەی مامۆستا "عەلی موقبیل" و پاش ئەوەی چەند جارێک چوومە خزمەتی مامۆستای ئەدیب و زانا ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد مامۆستا "مەسعوود محەممەد" و بەرکولێکی بەردڵگرم سەبارەت بە نالی و هەست و چەشی نالی لە لا کرد، ئەوسا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە لێکۆڵینەوەی شیعری نالی کارێکی گەورەیە و بە پشتیوانی تەنها نووسخە لە چاپدراوەکان بە تەواوی ناگاتە ئەنجام. لەم ڕووەوە چوومە خزمەتی باوکم و لەگەڵی لە مەسەلەکە کۆڵیمەوە. بڕیارمان دا کارەکە ڕابگرین و دەست بکەین بە گەڕان بەدوای نووسخەی دەستنووسدا، بۆ ئەوەی هەموویان بەراورد بکەین و لەو بەراوردەدا نووسخەیەکی تا بکرێت پاکتر و وردتر ئامادە بکەین. باوکم تەواوکردنی کارەکەی لەسەر ئەم بناغەیە خستە ئەستۆی من. منیش بەم پێیە دەستم کرد بە کار و لە ماوەی بەراورد و لێکدانەوەدا قۆناغ بە قۆناغ دەچوومەوە لای باوکم و پێویستم بە هەر لێکدانەوەیەکی نوێ هەبووایە، یان هەر گیروگرفتێکم بهاتایەتە ڕێ، لێم دەپرسی.) ئەوەی ڕاستیش بێت هەر واشیان کردووە و لە پەراوێزی هۆنراوەی (شەوی یەڵدا)دا ئاماژەیان بە هەموو ئەو نووسخانە کردووە کە ئەم هۆنراوەیەیان بردووەتەوە سەر نالی شاعیر و لەگەڵ ئەو نووسخانەدا

بەراوردیان کردوون کە بە هۆنراوەی نالییان نەزانیوە و بە ناوی کوردییەوە تۆماریان کردووە، تەنانەت لە بەراوردکردنی دەستخەتەکاندا ئاماژەیان بە پاش و پێش و جیاوازی ژمارەی دێڕەکانیش کردووە و پاڵپشت بە حەوت دەستنووس هۆنراوەکەیان داوەتە پاڵ نالی، کە ئەم نووسخانەن:

یەکەم: نووسخەی (چر) کە مەبەست لە مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانییە (١٨٩٤-١٩٦٣)

دووەم: نووسخەی (چن) کە مەبەست لە مامۆستا مەلا عارفی چنگیانییە (١٨٨٧-١٩٦٧)

سێیەم: نووسخەی (گم) کە مەبەست لە گیو موکریانییە (١٩٠٣-١٩٧٧)

چوارەم: نووسخەی (مز) کە مەبەست لە محەممەد ئەمین زەکییە (١٨٨٠-١٩٤٨) لە لاپەڕەیەکی ئەم دەستخەتەدا مێژووی نووسینەوەی بە ١٩٠٤ نووسراوە.

پێنجەم: نووسخەی (خا) کە مەبەست لە شێخ موحەممەدی خاڵە (١٩٠٤-١٩٨٩) ئەم دەستخەتە ساڵی ١٩٠٤ نووسراوە.

شەشەم: نووسخەی (اح) کە مەبەست لە (مەلا ئەحمەد) ناوێکە، دەستخەتەکە ساڵی ١٩٠٠ نووسراوە.

حەوتەم: نووسخەی (عز) کە مەبەست لە مەلا عەزیز ڕێشاوییە.

ئەوەشیان نەشاردووەتەوە کە لە نووسخەی (ت)دا کە مەبەست لە (ڕەسوڵی حاجی ئەحمەدی توربەییە) و بە کۆنترین نووسخەی دەستخەتی تۆمارکراوەی ئەم هۆنراوەیە دادەنرێت و مێژووەکەی بۆ

ســاڵی ١٨٩٢-١٨٩٣ دەگەڕێتــەوە، هــەروەها بۆچــوونی (د. مــارف خەزنــەدار)یش، هۆنراوەکــە هــی مســتەفابەگی کوردییــە نــەک نــالی. تەنانـەت ئاماژەیـان بـەوەش کـردووە کـە لـەم حـەوت دەستخەتەشـدا جیاوازی هەیە و لە نووسخەکانی (چن) (گم) (عز)دا دوا دێڕ هاتووە و نـــاوی نـــالی خـــۆیی تێدایـــە و لـــەوانی تـــردا نـــەهاتووە. هەڵسەنگاندنیشیان بۆ جۆری هەر یەکە لـە نووسـخەکان کـردووە، بـۆ نموونە: نووسخەکانی (چر) و(چن) بە نووسخەی (تـەواو) و (چـاک) دەناسێنن، چونکـە لـە لایـەن دوو ئـەدیبی دیـارەوە نووسـراونەتەوە و هـەروەکو (فـاتیح عەبدولکـەریم) خـۆی دەنووسـێت (هـەر لـە زووەوە ناوبانگی شیعردۆستی و ئەدیبی ئەو دوو زاتەم بیستبوو. بێجگە لـەوە خۆم سالی ١٩٥٣ بە میوانی چووبوومە دێی چنگیان بۆ خزمەتی مەلا عـارف و بـۆم دەرکـەوتبوو کـەوا سـەرەڕای پایەبـەرزی لـە زانسـتە ئاینییەکاندا فارسیزانێکی وریا و ئەدەبدۆستێکی ورد و خەتخۆشـێکی نایابیشە.)

هۆنراوەکەی (کوردی)

شەوی یەڵدایە یان دەیجوورە ئەمشەو

کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو

دڵم وەک حاکمی مەعزووڵە قوربان

خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو

کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان

چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو

سروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ

جێگەم سەردارەکەی مەنسوورە ئەمشەو
دڵیش مائیل بە دیدەی تۆیە بۆیە
لە من وەحشی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
لە خەو هەڵساوی؟ یا ئاڵۆزە چاوت؟
هەمیشە وایە؟ یا مەخموورە ئەمشەو؟
لە دووریت وەکو بولوول دەناڵم
بە وەسڵت عالەمێ مەسroورە ئەمشەو
سوپای موژگان بە تیغی ئەبروانت
شکستەی فیرقە و تابوورە ئەمشەو
ئەگەر یاران دەپرسن حاڵی (کوردی)
لە کونجی بێکەسی مەهجوورە ئەمشەو

محەممەد مستەفا (حەمەبۆر) لە پەراوێزی ئەم شیعرە و لە دیوانی کوردیدا، سەبارەت بەو کەشکۆڵ و دەستخەتانەی کە پاڵپشتی لەوە دەکەن هۆنراوەکە هی مستەفا بەگی کوردییە دەنووسێت (ئەو سەرچاوە و دەستنووسانەی کە ئەم پارچە هەڵبەستەیان بە هی کوردی داناوە دە کەشکۆڵن ئەوانیش: عن، گل/١، گل/٦، گل/٩، ما، ما: نسخە، نن، نم/١، ر، دەستنووسێکی لای مامۆستا جەمال محەممەد کە دیار نییە کێ نووسیویەتی) هەر محەممەد مستەفا (حەمەبۆر) ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە شەش دەستنووسی تری لە لایە کە هۆنراوەکە دەدەنە پاڵ نالی، ئەوانیش نووسخەکانی (ف، ش، عق، ف/١، ق/٤، حم)ن. جگە لە دەستنووسەکەی لای مامۆستا

جەمال (کە دیار نییە چییە و چۆنە) با سەرنج لەو نۆ دەستنووسەی تر بدەین کە حەمەبۆر پشتی پێ بەستوون:

یەکەم: نووسخەی (عن) کە مەبەست لە دوو کەشکۆڵی دەستنووسی عەلی ئاغای نەوتچییە کە ١٨٧٨-١٨٩٥ نووسراونەتەوە.

دووەم: نووسخەی (گل/١) کە مەبەست لە کەشکۆڵی دەستنووسی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵەیی ١٨٦٥ نووسیویەتییەوە.

سێیەم: نووسخەی (گل/٦) کە مەبەست لە کەشکۆڵێکی تری دەستنووسی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵەیی ١٨٩٩ نووسیویەتییەوە.

چوارەم: نووسخەی (گل/٩) کە مەبەست لە کەشکۆڵێکی تری دەستنووسی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵەیی ١٨٩١ نووسیویەتییەوە.

پێنجەم: نووسخەی (ما) کە مەبەست لە کەشکۆڵی دەستنووسی محەممەد ئەسوەدە.

شەشەم: نووسخەی (ما: نسخە) کە مەبەست لە کەشکۆڵی دەستنووسێکی تری محەممەد ئەسوەدە.

حەوتەم: نووسخەی (نن) کە مەبەست لە کەشکۆڵی نووسراوی (پەرێشان)ی دەستنووسی نەجەمدینی مەلایە.

هەشتەم: نووسخەی (نم/١) کە مەبەست لە کەشکۆڵی نووسراوی (مینای شکستە) بەرگی/١کەمی دەستنووسی نەجەمدینی مەلایە کە لە ١٩٣٩ بۆ حەمەبۆری نووسیوەتەوە.

نۆیەم: نووسخەی (ر) کە مەبەست لە ئۆفسێتی کەشکۆڵی دەستنووسی مامۆستا مەلا ڕەسولی تۆربەیی کە لە ساڵی ١٨٩٢-١٨٩٤ نووسیویەتییەوە.

هەروەها ناوبراو ئەم دەستخەتانەشی لا بووە کە بە هۆنراوەی نالییان زانیوە:

یەکەم: نووسخەی (ف) کە مەبەست لە دیوانی شاعیر فیکری دەستنووسی (حەمەبۆر)ە لە ساڵی ١٩٤٠دا نووسراوە.

دووەم: نووسخەی (ش) کە مەبەست لە کەشکۆڵی دەستنووسی مەلا عەزیزی ڕێشاویە و حەمەبۆر لە مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی خواستووە.

سێیەم: نووسخەی (عق) کە مەبەست لە کەشکۆڵی دەستنووسی مامۆستا عەبدوڵڵای قزڵجی لە ساڵی ١٩٢٣دا نووسیویەتییەوە.

چوارەم: نووسخەی (ف/١) کە مەبەست لە کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاکردەڵێیە.

پێنجەم: نووسخەی (ق/٤) کە مەبەست لە کەشکۆڵی ئۆفسێتی مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغییە.

شەشەم: نووسخەی (حم) کە مەبەست لە کەشکۆڵی (پەڕاوی سەنگین و شەنگ)ی دەستنووسی حەمەبۆرە کە لە ساڵی ١٩٣٩دا نووسیویەتییەوە.

پاش خستنەڕووی هەردوو هۆنراوەکە و ئەو دەستنووسانەی کە پشتیان پێ بەستراوە، ئەم چەند خاڵە وەک ئەنجام دەخەمە ڕوو:

یەکـەم: لەگـەڵ بـەراوردکردنی ئـەو شـەش دەستنووسـەی لای حەمـەبۆرن و هۆنراوەکـە بـە هـی نـالی دادەنـێن لەگـەڵ ئـەو دەستنووسانەی کە لە دیوانەکەی نالیدا ئاماژەیان بۆ کراوە، سەرنج دەدەین کە هیچ لەو شەش دەستنووسە لەو حەوت دەستنووسە نین کە لای مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و فاتیحی کوڕین، بەمەش ئەو دەستنووسانەی کە بە هۆنراوەی نالی دادەنێن ژمارەیان دەبێت بە سیازدە دەستنووس و ئەو دەستنووسانەشی کە بە هی کوردی دەزانن ژمارەیان تەنها نۆ (بەوەی مامۆستا جەمالیشەوە ئینجا دە) دەستنووسە.

دووەم: ڕاستە مستەفا بەگی کوردی هەشت شیعری تری هەیە کە بە هەمان هەوای ئەم شیعرە نووسراون و کۆتایی هەر دێڕێکیشیان هەر بە وشەی (ئەمشەو) دێت، بەڵام نالیش بێبەش نییە لە هۆنینەوەی هۆنراوە بەو کێشەی کە ئەم شیعرەی پێ نووسراوە.

سێیەم: ژمارەیەک لەو دەستنووس و کەشکۆڵانەی کە حەمەبۆر پشتی پێ بەستوون، لە لایەن یەک کەسەوە نووسراونەتەوە، بۆ نموونە: لەو نۆ نووسخەیەی کە خاوەنی هۆنراوەکەیان بۆ کوردی گەڕاندووەتەوە، دووانیان هی نەجمەدینی مەلا و سیانیان هی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵەیی و دووانی تریشیان هی محەممەد ئەسوەدە. بەڵام هەریەک لەو نووسخانەی کە (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) و (فاتیح عەبدولکەریم) پشتیان پێ بەستووە، هەریەکەیان لە لایەن کەسێکی جیاوازەوە نووسراوە و دووبارەبوونەیان تێدا نییە. تەنانەت ئەو شەش نووسخەیەی کە لای حەمەبۆریشن و بە هۆنراوەی نالی دەزانن، دیسانەوە دووبارەبوونەوەیان تێدا نییە و لە لایەن کەسی جیاوازەوە نووسراونەتەوە.

پەراوێز و سەرچاوەكان:

(١) ئەم لێكۆڵینەوەیە لە (شەونامەی چلە)، ژمارە ٣ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٠ بڵاوكراوەتەوە.

(٢) دیوانی نالی، لێكۆڵینەوەو لێكدانەوەی: مەلا عبدلكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەی كوردستان، سنە، ١٣٨٠

(٣) دیوانی كوردی، لێكۆڵینەوەی: محەممەد مستەفا (حەمەبۆر)، بەرگی یەكەم، بڵاوكراوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١٠